# گوڵان

ـەم (١٤٤١)- (٢)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٤




ئەزموونەکانی پێشتری پێکهێنانی حکومەت سەلماندوویانە کە شێوازی پیادەکردنی تەوافوقی سیاسی و پەنجا بە پەنجا شکستی هێناوەو چیتر بۆ پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێم گونجاو نین

لەم قۆناغەدا پێویستمان بەوەیە هەموو لایەنەکان بەرگی حزبی فڕێ بدەین و پێکەوە بەرگی کوردستانیبوون بپۆشین و هەوڵەکانمان یەک بخەین و حکومەتێکی بەهێز پێک بهێنین

بەشداربوونی خەڵک بەڕێژەی ٧٢٪ لە پرۆسەی دەنگداندا مانای ئەوەیە خەڵکی کوردستان ئومێدیان بە هەڵبژاردنە و نابێت بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بگاتە ئەو ئاستەی چرای ئەو ئومێدە بکووژێنێتەوە

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان

# پابەندبوون بە ئیستحقاقی ئاکامی هەڵبژاردن

# ڕێزگرتنە لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز




# دامەزراندنی لیژنەیەک بۆ پرۆسەی چاکسازی لە ١٩ی نیسانی ٢٠١١

١٣٩

دوای چەندان ساڵ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، پێویست بوو کاروبارو چالاکیی چەند ساڵی ڕابردووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسەنگێندرێت و پێیاندا بچنەوە. گلەیی هاووڵاتییانم بەدەست دەگەیشتن و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش دەیانەویست کەموکووڕییەکان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بقۆزنەوە، لەبەر ئەوە و بە مەبەستی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی حکوومەت لە لایەک وەڵامدانەوەی ویست و داواکانی هاووڵاتیان لەلایەکی ترەوە، ڕۆژی ١٩ی نیسانی ٢٠١١ لیژنەیەکی تایبەت بە سەرپەرشتیی دکتۆر فواد حوسێن بە بڕیاری ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١١ی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێک هات کە بریتی بوون لە: دادوەر ئازاد عێزەدین مەلافەندی، دکتۆر محەمەد عومەر مەولود، دادوەر محەمەد عەزیز ئیسماعیل، دادوەر عوسمان یاسین عەلی، دادوەر نادر عەبدولعەزیز، دکتۆر محەمەد سەلمان محەمەد، ئەندازیار تارق حوسێن سلێمان، ئەندازیار ڕزگار عوبێد عەبدولڕەحمان، دکتۆر محەمەد شوکری، دکتۆر ئۆمێد سەباح، مامۆستا ئومێد محەمەد ئەسوەد و مامۆستا عەلی عادل محەمەد.

بەڵام زۆری نەخایاند، بەداخەوە دایکم نەخۆش کەوت و شەو و ڕۆژ لە خزمەتیدا بووم و بەدواداچوونی باری تەندروستییم دەکرد و بەڕاستی دەرفەتی چاودێری و بەدواداچوونی هیچ کارێکم نەما. ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ٢٠١١ وەفاتی کرد. وەفاتی دایکم یەکێک لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو کە هەرگیز لە یادم ناچێت. مرۆڤ چەندە بەتەمەنیش بێت، بەڵام ئەگەر دایکی مابێت هەر خۆی بە منداڵ دەزانێت. دایکم کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەرم هەبوو و وەفاتەکەی زۆر کاری تێ کردم؛ بە جۆرێک هەتا ماوەیەک دوای وەفاتی لە دۆخێکی گونجاو و ئاسایی نەبووم کە بتوانم وەک پێشوو بەدواداچوون بۆ کاروبارەکان بکەم. لە کاتی دەستپێکردنەوەی ئەرکەکانم، یەکەم پرسیارم لەسەر بابەت و پرسی چاکسازییەکان بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە بۆم دەرکەوت کە پرۆسەی چاکسازی ئەرک و کارێکی ئاسان نییە، دژایەتییەکی بێسنووری پرۆسەکە دەکرا و کۆسپ و ئاڵنگاریی بۆ دروست دەبوو، بە جۆرێک کە ئەو پرۆسەیە وێنەی شەڕێکی تەواوی وەرگرت. ئەوەی ڕاستی بێت، خەڵکی هەژار و دەستکورت و پێشمەرگە بە تەواوی پشتگیری و پاڵپشتی پرۆسەکەیان کرد، بەڵام زۆربەی خاوەن بەرژەوەندی و دەسەڵات و پلە و پایەکان کەوتنە دژایەتیکردنی پرۆسەکە، لەگەڵ ئەوەشدا کاری باش و گەورە کران، بەڵام ئەوەی من مەبەستم بوو و داوام دەکرد نەکرا.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان

# پابەندبوون بە ئیستحقاقی ئاکامی هەڵبژاردن
# ڕێزگرتنە لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز

"لەم قۆناغەدا پێویستمان بەوەیە هەموو لایەنەکان بەرگی حزبی فڕێ بدەین و پێکەوە بەرگی کوردستانیبوون بپۆشین و هەوڵەکانمان یەک بخەین و حکومەتێکی بەهێز پێک بهێنین"

"ئەزموونەکانی پێشتری پێکهێنانی حکومەت سەلماندوویانە کە شێوازی پیادەکردنی تەوافوقی سیاسی و پەنجا بە پەنجا شکستی هێناوە و چیتر بۆ پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێم گونجاو نین"

"بەشداربوونی خەڵک بەڕێژەی ٧٢٪ لە پرۆسەی دەنگداندا مانای ئەوەیە خەڵکی کوردستان ئومێدیان بە هەڵبژاردنە و نابێت بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بگاتە ئەو ئاستەی چرای ئەو ئومێدە بکووژێنێتەوە"



# ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان

پێش ئەوەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی تانەی لایەنە سیاسییەکان بداتەوە و ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکات، بازنەی گفتوگۆ لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ بڕیاری دا، پرسی «ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم» بکاتە ناونیشانی بیست و سێیەمین گفتوگۆ و، نوێنەری سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن و نوێنەری پێکهاتە جیاوازەکان بانگهێشت بکات، بۆ ئەوەی گەنگەشەیەکی کراوە و بەرپرسیارانە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە نیشتمانییە بکەین، کە پەیوەندیی بە ئایندە و چارەنووسی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

ئامانجمان لەم گفتوگۆ کراوەیە، وێڕای پێکەوە کۆکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر پرسێکی نیشتمانیی گرنگ، لە هەمان کاتدا مەبەستمان بوو، ڕای گشتی لە چەند ڕاستییەکی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان ئاگادار بکەینەوە، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

١- لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤، بۆ یەکەمین جار بوو، لە گفتوگۆیەکی کراوەدا و لە ڕەهەندی بیروبۆچوونی سیاسیی جیاوازەوە، جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە دەبێت لەبەرچاوگرتنی «چارەنووس و ئایندەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە سەرووی دابەشکردنی کێکی دەسەڵاتەوە سەیر بکرێت»، بۆیە ئەم هەنگاوە بۆ بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە دەستپێشخەرییەکی نیشتمانی لە قەڵەم دەدرێت و دەستخۆشییان لێ دەکەم و، سەلێمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی پرانسیپی «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە و کۆتاییهێنان بە کاری نایاسایی»دا هەنگاو بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم هەڵدەگرێت.

٢- لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا، خەڵکی کوردستان بە ڕێژەی ٧٢ ٪ بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کردووە و دەنگیان بە حزبە سیاسییەکان داوە، بۆیە مەبەستمان بوو ڕای گشتی لەوە ئاگادار بێت، کە تاچەند حزبە سیاسییەکان ڕێز لەو بەشدارییە گەورەیەی هاوولاتیان دەگرن، بەڵام بەداخەوە، وەك دەبینین، هەندێك حزبی سیاسی لەبەر بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی ئەو ئیرادە گەورەیەی گەلی کوردستان نابینێت و نایەوێت، لەسەر ئەو نەخشە ڕێگەیە بڕوات، کە ئەو ئیرادەیە بۆ پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی دایڕشتووە.

٣- کوردستان و قۆناغەکە وامان لێ دەخوازێت لە دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن، هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان گوتاری بانگەشەی هەڵبژاردن جێبهێڵن و چاویان ئەو شەڕ و ئاڵۆزیانە ببینێت کە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، جیا لەو شەڕە کراوەیەی ئیسرائیل و حەماس، ئیسرائیل و حزبوڵڵا، هاوکات پاشکۆکانی هەردوو ڕێکخراوی تیرۆریستیی «ئەلقاعیدە و داعش» هێرشی فراوانیان لە سووریا دەست پێکردووەتەوە و گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ناوچەی بەرفراوانی وەك شاری «حەلەب» داگیر بکەن، لە عێراقیش زۆر باش خۆیان ڕێك خستووەتەوە و بە دوور نازانرێت، هەمان سیناریۆی ساڵی ٢٠١٤ی تیرۆریستانی داعش دووبارە ببێتەوە، بۆیە لەناو ئەم هاوکێشە گڕگرتووەدا، مەبەستمان بوو ڕای



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

گشتی لەوە ئاگادار بکەینەوە، بەوەی پێویستە گوشار بخەنە سەر تێکڕای حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی پەلە لە پێکهێنانی کابینەی داهاتوو بکەن و، خۆیان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە ترسناکەدا بکەین و پڕیشکی ئەم ئاگرە لە کوردستان دوور بخەینەوە.

لە ناو ڕاپۆرتی ئەم جارەدا کە لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا لەبەر دەستە، جیا لە بۆچوونە جیاوازەکانی ئامادەبووانی بازنەی گفتوگۆ، لە هەمان کاتدا بیربۆچوونی جیاوازی دەستەبژێری هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان کە قسەیان بۆ ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی بازنەی گفتوگۆ کردووە،بڵاو کراوەتەوە، لێرەدا هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوونە جیاوازانە بۆ خوێنەران بەجێ دەهێڵم و ئاماژە بە لایەنێکی دیکەی بارودۆخی کوردستان دەکەم، کە لە ئێستادا بە هۆی ململانێی ناتەندروستی حزبییەوە داپۆشراوە.

هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار لەسەر ئاستی «عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»دا تێدەپەڕێت، لەم قۆناغەدا وەك سەرۆك بارزانی لە کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵات لە زانکۆی ئەمریکی کوردستان-دهۆك (MEPS) ئاماژەی پێ کرد، «ئەگەر بڕوامان بە خۆمان نەبێت و، ئامادە نەبین بۆ هەموو فیداکارییەك، کەس ناتوانێت هیچمان بۆ بکات»، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا خۆمان وەك هەرێمی کوردستان چۆن بوونمان دەبێت، چۆن شکۆمان دەبێت، چۆن دەتوانین خۆمان بپارێزین؟ بێگومان تەنیا ڕێگە لە بەردەمماندا ئەوەیە کە دەبێت جیاوازییە سیاسی و حزبییەکانمان پێکەوە کۆبکەینەوە و بیکەینە خاڵی بەهێز و، ئەم هێزە لە چوارچێوەی «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە، کۆتاییهێنان بە کاری نایاسایی»دا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

ئەگەر بە دیدێکی نیشتمانییانەی دوور لە تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی و، لە خوار بەرژەوەندیی باڵای گەل و نیشتمانەوە دووبارە پێناسەی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەینەوە، ئەوا خاڵی هاوبەشی کۆی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتری، زۆر زیاترە لەو خاڵانەی کە لەسەری ناکۆکن، بۆیە دەکرێت خاڵە هاوبەشەکان بکەینە نەخشەڕێگەی یەکڕیزی و یەکگوتاری و، لە پێناوی ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵك و دەنگەکانیان، پەلە لە دووبارە پێکهینانەوەی دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان و پەلە لە پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، تاکو هاونیشتمانیان هەست بکەن بە بەشدارییان لە پرۆسەی دەنگدان بەشێکی گرنگ و کاریگەرن لە دارشتنەوەی پرۆسەی سیاسی و، ئەمەش جۆرێکە لە بنیادنانی ئومێد و متمانەی گشتی، کە دەشێ بنەما بن، بۆ دەیان ئەرکی دیکە لە پێناو نیشتماندا.

لە هەرێمی کوردستان، ئەزموونێکی جوانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان هەیە و جێگەی شانازیی هەمووان و، جێی سەرنجی دونیای دەرەوەیە، کە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا جوگرافیایەکی ئارام و هێورە بۆ پێکەوەژیان. ئەم ڕواڵەتە سیاسی و جوگرافیا ئارامە، ئەرکێکی دیکە بۆ سەرشان و مێژووی سیاسیی هەمووان زیاد دەکات، کە بەرژەوەندییەکانی کوردستان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوە ببینین و بەشێك بین لە بەردەوامیی گەشەی زیاتری ئەم سەکۆی پێکەوە ژیانە.

بیست و سێیەمین بازنەی گفتوگۆ

# ئەگەرەكانی پێكهێنانی كابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی كوردستان



ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤، بازنەی گفتوگۆ بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەی تایبەت بە پرسی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەڵوەستەکردن لەسەر بژێوی و خواستەکانی خەڵك، بیست و سێیەمین گفتوگۆی ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ «شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد» ئامادە بوون، زۆر بە چڕی گفتوگۆ لەسەر چەندین پرسی تایبەت بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق، تاوتوێ کران، بەڵام سەرەنجام کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، بیست و سێیەمین گفتوگۆ بۆ «ئەگەرەکانی پێکهینانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان» تەرخان بکرێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- پێکهێنانی کابینەی دەیەم لەسەر بنەمای «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە، کۆتاییهێنان بە کاری نایاسایی» دەبێتە بناغەیەکی پتەو و ئایندەیەکی گەشی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و، دووبارە بونیادنانەوەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نێوماڵی کوردستان، بۆ ئەوەی ئامادەکارییەکی دروست بکەین، بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەسەر ئەو بارودۆخەی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە کە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە.
- پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز لەسەر ئەو ژێرخانە پتەوەی لە کابینەی نۆیەمدا بۆی بونیاد نراوەتەوە، دەبێتە فاکتەرێك بۆ بەردەوامیی کاروانی ئاوەدانی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و وەڵامدانەوەی خواست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان.
- چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، پێویستی بەوەیە پەلە لە پێکهێنانی کابینەی دەیەم بکرێت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بکرێن، لە سەرووی هەمووشیانەوە چارەسەرکردنی کێشە داراییەکان، کە خۆی لە دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستاندا بەرجەستە دەکات.

بۆ دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆکە، کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات و ڕا و بۆچوونی دەستەبژێر و چاودێرانی سیاسیی هەموو ناوچەکانی کوردستان وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی گفتوگۆکە لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان نمایش بکرێت، بۆ ئەوەی ژینگەی گفتوگۆکە لەگەڵ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان پێکەوە گرێ بدرێنەوە، ئەم بەڕێزانە بانگهێشت کران، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکەدا بەشداری بکەن:

١. دیندار دۆسکی، سیاسەتمەدار و وەزیری پێشووی حکومەتی عێراق.
٢. عارف ڕوشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی – پ.د.ك-.
٣. غەفوور مەخمووری، سکرتێری گشتیی – ی . ن .د . ك- بە ڕێگەی سکایپ.
٤. مەیادە نەجاڕ، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق.
٥. ئازاد کوورەچی، پەرلەمانتاری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.
٦. زیرەك کەمال، ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.
٧. د.یوسف سماقولی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی – ح.س.د.ك- .
٨. د. سەربەست نەبی، شرۆڤەکاری سیاسی و مامۆستا لە زانکۆی کۆیە.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ

« شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حوسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد».



ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوکۆ

# ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان



پرسی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك خەمێکی نیشتمانی پەیوەستە بە ژیانی رۆژانەی خەڵك و جێبەجێکردنی خواست و داواکاری و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەلایەن حکومەتەوە، بۆیە ئەم پرسە گرنگە، حزبە سیاسییەکان دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی گەورە بۆ ئەوەی رێز لە ئیرادەی ئەو خەڵکە بگرێت، کە بە ئومێدەوە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان تا پەرلەمانی کوردستان دووبارە دابمەزرێتەوە و دەست بە کاروباری یاسادانان و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت بکاتەوە. بۆ ئەم گفتوگۆیە «ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان»، بازنەی گفتوگۆ راپۆرتێکی مەیدانیی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە و تیایدا راوبۆچوونی کۆمەڵێك ئەکادیمیست و شرۆڤەکار و چاودێری سیاسیی وەرگرتووە و، پێش ئەنجامدانی گفتوگۆکە بۆ ئامادەبووانی گفتوگۆکە لەسەر سکرین نمایش کرا، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە کە وەك رایەڵەیەك رای گشتیی شەقام و ژینگەی گفتوگۆکە بە یەکەوە گرێ بدەینەوە، لەم راپۆرتەدا سێ پرسیار لە بەشداربووان کرابوو، کە بریتی بوون لە:

١- ئایا پێشبینی دەکەیت کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن زوو پێکبهێنرێت، یان کاتێکی زۆری پێدەچێت؟

٢- ئایا حزبە سیاسییەکان لە دانوستانەکانیان بۆ پێکهێنانی حکومەت پێداگری لەسەر بەرژەوەندیی خەڵك، یان لەسەر بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان دەکەن؟

٣- تا چەند دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی دەیەم دەرهاویشتەی خراپی لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبێت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بەشداربووان بەمجۆرە دیدوتێڕوانینی خۆیان سەبارەت بە ئەگەری سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم خستە ڕوو.



### نەجات ڕۆستی مامۆستای پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی:

# ئەگەر حزبەکان ڕێز لە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بگرن، بە زوویی کابینەی دەیەم پێکدەهێنرێت

○○○

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بە جۆرێکە کە هیچ لایەنێکی سیاسی ڕێژەی «٥٠+١»ی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست نەهێناوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە تەنیا بژارە بۆ ئەوەی کابینەی داهاتووی حکومەتی کوردستان بە خێرایی پێکبهێنرێت، کە چاوەکان هەمووی لەسەر دانوستاندنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ـە بۆ ئەوەی زوو ڕێك بکەون و پەلە بکەن لە پێکهێنانی کابینەی داهاتوو، هەروەها دەکرا وەك کابینەی نۆیەم براوەی سێیەمیش دانوستاندنی لەگەڵ بکرێت و بەشدار بوایە لە کابینەی داهاتوو، بەڵام ئەوان خۆیان ڕایانگەیاندووە و مەرجیان داناوە کە بەشداریی حکومەت ناکەن، بۆیە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن پارتی و یەکێتی زوو نەگەنە ڕێککەوتن و کەمێك پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو دوا بکەوێت.



لە ئێستادا هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك کێشەی هەیە، لە سەرووی هەموویانەوە بۆشایی یاساییە کە لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی کوردستان دروست بووە، بۆیە لە ئێستادا پێویستمان بەوەیە کە حکومەتێکی تازە بە زوویی پێکبهێنن بۆ ئەوەی پەرلەمان شەرعییەتی بداتێ. لەلایەکی دیکەوە، دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت گۆڕانکاری لە هەیکەلییەتی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتدا بکرێت، لەمەش زیاتر ئەگەر حکومەتێکی تازە پێکبهێنرێت، بە شێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ بەغدا دەکات و کێشەکان ئاسانتر چارەسەر دەکرێن.

ئامانجی خەڵك کە دەچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگ بەم حزبانە دەدات، بۆ ئەوەیە بە زوویی حکومەت پێکبهێنن و حزبەکان بە سیاسەتەکانی ڕابردووی خۆیاندا بچنەوە و، هەڵەکانی پێشتر دووبارە نەکەنەوە، حکومەتێك پێکبهێنن کە توانای ئەوەی هەبێت، خزمەتگوزاری دابین بکات و خزمەتی کاروباری ڕۆژانەی خەڵك بکات.

هەر بۆیە ئەگەر حزبەکان بتوانن بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی کوردستان بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی حزبیی خۆیانەوە، ئەوا بە ئاسانی و بە خێرایی دەتوانن حکومەت پێکبهێنن، بەڵام ئەگەر هەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبییەوە پێداگری لەسەر پلەو پۆست و بەرژەوەندیی خۆیان بکەنەوە، ئەوا حکومەت دوادەکەوێت و بە ئاسانی پێکناهێنرێت.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخە نائاساییە کە شەڕ و کاولکاری ناوچەکەی گرتووەتەوە و ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان بەشێکین لەم ناوچەیە و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە مەترسی بەدوور نابێت، بۆیە گرنگە حزبەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و لەم بارودۆخە هەستیارەدا هەوڵەکان یەك بخەن، بۆ ئەوەی بتوانن حکومەتێکی پتەو و بەهێزیی ئەوتۆ پێکبهێنن، کە بتوانێت بەرگری لە مافەکانی خەڵکی بکات و بتوانین یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کوردی بپارێزین.

د.محەمەد عامر مامۆستای زانکۆی دهۆک :

# ئەو پارتەی نەیهێشت گوتاری پۆپۆلیستی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئاشتی کۆمەڵگە تێکبدات، هەر ئەو پارتە کابینەی دەیەم پێکدەهێنێت

○○○

بە دید و تێروانینی من ئەو پارتەی کە نەیهێشت گوتاری پۆپۆلیستیی ناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستاتدا تێك بدات، هەر ئەو پارتە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام پرۆسەی دانوستاندن بۆ ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت ئاسان نابێت و زەحمەت دەبێت.

لەو وڵاتانەی سیستمی فرەحزبییان هەیە و پێکهێنانی حکومەت پێویستی بە هاوپەیمانی نێوان لایەنە سیاسییەکان هەیە، هەتا ئەوانەشی پێشکەوتوو و سەقامگیریشن، گەیشتن بە هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت کاتێکی زۆری دەوێت، هەر بۆیە ئەگەر بارودۆخی کوردستان بەراورد بکەین کە پرۆسەی دیموکراتیی زۆر باش ڕەگی خۆی لە ناو کۆمەڵگە و سیستمەکە دانەکوتیوە، ئەوە پرۆسەکە زۆر زەحمەتتر دەبێت، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن خۆیان بە گوتاری تێکدان و پۆپۆلیستی نمایش دەکرد، ئەوانە دەبنە ئاستەنگ و ڕێگە نادەن بە زوویی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی ٣٩ کورسیی پەرلەمانی کوردستانە لە کۆی ٩٥ کورسی و ڕێژەی ٤٣٪ی دەنگەکانی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستانی بەدەست هێناوە، بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە لەسەر بنەمای پرانسیپ و ستراتیژیەتی «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» هێڵی سووری لەگەڵ هیچ لایەنێك نییە و ئامادەیە دانوستاندن دەست پێبکات و هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم بکرێت، بۆ ئەمەش شاندی پێکهێناوە سەردانی هەموو ئەو لایەنە سیاسییانە دەکات کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا سەرکەوتوو بوون.

بە هەرحاڵ ئەگەر حزبە سیاسییەکان ئامانجیان بێت وەڵامی خواست و داواکاریی خەڵك بدەنەوە، ئەوا دەبێت لە ئاستی بەرپرسیاریدا بن و حکومەتێکی بەهیز پێك بهێنین کە بەردەوام بێت لەسەر پرۆژەی چاکسازی و بونیادنانەوەی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ هاووڵاتیانی کوردستان.



خاڵێکی دیکەی گرنگ کە لە بەرنامەی هەڵبژارندا پارتی دیموکراتی کوردستان جەختی لەسەر دەکردەوە، ئەوە بووە کە دەبێت کاری یەکەمی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان «نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان» بێت، بێگومان نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستاندا کەموکورتییەکی گەورەیە و دەبێت ئەو کەموکورتییەش پڕبکرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هەڵوەستە لەسەر پرانسیپی و ستراتیژیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەینەوە، دەبینین ئەم پرانسیپانە هەمووی خواستی خەڵکی کوردستانە و هەموو هاووڵاتییەك دوای «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» و بوونی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دەکات.

پێداگریی لەسەر ئەم خاڵانە کە هیچ لایەنێکی سیاسیی ناتوانێت بە ئاشکرا ڕەتیان بکاتەوە، خزمەتێکی زۆر گەورە بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دەکات و کوردستانیش بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر دەبات.



د. ئەمیر ماموٚستای زانکوٚ لە هەولێر:

# ئەگەر بەرژەوەندیی تەسکی حزبی ببێتە هوٚکاری ئەوەی کابینەی دەیەم زوٚر دوا بکەوێت، هەرێمی کوردستان تووشی گرفتی زوٚر گەورە دەکات



د.ئازاد عەبدولعەزیز ماموٚستای زانکوٚ:

# دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی دەیەم کێشەکان لەسەر یەکتری کەڵەکە دەکات و پاشان چارەسەریان ئەستەم دەبێت

پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوای پەسەندکردنی فەرمیی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە، لە چوارچێوەی پەیڕەوکردنی پرانسیپەکانی سیستمی دیموکراتی کارێکی زۆر قورس نییە، لەبەر ئەوەی دوای یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی تازە، لایەنی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان هەوڵەکانی خۆی چڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی « ٥٠+١» دروست بکات و پێشکەش پەرلەمانی بکات، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەو هاوپەیمانییە ڕابسپێرێت، لەو ماوەیەی بۆ دیاری کراوە، کابینەکەی خۆی پێشکەشی پەرلەمان بکات، هەتا متمانەی پەرلەمان وەربگرێت. بەڵام لە هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆسەیە لەسەر ئەم پرانسیپە بەڕێوە ناچێت و، بەداخەوە شێوازی دانوستانەکان مۆرکی سازش و تەوافقی حزبیی تێدەکەوێت، بۆیە ئەم پرۆسەیە سەخت دەبێت و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووش دوا دەکەوێت، هەتا خواستە حزبییەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن. جێگەی نیگەرانییە هەموو حزبە سیاسییەکان لە میدیاکانەوە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە بەرژەوەندیی باڵای خەڵك لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، بەڵام کە بە کردەیی سەیری دەکەین، دەبینین پێچەوانەکەی ڕاستە.

بۆ ئێستای بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە ڕاستی لە کوڵاندایە و لەسەر لێواری تەقینەوەیە، دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو گرفتی زۆر گەورە لە ڕووی «سیاسی، ئابووری و دیپلۆماتی» بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات. بۆیە گرنگە حزبەکان هەست بە بەرپرسیاریەتیی ئەم قۆناغە بکەن و زوو ڕێك بکەون و حکومەت پێکبهێنن، بۆ ئەوەی کوردستان بتوانێت مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئێستای بارودۆخی ناوخۆ و ناوچەکەش بکات.

دوو هۆکاری سەرەکی وادەکەن کە پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوابکەوێت:

یەکەمیان: حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت، بەشداریی حکومەت بکەن و دانوستاندیان لەگەڵ دەکرێت، نایانەوێت بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن و ئەو کورسییانەی بە دەستیان هێناوە، بەشداریی حکومەت بکەن و بە زوویی کۆتایی بێت، بەڵکو پێداگری لەسەر داواکاریی زۆر زیاتر دەکەن، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانرێت بە زوویی حکومەتەکە پێکبهێنرێت.

دووەمیان: لەساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقمان لە پێشە، بەشێك لەو حزبانە دەیانەوێت درێژە بەو گوتارە پۆپۆلیستییەی سەردەمی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بدەن، بۆ ئەوەی دەنگ کۆبکەنەوە و لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگەکانیان کەم نەکات، ئەمەش پێویستی بەو ژینگە نالەبارە هەیە، کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بینیمان.

هەر بۆیە ئەم دوو هۆکارەی کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان، زاڵکردنی بەرژەوەندیی تەسکی حزبییە بەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستاندا، بۆیە لەم ساتەوەختەدا گرنگە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە گوشار بخرێتە سەر حزبە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستان لەبەر چاو بگرن و، دەستبەرداری بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بن و، هەوڵەکان یەك بخەن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری مووچە و بژێوی و کێشەکانی خەڵکی کوردستان بکات.

بەڕاستی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، گرفتی گەورە بۆ خەڵك و هەرێمی کوردستان دروست دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کێشەکان بە کێشەکانی هەرێمیش لەگەڵ بەغدا لەسەر یەکدی کەڵەکە بن و نەتوانین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.



### ڤەمان فەیسەڵ چاودێری سیاسی:

# ئاستەنگ دروستکردن بۆ دواخستی پێکهێنانی کابینەی دەیەم بێڕێزیکردنە بە ئیرادەی ٧٢٪ی خەڵکی کوردستان

○○○

هەروەك چۆن ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ برەوپێدانی دیموکراسی و دووبارە پێدانەوەی شەرعییەت بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانە، بە هەمان شێوە پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز لە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و، حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەبێت ڕێز لە ئیرادەی ئەو خەڵکە بگرن کە ڕێژەی ٧٢٪یان چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و، ئەگەر هەر حزبێك هەوڵ بدات ئاستەنگ بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم دروست بکات، ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان ناگرێت و خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەیان دەکاتەوە «ئەگەر ڕێز لە ئیرادە و دەنگی ئێمە ناگرن، بۆ داوامان لێدەکەن بچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان؟» بۆیە ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵك متمانەی بە پرۆسەی هەڵبژاردن نەمێنێت و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو تۆڵەی خۆی لە حزبە سیاسییەکان بکاتەوە.

سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم، وای دەبینم ئەم پرۆسەیەش وەك بەڕێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەرم و لەسەرخۆ بێت. پارتی دیموکراتی کوردستان کە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانە و پرۆسەی دانوستانەکانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو دەستپێکردووە، سازش لەسەر ئەو پرانسیپانە ناکات کە لە پرۆسەی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ دەکردن، ئەویش بریتی بوو لە «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە»، لە بەرانبەریشدا حزبەکان داواکاریی زۆر زیاتر لە ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆیان دەکەن، بۆیە کاتێکی باشی دەوێت، هەتا دەگەنە ڕێککەوتن، بەڵام سەرەنجام هەر ئیرادەی خێر سەردەکەوێت، هەروەك لە هەڵبژاردنەکاندا ئیرادەی بەردەوامبوونی کاروانی ئاوەدانی و ژیان گوزەرانی خەڵك و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کورستان بە سەر دروشمی حزبەکانی دیکەی پۆپۆلیستدا سەرکەوت، کە داوای ڕووخانیان دەکرد.

د.ئومێد سەید ساڵح چاودێری سیاسی:

# بێجگە لە دروشمەکانی پارتی، حزبەکانی دیکە دروشمەکانیان هەڕەشە بوو لە کۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستان

○○○

بەر لەوەی باس لە پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، دەخوازم باس لە گرنگیی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و جەخت لەسەر گرنگیی ئەم هەڵبژاردنە بکەمەوە. هەڵبژاردنی ئەمجارە دوای دواکەوتنی دوو ساڵ و هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، لە ساتەوەختێکی هەستیار و لە ناوچەیەکدا کە بە بارودۆخێکی ئاڵۆز و شەڕدا تێدەپەڕێت، بۆیە خۆی لە خۆیدا هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ساتەوەختێکی هەستیار و ناسک و سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنیش بەو سەرکەوتووییەی بینیمان، ئەوە بە هەنگاوێکی بوێرانە هەژمار دەکرێت و فەزڵەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەك گەورەترین پارتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بەرپرسیارانە شانی دایە بەر و نەیهێشت گوتاری پۆپۆلیستییانە و تێکدەرانەی ناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئاشتی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان تێك بدات، بۆیە بەڕاستی ئەمە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەورە بوو.

سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەزندەی من حکومەتی داهاتوو بە خێرایی پێك ناهێنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە حزبەکان لە قەوارەی ئەو دەنگ و کورسییانەی هێناویانە زیاتر داواکاری دەکەن، ئەمەش پرۆسەکە قورس دەکات و ماوەیەك دەخایەنێت، هەتا ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی کابینەی دەیەم دەکرێت.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوەی بۆ دروشمی حزبە سیاسییەکان لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کوردستاندا، دەبینین بێجگە لە دروشمەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بانگەشەی بۆ بەردەوامیی کاروانی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی هاوولاتیان دەکرد، حزبەکانی دیکە دروشمەکانیان بریتی بوون لەوەی کە هەڕەشەیان لە کۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستان دەکرد و دەیانگوت «دەیرووخێنین، ڕای دەگرین و...هتد»، بەڵام ئاکامی متمانەی خەڵکی کوردستان بەو حزبانە دەری خست، کە ئەو حزبانە قەوارەیان هێندە گەورە نییە، تا بتوانن دروشمە شەڕانگێزییەکانیان جێبەجێ بکەن.

بۆیە گەلی کوردستان زۆرترین متمانەی دایە پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەناو گەرمەی پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەسەر زاری سەرۆك بارزانی بانگەشە بۆ «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» دەکرا. لە پێکهێنانی کابینەی دەیەمیشدا وێڕای تایبەتمەندیی بارودۆخەکە کە بەرەو هەڵبژاردنێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەنگاو هەڵدەگرین، هەروەها دانوستاندن لەگەڵ داواکارییە زۆرەکانی حزبە سیاسییەکان دەکەین، بەڵام سەرەنجام هەر ئیرادەی خێری سەرۆك بارزانی سەر دەکەوێت و حکومەتێکی بەهێز لەسەر بنەمای «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» پێکدەهێنرێت، ئەم حکومەتە بەهێزە دەبێتە فاکتەرێکی گرن بۆ سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراقیش، بۆیە وەك بینیمان بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی هەر دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، سەردانی هەرێمی کوردستان کرد و دوای ئەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی و لایەنە سیاسییەکان کۆبوونەوەی کرد، داوای کرد زۆر گرنگە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە زوویی پێکبهێنرێت.





## دیندار نەجمان دۆسکی

سیاسەتمەدار و وەزیری پێشووی حکومەتی عێراق:

# لە پێکهێنانی کابینەی دەیەمدا گرنگە ڕەچاوی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بکرێت، ئەگەرنا هیچ بەهایەک بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و ئیرادەی دەنگدانی خەڵکی کوردستان نامێنێتەوە

دیندار نەجمان دۆسکی، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستان و، ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراقیش بووە لە ساڵی ٢٠٠٥، لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٠ – ٢٠١٤ وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراق بووە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، زۆر بە وردی ئاماژەی بە لایەنی یاسایی پێکهێنانی کابینەی دەیەم کرد و لە هەمان کاتیشدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت واقیعی سیاسیی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت و، بەم جۆرەش بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.

سوپاسی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە لەسەر ئەم پرسە گرنگە «سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی کوردستان» ئەم گفتوگۆ گرنگەی ڕێك خستووە و ئێمەشی بانگهێشت کردووە.

سەرەتا دەخوازم لە گرنگیی هەڵبژاردنەکانیخولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەست پێ بکەم. ئەم هەڵبژاردنە زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی لە بارودۆخێکدا ئەنجام درا، کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری دادگای فیدراڵی هەڵوەشێندرابووەوە، بۆیە بە پلەی یەکەم ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەوە بوو، ئەو بۆشاییە یاساییە پڕبکرێتەوە و دووبارە پەرلەمانی کوردستان دابمەزرێنینەوە، بۆیە دەبێت سوپاسی پەروەردگار بکەین کە ئەم هەڵبژاردنە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.

بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارە، خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان جیاواز دەبێت لە خولی پێنجەم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە خولی پێنجەمدا، پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەی کورسییەکانی زیاتر بوو، دەیتوانی ئاسانتر لەم خولەی ئێستا هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێیەم پێك بهێنێت، بەڵام لەم خولەدا ژمارەی کورسییەکانی کەمی کردووە بۆ ٣٩ کورسی و پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانی ٥٠+١ بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم قورس دەبێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش دەبێت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی بە وردی هەلومەرجی سیاسیی ئێستا و کۆی گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لەبەر چاو بگرن و، پەلە لە پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین شەڕی ئیسرائیل و غەززە بووەتە شەڕێکی کراوە و زۆر شوێنی دیکەشی گرتووەتەوە و، ڕەهەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ئەم شەڕەش بەو جۆرەیە کە مەزندە دەکرێت، شوێنی دیکەش بگرێتەوە، لەمەش زیاتر ئەم شەڕەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕی نێوان «ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی» نییە، بەڵکو شەڕی ئیسرائیل و تەواوی ڕۆژئاوا «ئەمریکا و ئەوروپا»یە لەگەڵ هەژموون و باڵادەستیی ئەو گرووپە چەکدارانەی سەر بە ئێرانن، ئامانجیان لەم شەڕە ئەوەیە کە پەل و پۆی ئێران لە ناوچەکە کورت بکەنەوە، ئەمە گۆڕانکارییش لە عێراق دروست دەکات، هەروەها لەسەر ئاستی ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابردوو بینیمان، گەلی ئەمریکا جارێکی دیکە دۆناڵد ترەمپی بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژاردووە، ئەمە پێشبینی ئەوەی لێ دەکرێت، کە سیاسەتی ئەمریکاش لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەوجا گۆڕانکارییەکە هەرچۆنێك بێت، هەتا ئێستا دیار نییە، بەڵام دەبێت خۆمان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادە بکەین، ئەم ئامادەکارییەش بەوە دەبێت کە پەلە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بکرێت و پاشان هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی حکومەتێکی بەهێز لە جێگەی کابینەی نۆیەم دابمەزرێتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئەو پێشهاتە تەنیا وەك مەترسی نەخوێنینەوە، بەڵکو ئەگەر خۆمان ڕێك بخەینەوە و ئامادەکاریی بۆ بکەین، دەکرێت وەك دەرفەتێك سوودی لێ وەربگرین و، بە یەکریزی و یەکگرتوویی دەتوانین باشتر داکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردستان لە بەغدا بکەین و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق چارەسەر بکەین، لەمەش زیاتر دەتوانین بە ڕێگەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە هەرێم پەیوەندیی باشی لەگەڵیاندا هەیە، بارودۆخی کوردستان بەرەو پێشتر ببەین، بۆیە زۆر گرنگە هەردوو پارتی سەرەکی «پارتی و یەکێتی» ئەو بارودۆخە لەبەرچاو بگرن و پەلە لە پێکهێنانی کابینەی دەیەم بکەن.

ئەوەی تا ئێستا بەرچاوڕوونیی لەسەر هەیە، چەند هەنگاوێکە کە دەکرێت بەم شێوەیە ئاماژەیان پێ بکەین:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان شاندێکی بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان پێك هێناوە و بەنیازن سەردانی هەموو لایەنەکان بکەن، هەتا ئەو لایەنانەشی کە بڕیاریان داوە

**پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانی ٥٠+١ بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم قورس دەبێت**

**ئەم شەڕەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕی نێوان «ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی» نییە، بەڵکو شەڕی ئیسرائیل و تەواوی ڕۆژئاوا «ئەمریکا و ئەوروپا»یە لەگەڵ هەژموون و باڵادەستیی ئەو گرووپە چەکدارانەی سەر بە ئێرانن**

**دەتوانین بە ڕێگەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە هەرێم پەیوەندیی باشی لەگەڵیاندا هەیە، بارودۆخی کوردستان بەرەو پێشتر ببەین**

**ئەو لایەنانەی کە بڕیاریان داوە ببنە ئۆپۆزسیون، ناوێرن بەشداریی حکومەت بکەن و لەوە دەترسن دەنگەکانیان کەم بکات**

ببنـە ئۆپۆزسـیۆن و بەشـداریی حکومەتیـش نەکـەن، ئـەم سـەردان و دانوسـتاندانە گرنگـن، لەبـەر ئـەوەی لەوانەیـە هەندێـك لایـەن خواسـت و داواکاریـی زیاتـری پلـە و پۆسـت بکـەن و لـەو گفتوگۆیانـەدا دانوسـتاندنی لەسـەر بکـەن.

٢- بـۆ پێكهێنانـی هاوپەیمانـی «٥٠+١» بـۆ پێکهێنانـی حکومـەت، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك هێـزی یەکـەم لـەم هەڵبژاردنـەدا، لـە ڕووی یاساییەوە دەتوانێت بـە چەنـد شـێوازێك هاوپەیمانیـی « ٥٠+١» پێـك بهێنـت، هـەر بـۆ نموونـە پارتـی دەتوانێـت لەگـەڵ نـەوەی نـوێ ببێتـە زۆرینـە، هەروەهـا دەتوانێت لەگـەڵ «یەکگرتـوو و هەڵوێسـت و بـەرەی گـەل و کۆتـای بکەیـن، هاوپەیمانـی «پارتـی و یەکێتی»یـە بـۆ پێکهێنانـی کابینـەی دەیـەم، لای هەمـوو لایـەك ئاشکرایە لـە سـاڵی ١٩٩٢ هەتـا ئێسـتا، هـەر ئـەم دوو حزبـە لایەنـی سـەرەکی بـوون لـە پێکهێنانی هـەر نۆ کابینـەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتاندا، بێگومـان واقیـع فـەرزی دەکات، ئـەم هاوپەیمانییـە لـە پێکهێنانـی کابینـەی دەیەمیشـدا دووبـارە ببێتـەوە.

ئەزموونی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەمـان پـێ دەڵێـن، کـە پرۆسـەی دیموکراتـی پرۆسـەیەك نییـە بـۆ دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات لـە حزبێکـەوە بـۆ حزبێکـی دیکـە، ئەوەتـا دەبینیـن لـە ساڵی ١٩٩٢ هەتا ئێستا پرۆسەی پێکهێنانی



پێکهاتـەکان» ببنـە زۆرینـە، بـەڵام ئـەم سیناریۆیە لـە دوو لایەنـەوە بـۆ واقیعـی سیاسـیی ئێسـتای کوردسـتان تەنیـا بـە تیـۆری دەمێنتـەوە و نابنـە کـردار، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی ئـەو لایەنانـەی کـە بڕیاریـان داوە ببنـە ئۆپۆزسـیون، ناوێـرن بەشداریی حکومـەت بکـەن و لـەوە دەترسـن دەنگەکانیـان کـەم بـکات، لایەنێکـی دیکـەی واقیعـی سیاسـیی کوردسـتان ئەوەیـە بـە کردەیـی دوو زۆنـە و بـە کردەیـی دوو دەسـەڵاتە، بۆیـە ناکرێـت بەبـێ یەکێتـی حکومـەت پێـك بهێنرێـت.

**واقیعی سیاسیی کوردستان ئەوەیە بە کردەیی دوو زۆنە و بە کردەیی دوو دەسەڵاتە، بۆیە ناکرێت بەبێ یەکێتی حکومەت پێک بهێنرێت**

٣- سـیناریۆی سـێهەم کـە دەکرێـت وەك هەنـگاوی کردەیـی هەڵسـەنگاندنی لەسـەر حکومـەت بریتـی بـووە لـە دابەشـکردنی پۆسـت و وەزارەتـەکان لـە نێوان پارتـی و یەکێتـی و هەندێـك جـار هەندێـك حزبـی دیکەشـیان وەك «یەکگرتـوو و گـۆڕان و کۆمـەڵ» بەشـداری پـێ کـردووە، لـە پرۆسـەی سیاسـیی عێراقیشـدا هـەر لـە سـاڵی ٢٠٠٤ـە وە هەتـا ئێسـتا، دەبینیـن حکومـەت لـە دەسـتی لایەنـە سیاسـییە شـیعەکانی عێراقدایـە و کـورد و سـوننەیان بەشـداری پـێ کـردووە.

بـۆ واقیعـی سیاسـیی ئێسـتای کوردسـتان باشـترین بژارە ئەوەیـە کـە پارتـی و یەکێتـی ڕێـك بکـەون و پێکـەوە حکومەتـی داهاتـوو پێـك بهێنـن، لـەم پرۆسـەیەدا دەبێـت پارتـی ئـەوە لەبەرچـاو

بگرێت، کە یەکێتی داواکاریی زۆری دەبێت و، بە ئاسانی ناگەنە ڕێککەوتن، بەڵام لەبەرانبەردا دەبێت یەکێتیش ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت کە پارتی «براوەی یەکەمی» هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانە و، دەبێت ڕێز لە ئیستحقاقی هەڵبژاردنی پارتی بگرێت.

ڕێزگرتن لە ئیستحقاقی هەر لایەنێك بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕێز لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن نەگیرا، ئەوا هیچ مانایەك بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن نامێنێتەوە، بۆیە دەبێت هەردوولا «پارتی و یەکێتی» ڕێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن و جارێکی دیکە ئەزموونی حوکمرانیی «پەنجا بە پەنجا» دووبارە نەکەنەوە.

لێرەدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر پارتی زۆرینەی کورسییەکان «٥٠+١»ی پەرلەمانی کوردستانی بەدەست بهێنابا، ئەوا سرووشتی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان بەو شێوەیە کە «نە بە بێ پارتی و نە بە بێ یەکێتی» حکومەت پێك نایەت، لەم چوارچێوەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی پێکهێنانی سەرجەم کابینەکانی حکومەتدا هەستیاریی باروودۆخی کوردستانی لەبەر چاو گرتووە و لە پێناوی ئەوەی حکومەت زوو پێك بهێنرێت، سازشی لەسەر هەندێك ماف و ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی کردووە و هەوڵی داوە پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت و پەك نەخرێت، بەڵام ئەم سازش و تەنازولەش نابێت بگاتە ئەو ئاستەی ئیستحقاقی هەڵبژاردن هیچ مانایەکی بۆ نەمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی نامەوێت بە ڕەشبینی سەیری پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم، بەڵام مەزندەی ئەوە دەکەم داواکارییەکانی یەکێتی زۆر بەرز بێت و نەتوانرێت ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، بێگومان ئەمەش ئەگەرێکە، ئەگەر نەتوانن بگەنە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوا وەك ئەزموونی هەموو پرۆسە دیموکراتییەکانی جیهان پێمان دەڵێن، دەبێت پەنا بۆ «دووبارە هەڵبژاردنەوە»ی پێشوەخت ببرێت، بێگومان بگەینە ئەم قۆناغە، ئەوە واتە بە بنبەست گەیشتن و شکستی پرۆسە سیاسییەکە، بەڵام پشتیوان بەخودا ناگەینە ئەو قۆناغە و پارتی و یەکێتی بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی وەك هێزی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان، بەرپرسیارێتیی گەورە دەکەوێتە سەر شانی و دەبێت شانیش بداتە بەر ئەو بەرپرسیارێتییە، لە بەرانبەریشدا یەکێتیش دەبێت هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و ڕێز لە ماف و ئیستحقاقی هەڵبژاردنی پارتی بگرێت.

ئەم پرسە «سازشکردن» لەسەر ماف و ئیستحقاقی هەڵبژاردن بۆ یەکێتی لە پێناوی ئەوەی حکومەتی داهاتوو زوو پێك بهێنرێت، پرسێکە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، بەڵام بە مەزندەی من، ئەگەر ئەو سازشەش بکات، دەبێت بەشی ئەوەی تێدا بمێنێتەوە کە ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەرانی خەڵکی کوردستان بگیرێت و، خەڵك لە پرۆسەی هەڵبژاردن نائومێد نەکەن و نەیانگەیەننە ئەو قەناعەتەی کە «بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، یان نا»، هیچ جیاوازی نییە و خەڵك دەنگ بدات و دەنگ نەدات، سەرەنجام هەر ئەوەیە کە پۆستەکان وەك یەك لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دابەش دەکرێت.

هەروەها دەبێت ئەو خاڵەش بە جددی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، کە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دەبێت فاکتەرێك بێت بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی دیموکراتی لەم هەرێمەدا و، ناکرێت لە چوارچێوەی ئەزموونی «پەنجا بە پەنجا»دا و هەر لە شوێنی خۆمان بچەقین، چونکە بەمە پرۆسەی دیموکراتی و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا تووشی کەموکورتییەکی گەورە دەکەین.

لە دووماهیدا دیسان جەخت لەوە دەکەمەوە، نامەوێت بە ڕەشبینییەوە سەیری ئەم پرۆسەیە بکەم، بەڵام سەرخستنی ئەم پرۆسەیە بە پلەی یەکەم ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەست بە هەستیاریی ئەم باروودۆخە سیاسییەی ئێستا و گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بکەن و، بەرپرسیارانە لەگەڵ ئەم باروودۆخەدا مامەڵە بکەن.

**ئەزموونی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە پرۆسەی دیموکراتی پرۆسەیەک نییە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە**

**ڕێزگرتن لە ئیستحقاقی هەر لایەنێک بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕێز لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن نەگیرا، ئەوا هیچ مانایەک بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن نامێنێتەوە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی پێکهێنانی سەرجەم کابینەکانی حکومەتدا هەستیاریی باروودۆخی کوردستانی لەبەر چاو گرتووە و لە پێناوی ئەوەی حکومەت زوو پێک بهێنرێت، سازشی لەسەر هەندێک ماف و ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی کردووە**

**دەبێت هەردوولا «پارتی و یەکێتی» ڕێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن و جارێکی ئەزموونی حوکمڕانیی «پەنجا بە پەنجا» دووبارە نەکەنەوە**




**عارف ڕوشدی**

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:


# هەر هۆکارێکی دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی دەیەم، دەرەنجامی نەرێنی و خراپ بەدوای خۆیدا دێنێت و زیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت

عارف ڕوشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە و یەکێکە لە تێکۆشەرە دێرینەکان و سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردستانە و، لە بواری کاری نووسین و شرۆڤەی سیاسیدا یەکێکە لە قەڵەمە دیارەکان و بەردەوام دیدوتێڕوانینی تایبەتی لەسەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسیەکان هەیە و لەناو نووسین و لێدوانەکانی ڕەنگدانەوەی هەیە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، زۆر بە لۆژیکانە هەڵسەنگاندنی بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان کردەوە و بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستەڕوو.

کۆبوونەوەی ئەم دەستەبژێرە سیاسییە خاوەن ئەزموونە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسێکی گرنگی وەك «ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان»، مایەی خۆشحاڵییە و ئەوە پیشان دەدات، کە هەموومان بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیمانەوە ئایندەی هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەزانین و لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوەی دەبینین. لەم چوارچێوەیەدا دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن دەکەم کە ئەم سەکۆ کراوەیەی بۆ گفتوگۆی ئەم پرسە گرنگە رەخساندووە.

بەر لەوەی باس لە ئەگەرەکانی «پێکهێنانی کابینەی دەیەم» بکەم، دەمەوێت هەنگاوێك بگەرێمەوە دواوە و ئەو پرسیارە بکەم، ئێمە کە لەناو خۆماندا رێك نەکەوتین و بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵبژاردنمان دواخست، چیمان لێی دەست کەوت؟ دڵنیام وەڵامی ئەم پرسیارە لای هەموومان ئاشکرایە، کە زۆر بە سانایی حکومەتی بەغدا ئەو هەلەی قۆستەوە و بە رێگەی دادگای فیدراڵی چەندین بریاری نارەوای لە دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد، لەوانە:

١- پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشێنرایەوە.

٢- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستانی پەك خست.

٣- چەندین بریاری لەسەر ئاستی دارایی و ئابووری و راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان دەرکرد.

ئەم ئاکامە خراپانە هەمووی دەرهاویشتەی ئەو مامەڵە خراپەی خۆمان بوو، کە نەمانتوانی لە ناوخۆمان رێك بکەوین، بۆیە دەبێت ئێمە پەند لەو رابردووە تاڵە وەربگرین و ئەوەمان لا ئاشکرا بێت، کە هەر هۆکارێك ببێتە هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی دەیەم، ئەوا دەبێت لەوە دڵنیا بین کە دەرنجامی نەرێنی و خراپ بە دوای خۆیدا دێنێت و زیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

ئێستا لەناو هەندێك میدیا و تۆرەکانی سۆشیال میدیا گوێبیستی ئەوە دەبین، کە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو قورسە و دوادەکەوێت، بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە قسە و باسانە هەستێکی نالەبار لەلای خەڵکی کوردستان دروست دەکات، بەتایبەتی ئەو خەڵکە جوامێرەی تەنیا چەند هەفتە پێش ئێستا زۆر جوامێرانە و بە رێژەی ٧٢٪ بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کرد. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە حزبە سیاسییەکان (بەتایبەتی ئەو حزبانەی بە دەنگی ئەو خەڵکە کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە)، جوامێرانە رێز لە ئیرادە و جوامێریی ئەو خەڵکەی خۆیان بگرن.

حکومەت وەك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە وڵاتدا، ئەو شوێنەیە کە خواستی خەڵکی پێوە بەندە و خەڵك ئومێدی ئەوەیە کە حکومەت خواستەکانی بۆ جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاری بۆ دابین بکات. کەواتە حزبە سیاسییەکان دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی دەکات، دەبێت بە ئاستێك سۆز و پەرۆشی لای ئەو حزبانە هەبێت، کە بگەنە جۆرێك لە رێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم، تەنانەت ئەگەر لەسەر چەند خاڵێکیش نەگەنە رێککەوتن، ئەوە نەکەنە گرێ کوێرە و نەیکەنە هۆکارێك بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتەکە.

بەڵام بەداخەوە لەناو ئەم پرۆسە گرنگەدا لەلایەن هەندێك حزبی سیاسییەوە، بەتایبەتی ئەوانەی تازە دروست بوون، بەبێ گویدانە خواست و هیوای خەڵك، گوێبیستی هەندێك بۆچوونی پۆپۆلیستانە دەبین، ئەم گوتارە پۆپۆلیستییەش یەکێکە لە کێشەکان و لەوانەیە کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت هەبێت.

بە مەزندەی من، یەکێك لە کەلێنەکانی دیموکراتیەت لە وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە، ئەو فرە حزبییە کە ناتوانن لە خاڵێکی هاوبەشدا لەسەر گوتارێکی نیشتمانی رێك بکەون. سەرنج بدەن لەو دابەشبوون و لێکترازانەی ساڵی ١٩٦٤ی ناو باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بوو، کە هەتا ئێستاش دەبینین دەرەنجامی ئەو لێکترازانە تەنیا نەیارانی کورد و کوردستان سوودیان لێی وەرگرتووە و هەر لەو رێگەیەشەوە دەستتێوەردانیان لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا کردووە.

بیگومان لەوانەیە هەندێك ئەم بۆچوونەی من بە تێروانینێکی نادیموکراتییانە لە قەڵەم

**کاتی ئەوەیە حزبە سیاسییەکان (بەتایبەتی ئەو حزبانەی بە دەنگی ئەو خەڵکە کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە)، جوامێرانە رێز لە ئیرادە و جوامێریی ئەو خەڵکەی خۆیان بگرن**

**یەکێک لە کەلێنەکانی دیموکراتیەت لە وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە، ئەو فرە حزبییە کە ناتوانن لە خاڵێکی هاوبەشدا لەسەر گوتارێکی نیشتمانی رێک بکەون**

**خەڵک چاوەڕوانی هەیە کە ئاکامی دەنگدان پراکتیزە بکرێت و، حکومەتێکی تازە دابمەزرێت بۆ ئەوەی خواست و داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکات**

**هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵواسراوی لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە، چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێویستی بەوەیە بە زووترین کات حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنین، بۆ ئەوەی هەوڵی جددی بدەین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین**

**حکومەتی عێراق ڕۆژانە دەستی دەستی بە هەرێمی کوردستان دەکات، ئەم دەستی دەستییە، دەرهاویشتەی نەرێنیی نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵویستیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە**

**سووریا لەناو کێشەی ناوخۆیی خۆیدا نقووم بووە، ئەگینا ئەویش هەوڵی دەدا کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات**

**لە بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووکان ناسراو بە «بڕیاری نەوت بەرانبەر بەخۆراک» لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشکی ١٣٪ بۆ هەرێمی کوردستان جیا کرایەوە و ڕاستەوخۆ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بۆ هەرێمی کوردستان خەرج دەکرا**

**ئەو نەخشە ڕێگەیەی سەرۆک بارزانی دایناوە بۆ «یەک هەرێم، یەک پەرلەمان، یەک حکومەت، یەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان» خواست و ئاواتی خەڵکی کوردستانە و دەبێت حزبەکانی کوردستانیش لە ئاستی بەرپرسیاریەتیی خواست و خەڵکدا مامەڵە لەگەڵ ئەو پرۆسە هەستیارە بکەن**

بدەن. بەڵێ، ڕاستە بە شێوەی تیۆری وایە، بەڵام بە ئەزموون و پراکتیك، فرەحزبی لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا، نەیانتوانیوە لە خاڵێکی هاوبەشدا پێکەوە گوتارێکی نیشتمانی دروست بکەن، هەر بۆیە ئەگەر لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتیشدا حزبەکان «جوامێریی خەڵکی کوردستان و پرسی خاک و نیشتمان» بکەنە سەنتەری بیرکردنەوەیان و تێڕوانیان بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئایندەی هەرێمی کوردستان، ئەوا هیچ کەسێك مەزندەی ئەوە ناکات، پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێکی زۆر بخایەنێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك لایەنی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان، چوار خواستی نیشتمانییانەی خستووەتە بەردەم هەموو حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەن بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم، ئەو خواستانە لە پەیامەکانی سەرۆك بارزانی چەندین جار دووپات کراونەتەوە و، سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی پارتییش جەختیان لەسەر کردووەتەوە، ئەو چوار خواستەش بریتین لە «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان».

ئەگەر هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە ویژدانەوە سەرنج لەم چوار خواستە بدەن و بە دیدێکی نیشتمانییانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، ئەوا هەست دەکەن، کە ئەو چوار خاڵە خواستی هەموو خەڵکی کوردستانە، هەمووان دەیان و سەدان جار گوێبیستی ئەوە بووین کە خەڵك دەڵێت: «ئەم هەرێمە دوو زۆنە، ئەم حکومەت دوو حکومەتە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی حزبە و هێزێکی نیشتمانی نییە»، بۆیە زۆر گرنگە ئەم خاڵانە کۆکەرەوەی بیروبۆچوونی هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی هەرێمی کوردستان بێت، کە خواستی بەدیهێنانی داواکاریی خەڵکی کوردستانیان هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا و بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە پێویستەکان، گرنگە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زوو پێکبهێنرێت کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم:

١- خەڵك چاوەڕوانی هەیە کە ئاکامی دەنگدان پراکتیزە بکرێت و، حکومەتێکی تازە دابمەزرێت بۆ ئەوەی خواست و داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات.

٢- هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵواسراوی لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە، چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێویستی بەوەیە بە زووترین کات حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنین، بۆ ئەوەی هەوڵی جددی بدەین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. لەئێستا دەبینین کە چۆن حکومەتی عێراق ڕۆژانە دەستی دەستی بە هەرێمی کوردستان دەکات، ئەم دەستی دەستییە، دەرهاویشتەی نەرێنیی نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵویستیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە.

٣- مەترسیی دەستتێوەردانەکانی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی «ئێران و تورکیا»، لە ئێستادا سووریا لەناو کێشەی ناوخۆیی خۆیدا نقووم بووە، ئەگینا ئەویش هەوڵی دەدا کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات.

٤- لەبەرچاوگرتنی ئەو شەڕە کراوەیەی ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەچێت، کە ئێمە بمانەوێت، یان نەمانەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان پریشکی ئەو شەڕە بەر ئێمەش دەکەوێت.

هەر بۆیە ئەگەر لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا حکومەتێکی سەقامگیرمان نەبێت، دڵنیا بن، ناتوانین بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکەین و، ناشتوانین ئومێدی ئایندەیەکی گەش بۆ هەرێمی کوردستان بخوازین.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، شێوازی بیرکردنەوەی هەندێك حزبی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، کە پێی وایە، کە بەشداریی حکومەتی نەکرد، نابێت بەشداری لە بەرنامە و کارنامەی حکومەتیشدا بکات، بەپێچەوانەوە لە زۆربەی سیستەمە دیموکراتییەکاندا، ئەوجا لەبەر هەر هۆکارێك بێت، هەندێك حزب لەگەڵ حزبی یەکەم ناگەنە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەت بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لای ئەو حزبانە «وڵات و گەل» مەبەستە، هەوڵ دەدەن لەگەڵ

ئەو حزبانەی حکومەت پێکدەهێنن، لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێك بکەون و بیکەنە بەشێك لە بەرنامەی حکومەت و پاشانیش لە پەرلەمان وەك ئۆپۆزسیۆن چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە لە حکومەت دەکەن. بۆیە دەکرێت لە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەو ئەزموونە دووبارە بکەنەوە و لە کاتی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت، خۆیان ئەو خاڵانەی مەبەستیانە لە بەرنامەی حکومەتدا هەبێت، دانوستاندنی لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی بخرێنە ناو بەرنامەی حکومەت و لە بەرانبەردا ئەوانیش دەنگ بە بەرنامەی حکومەت بدەن.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، جیاوازی و تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستانە بە بەراورد لەگەڵ عێراقدا. ئەگەر سەرنج لە مێژووی خۆمان بدەین، دەبینین لە هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژوو کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوە ژیان بوونی هەبووە، بەلام لە عێراق بوونی نەبووە، لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە ژیاون و هیچ کێشەیەکیان نەبووە، لەمەش زیاتر لەناو یەك گەڕەکدا بەتایبەتی لە دەڤەری بادینان لە یەك کاتدا «موسڵمان، ئێزدی، کریستیان، سائبە، کاکەیی، ئەرمەن» بوونی هەبووە و دراوسێی یەکتری بوون، کێشەیەکیش هەبوایە هەموو پێکەوە وەك کەسوکاری یەکتری پێکەوە چارەسەریان دەکرد، هەر بۆیە ئەگەر کەسێك خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبوایە نەیدەزانی کامەیان سەر بەکام ئایین و نەتەوەیە، ئەوجا لەمەش زیاتر لە دوای ڕاپەرین و دروستبوونی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، جیاوازی و تایبەتمەندیی دیکە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دروست بوو هەر بۆ نموونە لە بازاڕەکانی کوردستان دراوی چاپی سویسری مامەڵەی پێدەکرا، لە بازاڕەکانی عێراق دراوی چاپکراو، لە بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووکان ناسراو بە «بڕیاری نەوت بەرانبەر بەخۆراك» لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشکی ١٣٪ بۆ هەرێمی کوردستان جیا کرایەوە و ڕاستەوخۆ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بۆ هەرێمی کوردستان خەرج دەکرا.

لە ئێستادا، بۆ ئەوەی جیاوازی و تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان زیاتر پەرە پێدەبین، ئەرکی سەرشانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە بە یەکریزی و یەکهەڵوێستی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی قسە بکەن، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو دەستی دەستیەی بەغدا بهێنن، کە لە پرسی



مووچە و بوودجەدا بە هەرێمی کوردستانی دەکات و، پێویستە داوا بکەین، هەر لە ئەمریکاوە پشکی هەرێمی کوردستان لە داهاتی عێراق جیا بکرێتەوە و بە جیا بۆ هەرێمی کوردستانی بنێرن، ئەم بۆچوونەی من تەنیا پێشنیارێکە و دەکرێت یاساناسان ڕێگەیەکی بۆ بدۆزنەوە، یان دەوڵەمەندتری بکەن.

لە دوماهیدا ئاماژە بەوە دەکەم، بە جۆرێك لە گەشبینییەوە سەیری ئایندەی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی دەیەم دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو نەخشە ڕێگەیەی سەرۆك بارزانی دایناوە بۆ «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان» خواست و ئاواتی خەڵکی کوردستانە و دەبێت حزبەکانی کوردستانیش لە ئاستی بەرپرسیاریەتیی خواست و خەڵکدا مامەڵە لەگەڵ ئەو پرۆسە هەستیارە بکەن.



غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان:

# ئامانجی گرنگ لە زوو پێکهێنانی کابینەی دەیەم ئەوەیە کە ئەم کابینەیە تەواوکاری بەرنامەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت

غەفوور مەخمووری، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (ی. ن. د. ك)ـە و یەکێکە لەو سیاسەتمەدارە دیارانەی کە بڕوای بە بیری نەتەوەیی و کوردستانیبوونی سەرجەم نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەیە. لەسەر ئەم پرسە چەندین کتێبی هەیە، لە بواری کاری نووسین و ڕۆژنامەگەریشدا، یەکێکە لەو قەڵەمە کاریگەرانەی بە بەردەوامی لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان و میدیای دەوڵەتانی عەرەبی نووسینی و چاوپێکەوتنی هەیە و بەرگری لە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەکات. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، بە دید و تێڕوانینێکی نەتەوەیی و نیشتمانییانە قسەی لەسەر ئەم پرسە کرد و بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.

دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە پرسی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی وەك پرسێکی نیشتمانی و لەناو چوارچێوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان گەنگەشەی دەکات و، ئەم پلاتفۆرمە کراوەیەی ڕەخساندووە، بۆ ئەوەی هەموو لایەك بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە قسەی ڕاشکاوانەی خۆیان لەسەر بکەن.

لەم ڕاستەوە، تێڕوانینی منیش بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرسێکی نیشتمانییە و پەیوەندی بە تێکڕای لایەنە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە هەیە، بۆیە دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پشتگیریی ئەم پرۆسەیە بکەین، بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا کابینەی دەیەم پێکبهێنرێت.

ئامانجی گرنگ لە زوو پێکهێنانی کابینەی دەیەم ئەوەیە کە ئەم کابینەیە تەواوکاری بەرنامەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و دەرفەتێکی دیکە بە بەڕێز مەسرور بارزانی بدرێت، بۆ ئەوەی ئەو بەرنامانەی لە کابینەی نۆیەمدا ژێرخانی پتەوی بۆ بونیاد ناون، لەکابینەی داهاتوودا تەواویان بکات و ئاکامەی بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بێتە دەست، کە لێرەدا ئاماژە بە بەشێك لەو ژێرخانانە دەکەم کە لە کابینەی نۆیەمدا بونیاد نراون:

١- بەرنامەی کابینەی نۆیەم لە دەستپێکەوە بەرنامەی دەوڵەتسازی بووە لە کوردستاندا، بۆ ئەمەش ئەولەوییەتی ئەم کابینەیە هەوڵدان بووە بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی کۆی سێکتەرە جیاوازەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، هەر لەم کابینەیەدا بەرهەمی بونیادنانەوەی ئەو ژێرخانەمان بینی، بەتایبەتی لە بوارەکانی بایەخدان بە ڕێگاوبان و پردەکان، مامەڵەی دروست لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی و دروستکردنی دەیان بەندا و پۆنت و.. هتد.

٢- لەسەر ئاستی فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، کابینەی نۆیەم هەوڵی داوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کونسوڵگەری، یان نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان نییە، پەیوەندیی دیپلۆماتیی تازە بونیاد بنێت و، زەمینەیەکی دروست کردووە بۆ ئەوەی هەم ئەوان کونسوولگەری و نوێنەرایەتیی خۆیان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، هەمیش نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لەو دەوڵەتانە بکرێنەوە.

٣- خاڵی هێجگار گرنگ کە لە کابینەی نۆیەمدا دەکرێت ئاماژە و هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە هەر لە دەستپێکەوە لە ساڵی (٢٠١٩ تا ٢٠٢٤) بەردەوام ژینگەی کارکردنی ئەم کابینەیە سەقامگیر نەبووە و ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی سەخت بووە، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

ا- لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩، بە هۆی خۆپیشاندانەکەی تشرینەوە، بارودۆخی سیاسیی عێراق تێکچوو و هەتا گەیشتە ئەوەی د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق دەست لەکار بکێشێتەوە و، ئەمەش بووە هۆکاری ئەو ڕێککەوتنەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی شیعە بۆ پێکهانی ئەو حکومەتە کردبوویان، ببێتە مەرەکەبی سەر کاغەز و جێبەجێ نەکرێت، ئەم بارودۆخە درێژەی کێشا تا پێکهێنانی کابینەکەی محمەد شیاع سوودانی لە ساڵی ٢٠٢٢.

ب- لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ پەتای کۆرۆنا وەك پەتایەکی جیهانی بڵاو بووەوە و هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە، ئەوجا وێڕای ئەوەی بارودۆخی کەرەنتینە ڕاگەیەندرا و بازاڕ پەکی کەوت، لە هەمان کاتدا نرخی نەوتیش بۆ خوار سفر دابەزی.

ج- دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە کۆتایی ٢٠٢١، جارێکی دیکە بە هۆی لێکترازانی تەیاری سەدر لەلایەك و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لەلایەکی دیکە، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا پەکی کەوت، لەم بارودۆخەدا هەرێمی کوردستان بووە ئامانجی هێرشی گرووپە چەکدارەکانی شیعە بە درۆن و ڕۆکێت، لەمەش زیاتر دواتر گەیشتە ئەوەی چەند جارێك لەلایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە ڕۆکێتی بالیستی هەولێریان کردە ئامانج.

د- دادگای فیدڕاڵی کرایە ئامرازێك و دژی هەرێمی کوردستان بەکارهێنرا و چەندین

بەرنامەی کابینەی نۆیەم لە دەستپێکەوە بەرنامەی دەوڵەتسازی بووە لە کوردستاندا، بۆ ئەمەش ئەولەوییەتی ئەم کابینەیە هەوڵدان بووە بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی کۆی سێکتەرە جیاوازەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا

کابینەی نۆیەم هەوڵی داوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کونسوڵگەری، یان نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان نییە، پەیوەندیی دیپلۆماتیی تازە بونیاد بنێت

دادگای فیدراڵی کرایە ئامرازێک و دژی هەرێمی کوردستان بەکارهێنرا و چەندین بڕیاری نادەستووریی دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد

ئالنگاریی سەرەکی لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ کابینەی نۆیەم ئەوە بوو، کە ئەو لایەنە سیاسییانەی هاوپەیمانییان پێکهێنابوو بۆ کابینەی نۆیەم، وەک ئۆپۆزسیۆن مامەڵەیان لەگەڵ کابینەی نۆیەم دەکرد



**لە چوارچێوەی «یەک هەرێم، یەک پەرلەمان، یەک حکومەت، یەک هێزی پێشمەرگە» و، بە جێبەجێکردنی ئەم نەخشە ڕێگەیە ئێمە دەتوانین ببینە خاوەنی حکومەتێکی یەکگرتوو، ئەم حکومەتە یەکگرتووە دەتوانێت پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ناوچەی ئێمە تیدا دەژین، بەهێزتر بکات**

بڕیاری نادەستووریی دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد، وەك «ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان».

ە- ئالنگاریی سەرەکی لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ کابینەی نۆیەم ئەوە بوو، کە ئەو لایەنە سیاسییانەی هاوپەیمانییان پێکهێنابوو بۆ کابینەی نۆیەم، وەك ئۆپۆزسیۆن مامەڵەیان لەگەڵ کابینەی نۆیەم دەکرد و، هاوکاری سەرۆکی حکومەت نەبوون بۆ ئەوەی بتوانێت بەرنامەکانی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات.

لەناو ئەو هەموو ئاستەنگ و ئالنگاریانەی ڕووبەڕووی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونەوە، لەگەڵ ئەوەی نەتوانرا کۆی بەرنامەی کابینەکە بە تەواوەتی و وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام توانرا مامەڵەیەکی لۆژیکانە لەسەر ئاستی «بەڕێوەبردنی تەنگژەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەکان» بکرێت، لەمەش زیاتر توانرا ئەو زەمینەیە بێنێتە ئاراوە کە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر ئازادانە و سەرکەوتووانە بەڕێوە ببرێت.

بۆیە بە قەناعەتی من لە دوای هەڵبژاردنە سەرکەوتووەکەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ئێمە هەموومان پشتگیریی ئەوە بکەین کە دەرفەتێکی دیکە بدرێتە بەڕێز مەسرور بارزانی وەك سەرۆکی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بەرنامەیەی کابینەی نۆیەم درێژە پێبدات و هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات، کە ئەمەش شایەنی ئەوەیە هەموومان پشتیوانی بکەین.

وەك بەڕێز سەرۆك بارزانی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، نەخشە ڕێگەی پرۆسەی سیاسیی داهاتووی کوردستانی داڕشتووە، کە نەخشە ڕێگەکە زیاتر خواستی شەقامی کوردستانی بەرجەستە کردووە، ئەویش یەکبوون و یەکڕیزیی نیشتمانییە لە چوارچێوەی «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» و، بە جێبەجێکردنی ئەم نەخشە ڕێگەیە ئێمە دەتوانین ببینە خاوەنی حکومەتێکی یەکگرتوو، ئەم حکومەتە یەکگرتووە دەتوانێت پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەو ناوچەی ئێمە تیدا دەژین، بەهێزتر بکات، کە ئەمەش دەبێت خواستی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بێت و لەم پێناوەشدا دەبێت پشتیوانی لەو حکومەتە یەکگرتووە بکەین.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە نابێت ئێمە وەك لایەنە



سیاسییەکانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك حکومەتی ئەم حزب و ئەو حزب سەیر بکەین، بەڵکو دەبێت بەو شێوەیە سەیری بکەین، کە حکومەت حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستانە و، گرنگیشە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی بەسەر هەموو جوگرافیای کوردستاندا هەبێت و، تەنیا بەم ئاراستەیەش ئێمە دەتوانین بەرەو داهاتوویەکی گەش هەنگاو هەڵبگرین، هەر بەوەش دەتوانین لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەنگمان دلێرتر بێت، دەتوانین لە چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ عێراق زیاتر پێ دابگرین و مافەکانی خۆمان بەدەست بهێنێن و بیسەپێنێن و، لەسەر ئاستی ناوچەییش حیسابێکی دیکەمان بۆ دەکرێت.

کەواتە ئەم خوێندنەوەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، بەهێزیی ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لە یەکبوون و یەکڕیزیی کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندایە، دەبێت هەوڵ بدەین یەکگوتار و یەکهەڵوێست و یەکدەنگ بین، هەوڵیش بدەین ئەو کارنامەی لە کابینەی نۆیەم تەواو نەکران، لەکابینەی دەیەمدا تەواو بکرێن.

ئێمە دەبێت لە ڕوانگەی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە سەیری پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، پێویستە ئەو لایەنە سیاسییانەی براوەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستانن، ڕەچاوی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەن و ئامادە بن و پێشوازی لە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بکەن، لەم قۆناغەدا بەڕاستی پێویستمان بەوەیە «بەرگی حزبی» فڕێ بدەین و هەموو پێکەوە «بەرگی کوردستانیبوون» بپۆشین.

**پێویستە ئەو لایەنە سیاسییانەی براوەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستانن، ڕەچاوی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەن و ئامادە بن و پێشوازی لە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بکەن**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شەڕ و بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە ئێستا لەسەر خاکی ئەورووپا بوونی هەیە، دەبێت لەوە ئاگادار بین، ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ئێمە دەبێت، بۆیە پێویستمان بەوەیە لەم قۆناغەدا ئێمە خۆشمان ئامادەسازییەك بکەین، بۆ ئەوەی بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەکەین، چۆن مامەڵە لەگەڵ دەرهاویشتە و ئەگەر و پێشهاتەکانی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە دەکەین. لە ئێستادا پێویستمان بەوەیە هەموومان هاوکار و پشتیوانی یەکتری بین و هەوڵ بدەین پێگەی کوردستان بەهێز بکەین و سەرکەوتنی کوردستان سەرکەوتنی هەموو لایەکمانە و دەبێت هەر لەو ڕوانگەیەشەوە سەیری ئەم پرسە نیشتمانییە بکەین.



د.مەیادە نەجاڕ

ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

# پارتی دیموکراتی کوردستان دووربینانە هاوکێشە سیاسییەکان دەخوێنێتەوە و قەناعەتی بەوجۆرەیە، بەبێ بەشداریی کارای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەرێمی کوردستان سەقامگیر نابێت

د.مەیادە نەجاڕ، ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و، جیا لەوەی یەکێکە لە چالاکە دیارەکانی پرسی ئافرەتان، لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو ئەکادیمیستانەی کە بەردەوام لەسەر پرسەکانی تایبەت بە کوردستان و عێراق قسەی ڕاشکاوانەی خۆی لە میدیاکان بڵاو دەکاتەوە و، لەسەر ئاستی کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دیداری لەگەڵ ساز دەکرێت و بیروبۆچوونەکانی خۆی ڕاشکاوانە دەخاتەڕوو. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، زۆر بە ڕاشکاوانە بیروبۆچوونی خۆی لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەربڕی و بەمجۆرە پێشنیارەکانی خستەڕوو.

دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە لەسەر ئەم مژارە گرنگە ئەم هەموو دەستەبژێرە خاوەن ئەزموونەی کۆکردووەتەوە و پێکەوە ڕاشکاوانە گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

بە تێڕوانینی من، ناکرێت پرسی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان، لە دەرەوەی ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانە باس بکرێت، کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی بەگشتی پێدا تێدەپەڕێت و، ئەوجا، بمانەوێت، یان نەمانەوێت، دەرهاویشتەی ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەبێت.

لەم بارودۆخە هەستیارەدا کە لەلایەك هەتا ئێستاش شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەردەوامە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش شەڕەکە قورستر دەبێت، لەلایەکی دیکەوە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس بووەتە شەڕێکی کراوەی مەزندەنەکراو و ئێستا گەیشتووەتە لوبنان و لە هەمان کاتدا ئەو گرووپە چەکدارانەشی گرتووەتەوە کە ئێران پشتیوانییان دەکات و ناویان لە خۆیان ناوە «بەرەی مقاوەمە»، کە بێگومان ئەمەش وەرچەرخاوە بۆ ململانێی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئیسرائیل و هەر لە ماوەی ئەمساڵدا یەك دوو جار ئێران هێرشی کردووەتە سەر ئیسرائیل و لەلایەن ئیسرائیلیشەوە وەڵامی ئێران دراوەتەوە و، هەموو هەوڵەکانیش بۆ ئەوەن، کە ئەم هێرشانە نەگۆڕێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئیسرائیل. لەناو ئەم بارودۆخە شڵەژاوەدا، بێگومان هەموو کات دەبێت چاوەڕێی ئەگەر و پێشهاتی تازە بین و، هەموو ئەم ئەگەر و پێشهاتانەش کاریگەرییان لەسەر ئەو بڕیارانە دەبێت، کە لەسەر ئەرزی واقیعی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەدرێت، کە بێگومان هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق، پارچەیەکە لەو ناوچە گڕگرتووە.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەناو ئەم واقیعەدا چۆن ئامادەکاریی بکەین، بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەو ئەگەرانە بکەین و هەروەها بتوانین زەمینەسازییەکیش بکەین، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنین؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نابێت، ئەگەر ئەو واقیعە سیاسییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان خۆی فەرز کردووە، وەك خۆی ڕاشکاوانە نەیخەینەڕوو.

واقیعی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستاندا، زۆر تایبەتییە لە چەند ڕوویەکەوە کە دەبێت ڕاشکاوانە ئاماژەی پێبکەین، لەوانە:

- بەداخەوە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەرزی واقیع بۆ دوو زۆن دابەش بووە.
- دابەشبوونی ئەم دوو زۆنە تەنیا جوگرافی نییە، بەڵکو دابەشبوونە لەسەر ئاستی «دەسەڵاتی سیاسی، هێزی پێشمەرگە، دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، سەرچاوەی سامانە سرووشتییەکان و.. هتد» و هەموو ئەم بوارانەی گرتووەتەوە.

لەسەر ئەم دابەشبوونە نێوخۆییەی هەرێمی کوردستان، کاریگەری و دەستتێوەردانی وڵاتانی هەرێمی بەتایبەتی «ئێران و تورکیا» بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی هەژموونی ئێران لە عێراقدا باڵادەستە، ئەوا دەستتێوەردانەکانی ئێران بەرچاوترن و لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە زۆنی سەوز زەق بوونەتەوە و، تەنانەت ئێران بۆ بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەستتێوەردانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کردووە و بە ڕێگەی دادگای فیدراڵی چەندین بڕیاری زاڵمانەی نادەستووری لە دژی هەرێمی کوردستان دەرکراون، کە هەرە دیارەکانیان بریتین لە هەڵوەشانەوەی پەرمانی کوردستان، پەکخستنی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، ئەمە بێجگە لەو بڕیارانەی دیکە لەسەر ئاستی ئابووری و دارایی و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت دژی هەرێمی کوردستان دراون .

تورکیا کە ئەویش دراوسێیەکی دیکەی هەرێمی کوردستانە، بمانەوێت و نەمانەوێت کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام زۆر کەمتر لە کاریگەرییەکانی ئێران، لەمەش زیاتر تورکیا هەستی بەوە کردووە کە ئەو شەڕە کراوەیەی ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگیرساوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت و، بە دووری

**شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس بووەتە شەڕێکی کراوەی مەزندەنەکراو و ئێستا گەیشتووەتە لوبنان و لە هەمان کاتدا ئەو گرووپە چەکدارانەشی گرتووەتەوە کە ئێران پشتیوانییان دەکات**

**لەسەر ئەم دابەشبوونە نێوخۆییەی هەرێمی کوردستان، کاریگەری و دەستتێوەردانی وڵاتانی هەرێمی بەتایبەتی «ئێران و تورکیا» بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت**

**لەبەر ئەوەی هەژموونی ئێران لە عێراقدا باڵادەستە، ئەوا دەستتێوەردانەکانی ئێران بەرچاوترن و لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە زۆنی سەوز زەق بوونەتەوە**

**ئێران بۆ بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستتێوەردانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کردووە و بە ڕێگەی دادگای فیدراڵی چەندین بڕیاری زاڵمانەی نادەستووری لە دژی هەرێمی کوردستان دەرکراون**

**لە کابینەی دەیەمیشدا، دیسان پارتی و یەکێتی دوو لایەنی سەرەکیی پێکهێنانی ئەم کابینەیەش دەبن، تەنانەت ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا «٥٠+١»ی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست بهێنایە**

**گفتوگۆی سەرەکی لەسەر هاوپەیمانیی پارتی و یەکێتی دەبێت، ئەگەر لایەنەکانی دیکە بێنە ناو حکومەت، یان ببنە ئۆپۆزسیۆن، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە هاوکێشەکەدا دروست ناکەن**

**لە پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی پارتی و یەکێتی بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم، فاکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان دەبێت**

**پەیوەندیی پتەوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعەی عێراقە کە ولائیان بۆ ئێران هەیە**

نازانێت ئاکامی ئەم شەڕە گۆڕانکاریی گەورە بەدوای خۆیدا بێنێت، بۆیە بۆ پێشگرتن لەو گۆڕانکارییانە لە هەوڵی ئەوەدایە دەستووری تورکیا هەموار بکاتەوە و دەرگا بکاتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەی کورد لە وڵاتەکەی چارەسەر بکات. ئەم هەنگاوەی تورکیا جێگەی دڵخۆشییە لەبەر ئەوەی بیرکردنەوە لە چارەسەری ئاشتییانە خزمەتی سەقامگیریی هەرێمی کوردستانیش دەکات.

فاکتەرێکی دیکە کە کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی دەیەم، فاکتەری نێودەوڵەتییە کە ئەو فاکتەرەش بریتییە لە «ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان»، ئەم فاکتەرە نێودەوڵەتییە، مەبەستیانە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی سەقامگیر بێت، بەتایبەتی کە ئێستا لەناو عێراق بوونیان هەیە و لە هەمان کاتدا شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بەردەوامە و بە تەواوەتی ڕیشەکێش نەکراون.

ئەوجا ئەگەر کۆی فاکتەرە نێوخۆیی و هەرێمی و نیودەوڵەتییەکان پێکەوە گرێ بدەینەوە و بیکەینە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی خوێندنەوە بۆ چۆنیەتیی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبێت پێشوەختە ئاماژە بەوە بکەین و وەك خاڵێکی نەگۆڕ لە شرۆڤەکەمان دیاری بکەین، ئەویش ئەوەیە چۆن لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە هەتا کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان، لە هەموو کابینەکاندا، یەکێتی و پارتی دوو لایەنی سەرەکیی پێکهێنانی حکومەت بوون، ئەوا لە کابینەی دەیەمیشدا، دیسان پارتی و یەکێتی دوو لایەنی سەرەکیی پێکهێنانی ئەم کابینەیەش دەبن، تەنانەت ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا «٥٠+١»ی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەست بهێنایە، ئەوا یەکلایەنە، یان بە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە حکومەتی پێك نەدەهێنا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دووربینانە هاوکێشە سیاسییەکان دەخوێنێتەوە و قەناعەتی بەوجۆرەیە، بەبێ بەشداریی کارای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەرێمی کوردستان سەقامگیر نابێت.

لێرەوە کە قەناعەتمان بەو جۆرەیە «پارتی و یەکێتی» دەبێت پێکەوە حکومەت پێکبهێنن، ئەوا گفتوگۆی سەرەکی لەسەر هاوپەیمانیی پارتی و یەکێتی دەبێت، ئەگەر لایەنەکانی دیکە بێنە ناو حکومەت، یان ببنە ئۆپۆزسیۆن، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە هاوکێشەکەدا دروست ناکەن.

لە دەستپێکی قسەکانمدا ئاماژەم بەوە کرد، کە بە کردەیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی «جوگرافی، دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و سامانە سرووشتییەکان، هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و...هتد» بەسەر دوو زۆندا دابەش بوو، ئەوا لە پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی پارتی و یەکێتی بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم، فاکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان دەبێت، کە لێرەدا بە خێرایی بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێدەکەم:

١- پەیوەندیی پتەوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعەی عێراقە کە ولائیان بۆ ئێران هەیە، ئەمە وادەکات، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستتێوەردان لەم پرۆسەیەدا بکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی بە هۆی شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حزبوڵڵای لوبنانی و تێوەگلانی گرووپە چەکدارەکانی شیعە لە سووریا و عێراق، لەوانەیە دەستتێوەردانی ئەمجارەی ئێران ڕاستەوخۆ نەبێت و، بە ڕێگەی حکومەتی عێراق و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقەوە بێت، هەروەك چۆن بینیمان دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، محەمەد شیاع سوودانی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و بێجگە لە کۆبوونەوەی لەگەڵ «سەرۆك بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی کوردستان»، سەردانی سلێمانی کرد و لەگەڵ کۆی لایەنە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە، ئامانجیش لەو کۆبوونەوانە ئەوە بوو، لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە یەکتری نزیك بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە زووترین کات حکومەت پێکبهێنرێت.

٢- کۆماری تورکیا کە تا ڕادەیەکی باش پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزە و، تورکیا هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە نەبێتە بەشێك لەم شەڕەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندییەکەی لەوەدایە کە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان زیاتر گەشە بکات، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان خزمەتی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا دەکات، بۆیە لەوانەیە دەستتێوەردانی تورکیا لە چوارچێوەیەکی بچووکدا هاریکاری بێت بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا حکومەت پێکبهێنرێت، بۆ ئەوەی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان تێکنەچێت.

٣- فاکتەری دەرەکی کە خۆی لە «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی» بەرجەستە دەکات، بە فاکتەری ئەرێنی بۆ ئایندە و چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت. ئەوان بە تەواوەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، فاکتەری هەرە سەرەکییە بۆ لە ڕیشەهەڵکێشانی تیرۆریستانی داعش و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیەتی توندهاژۆی ئیسلامیی «شیعە و سوننە»، بۆیە مەزندەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن، کە ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم بگێڕن، ئەگەر هەوڵەکانی خۆیان چڕبکەنەوە، ئەوا بێگومان کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زووتر پێکدێت.

ئەوجا ئەگەر لەناو کاریگەریی ئەم فاکتەرانەدا، سیناریۆیەك بۆ ئاراستەی دانوستاندنەکانی «پارتی و یەکێتی» بخوێنینەوە، ئەوا دەبێت لە بەراوردکردنی ئەو دروشمانە ئەو سیناریۆیە بخوێنینەوە کە پارتی و یەکێتی بانگەشەی بۆ دەکەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك چەندین جار لە پەیامەکانی سەرۆك بارزانی دووپات کراوەتەوە، داوای «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» دەکات. لە بەرانبەردا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیەوێت ئەو ئەمری واقیعە سیاسییە «دوو زۆنیی هەرێمی کوردستان» وەك خۆی بهێڵێتەوە و، ئەو دەسەڵاتانەی بە ئەمری واقیع هەیەتی، بە ئیستحقاقی هەڵبژاردن نەیدۆڕێنێت. خوێندنەوەی واقیعی سیاسیی دوو سێ ساڵی ڕابردوو ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە کێشەی دوو سێ ساڵی ڕابردووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان «کێشەی دارایی و داهات» بووە و، سەرچاوەی ئەو دارایی و داهاتەش بریتییە لە « داهاتی ناوخۆ و داهاتی سامانە سرووشتییەکان»، بۆیە مەزندە دەکرێت، دۆسیەی سەرەکیی یەکێتی لە دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان « کێشەی داهات و دارایی » بێت، بەتایبەتی کە ڕێژەی زۆری سەرچاوەی گاز لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتدایە.

ئەم کێشەیە «کێشەی داهات و دارایی» یەکێتی لەگەڵ حکومەتی هەرێم کێشەیەکی ئاسان نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی داهات و سەرچاوەکانی داهاتی سرووشتی، بەپێی دەستووری عێراقی موڵکی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراقە و دەبێت بەپێی ڕێژەی دانیشتووان بەسەر ناوچەکاندا دابەش بکرێت، ئەو پشکەی لە بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت، دیسان هەر بەپێی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت و تا ئێستا بەو شێوەیە کە ٥٧٪ی بۆ هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بووە، بە ڕێژەی ٤٣ ٪یش بۆ هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بووە، ئەمەش پەیوەندی بە قووت و بژێویی خەڵکی کوردستانەوە هەیە و زەحمەتە بتوانرێت سازش لەسەر ئەم پرسە بکرێت و بکرێتە خاڵێك لە بەرنامەی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، بڕینی هەورازە سەختەکەی «کێشەی داهات و دارایی» یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسان نابێت، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانان هاوکاریمان نەکەن و ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزنەوە.

**تورکیا هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە نەبێتە بەشێك لەم شەڕەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندییەکەی لەوەدایە کە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان زیاتر گەشە بکات**

**پارتی دیموکراتی کوردستان وەك چەندین جار لە پەیامەکانی سەرۆك بارزانی دووپات کراوەتەوە، داوای «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» دەکات. لە بەرانبەردا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیەوێت ئەو ئەمری واقیعە سیاسییە «دوو زۆنیی هەرێمی کوردستان» وەك خۆی بهێڵێتەوە**

**مەزندە دەکرێت، دۆسیەی سەرەکیی یەکێتی لە دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان « کێشەی داهات و دارایی » بێت، بەتایبەتی کە ڕێژەی زۆری سەرچاوەی گاز لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتدایە**

**بڕینی هەورازە سەختەکەی «کێشەی داهات و دارایی» یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسان نابێت، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانان هاوکاریمان نەکەن و ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزنەوە**



## ئازاد کوورەچی

ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان:

# ئەمجارەش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوو لایەنە سەرەکییەکەی پێکهێنانی کابینەی دەیەم دەبن

ئازاد کوورەچی، سەرۆکی فراکسیۆنی میللەتی تورکمانی بووە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کە بەردەوام داکۆکی لە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکات و، پێداگرە لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم سیما جوان و گەشەی کوردستان پاریزراو بێت و، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر داکۆکی لە مافی نەتەوە و ئاییینە جیاوازەکانی کوردستان بکات. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، زۆر بە ڕاشکاوی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «کۆتای پێکهاتەکان» بێجگە لە بەشداریکردنیان لە کابینەی دەیەم ڕێگەیەکی دیکەیان لە بەردەمدا نییە و بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

سوپاسی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسەگرنگە « پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان» ئێمەشتان وەك نوێنەری نەتەوەی تورکمان بانگهێشتکردووە بۆ ئەوەی ئێمەش وەك هاووڵاتییەکی کوردستان قسەی خۆمان لەسەر پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە بۆ ئێمە جێگەی خۆشحاڵییەکی گەورەیە کە دیدوبۆچوونی ئێمەتان بە گرنگ زانیوەو فەرامۆشتان نەکردووین.

پێش ئەوەی بێمە سەر سیناریۆکانی چۆنیەتیی پێکهێنانی کابینەی داهاتوو، دەمەوێت زۆر ڕاشکاوانە و لەناو هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان قسە بکەم، بە مەبەستیش لەم هۆڵەدا بەو ڕاشکاوییە قسە بکەم، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە ناوەندەکانی دروستکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم: کێشەی هەموومان لە هەرێمی کوردستان، ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییە کوردستانییەکانە، بەڕاستی ئەم ململانێیە هەرێمی کوردستانی ناشیرین کردووە و بووەتە هۆکاری ئەوەی چەندین کارەساتیشمان بەسەردا بێت، ئەوەشی کە کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر ئێمە هەبووە وەك پێکهاتەی «نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان» لە دوو خاڵی گرنگدا ئاماژەی پێدەکەم:

١- ململانێی حزبە سیاسییەکان بووە هۆکاری ئەوەی بە ڕێگەی دادگای فیدراڵی پەرلەمانی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە ١١١ کورسی کەم بکرێتەوە بۆ ١٠٠ کورسی.

٢- ژمارەی کورسیی کۆتاکان لە ١١ کورسییەوە کەم بکرێتەوە بۆ پێنج کورسی و لەمەش خراپتر کۆتاکانیان بەسەر حزبە کوردستانییەکان دابەش کرد.

کێشەیەکی دیکەی پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ئەوەیە ئەوانەی وەك دەوڵەتمەدار بیر دەکەنەوە، ژمارەیان زۆر کەمە و هەژموونی سیاسەتمەداری حزبی لە پرۆسەکەدا باڵادەستە، ئەمەش خاڵێکی دیکەی مەترسیدارە لەناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و کاریگەریی نەرێنیشی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر مافی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان کردووە، کە من لێرەدا وەك نوێنەری نەتەوەی تورکمان تەنیا باس لەو کاریگەرییە نەرێنییانە دەکەم کە بووەتە هۆکاری پێشێلکردنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

ئێمە وەك نەتەوەی تورکمان کە لەناو هەرێمی کوردستان دەژین، حەز دەکەین ئەم هەرێمە بەهێز بێت، سیمای گەشی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشتر بێت و مافەکمان پارێزراو بێت، بەڵام بە هۆی ئەو ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مافەکانمان -جەخت لەسەر مافی تورکمان دەکەمەوە-، لە مەترسیدایە و ژمارەی دانیشتووانمان کەم دەبێتەوە، زمان و کەلتوورمان بەرەو سڕینەوە دەچێت، سەرباری هەموو ئەمانەش دەسەڵاتدارانی هەرێم بەرپرسیارانە سەیری گرنگیی کۆتای پێکهاتەکانی پەرلەمانی کوردستانیان نەکردووە. دەپرسین بۆچی؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە لای حزبە سیاسییە کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستانە و دەبێت ئەوان وەڵامی ئەم پرسیارەمان بدەنەوە.

حزبە سیاسییە کوردستانییەکان گازندەیان لەسەر ئەو ١١ کورسییەی کۆتای پێکهاتەکان ئەوە بوو و پێیان دەگوتین «ئەو ١١ کورسییەی کۆتا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی پارتی دەکەن»، یان پێیان دەگوتین «ئێوە بە دەنگدانی ڕاستەقینەی خۆتان نەهاتوونەتە پەرلەمان»، لە وەڵامی گازندەیەکە پێمان دەگوتن «برایان مەسەلەکە ئەوە نییە ئێمە خزمەتی پارتی دەکەین، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئەوان لەم دەڤەرە لایەنی سەرەکین لە حکومەتدا، داواکاریی پێکهاتەکانیش ئاراستەی حکومەت دەکرێن، بۆیە دەبێت لە حکومەت بەشدار بین. بۆیە ئێمە کاتێك پشتگیری لە حکومەت دەکەین، واتە پشتگیری لەو هاوپەیمانییەش دەکەین کە حکومەتی پێکهیناوە، ئەمە واتە پشتگیری لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی

**کێشەی هەمووومان لە هەرێمی کوردستان، ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییە کوردستانییەکانە، بەڕاستی ئەم ململانێیە هەرێمی کوردستانی ناشیرین کردووە و بووەتە هۆکاری ئەوەی چەندین کارەساتیشمان بەسەردا بێت**

**ململانێی حزبە سیاسییەکان بووە هۆکاری ئەوەی بە ڕێگەی دادگای فیدراڵی پەرلەمانی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە ١١١ کورسی کەم بکرێتەوە بۆ ١٠٠ کورسی**

**پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ئەوەیە ئەوانەی وەک دەوڵەتمەدار بیر دەکەنەوە، ژمارەیان زۆر کەمە و هەژموونی سیاسەتمەداری حزبی لە پرۆسەکەدا باڵادەستە، ئەمەش خاڵێکی دیکەی مەترسیدارە لەناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان**

**ئێمە وەک نەتەوەی تورکمان کە لەناو هەرێمی کوردستان دەژین، حەز دەکەین ئەم هەرێمە بەهێز بێت، سیمای گەشی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشتر بێت**

گۆڕانیش دەکەین، چونکە ئێوەش بەشێکن لەو حکومەتە، سەبارەت بە گازندەی دووەمیش کە پێیان دەگوتین «ئێوە بەدەنگدانی ڕاستەقینە نەهاتوونەتە پەرلەمان»، ئێمە پێمان دەگوتن «باشە پێمان بڵێن ئێوە تا چەند توانیوتانە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکانە بکەن، کە دەنگیان پێداون؟ کوا بەرنامە و پرۆژەتان بۆ ئەو خەڵکە، پێمان ناڵێن بێجگە لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتری چیتان کردووە؟»

ئەوەندەی من ئاگادارم، هیچ پەرلەمانتارێك لەسەر ئاستی پەرلەمانی هەرێم و عێراق، کتێبێکی لەسەر پێداویستیی پرۆژە بۆ کۆمەڵگە نەنووسیوە، بەڵام من کە نوێنەرایەتیی نەتەوەی تورکمان دەکەم و خۆم بە هاووڵاتیەکی کوردستان دەزانم، کتێبێکم نووسیوە کە «١٢٦» پرۆژەی بۆ سەرجەم سێکتەرە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەخۆی گرتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بێت و هاووڵاتیانی کوردستان بە خۆشگوزەرانی بژین.

پێشتر ئێمە شانازیمان دەکرد کە ١١ کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتە جیاوازەکان لەناو پەرلەمانی کوردستان بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی مەزندەمان نەدەکرد، ئەوە بوو کە حزبی سیاسیی کوردستانی لە هەرێمی کوردستان هەبوو، زۆر بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە نابێت هیچ کورسییەکی کۆتا بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی «تورکمان، کلدو سریان و ئاشووری، ئەرمەن» بمێنێت، سەرەنجامیش کەم کرایەوە بۆ پێنج کورسی و، ئەو مافەیان لێ سەندینەوە کە پێشتر شانازیمان پێوە دەکرد.

لە ئێستادا بە تێڕوانینی ئێمە ئەو پێنج کورسییەی کۆتاش کە ماون، نوێنەرایەتیی پێکهاتە جیاوازەکان ناکەن، بەڵکو دابەش کراون، سیانیان لای پارتی دیموکراتی کوردستان و دووانیشیان لەلای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئەمەش زۆر ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە هەر دوو حزبی دەسەڵات نەك داواکاری پێکهاتەکان جێبەجێ ناکەن، بەڵکو خواست و ئامانجەکانی خۆیان لەسەر حیسابی پێکهاتەکان یەکلایی دەکەنەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی کوردستاندا، پێیان دەگوتین «پارتی دیموکراتی کوردستان دەستتێوەردان لە دەنگدانی پێکهاتەکان دەکات»، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا، حزبەکانی دیکە کارێکیان کرد کە وەك دەڵێن «سەد ڕەحمەت بە کفن دز»، سەرنج بدەن لە بازنەی هەڵبژاردنی سلێمانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ٦٥٠٠ دەنگیان داوە بە ئەندامێکی خۆیان بە حیساب ئەو ئەندامەی خۆیان نوێنەرایەتیی پێکهاتەی تورکمان لە سلێمانی دەکات. پرسیاری ئێمە لە یەکێتیی نیشتمانی ئەوەیە ئایا ٦٠٠٠ دانیشتووانی تورکمان لە سلێمانی هەیە، هەتا ٦٥٠٠ دەنگدەری هەبێت؟ بەڕاستی ئەم دابەشکردنەی کۆتای پێکهاتەکان، سیمای پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی لە هەرێمی کوردستان ناشیرین کرد.

لە ناو ئەو ژینگە سیاسییەی کە جۆرێك لە هەستی نائومێدی لای پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بە تێڕوانینی ئێمە جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوو لایەنە سەرەکییەکەی پێکهێنانی کابینەی دیەم دەبن، ئەو لایەنانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن داناوە، زەحمەتە بتوانن لە کابینەی داهاتوو بەشداری بکەن، لەبەر ئەوەی ئەزموون دەریخستووە، هەرکام لەو حزبانە بەشداریی حکومەتی کردبێت، لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگەکانی کەمی کردووە، بۆیە بە دووری دەزانین حزبەکان دیکە بەشداریی حکومەتی داهاتوو بکەن، دەمێنێتەوە نوێنەری پێکهاتەکان کە مەبەستم پێنج کورسییە کۆتاکەی ئەمجارەیە، ئەوان جیا لەوەی لە ئێستا دابەش بوون بە سەر پارتی و یەکێتیدا و سەیری بڕیاری ئەو دوو حزبە دەکەن، لە هەمان کاتدا ناتوانن بەشداریی حکومەت نەکەن، لەبەر ئەوەی داواکاریی پێکهاتەکان لای حکومەتە و هەر حکومەت دەبێت خواست و داواکاریی پێکهاتەکان جێبەجێ بکات و ڕێگەی دیکەیان لەبەردەمدا نییە.

ئەرکی گەورە ئێستا لەسەرشانی کۆی هاووڵاتیانی کوردستانە، ئەو خەڵکە بە ڕێژەیەکی بەرز (٧٢٪) بەشداریی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە،

**ئێمە کاتێک پشتگیری لە حکومەت دەکەین، واتە پشتگیری لەو هاوپەیمانییەش دەکەین کە حکومەتی پێکهیناوە**

**کتێبێکم نووسیوە کە «١٢٦» پرۆژەی بۆ سەرجەم سێکتەرە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەخۆی گرتووە**

**ئەو پێنج کورسییەی کۆتاش کە ماون، نوێنەرایەتیی پێکهاتە جیاوازەکان ناکەن، بەڵکو دابەش کراون، سیانیان لای پارتی دیموکراتی کوردستان و دووانیشیان لەلای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە**

**هەر دوو حزبی دەسەڵات نەک داواکاری پێکهاتەکان جێبەجێ ناکەن، بەڵکو خواست و ئامانجەکانی خۆیان لەسەر حیسابی پێکهاتەکان یەکلایی دەکەنەوە**

لە ئێستادا نابێت ئەو خەڵکە لە دواخستنی پێکهێنانی حکومەت بێدەنگ بن. دەبێت گوشاری زۆر جددی بخرێتە سەر حزبەکان بەتایبەتی هەردوو لایەنی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) و پێیان بگوترێت «خەڵك دەنگی بە ئێوە داوە، بۆ ئەوەی بە زوویی حکومەت پێکبهێنن»، بۆ ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو خراپتر نەچێت، دەبێت زۆر بە زوویی ئەو بۆشاییە یاساییانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، پڕیان بکەینەوە، هەوڵەکان یەك بخەین، بۆ ئەوەی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، لە سادەترین مافی ئەم هەرێمەدا کە مووچەی فەرمانبەرانە، ئێستا فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، دەنگوباسی مووچەیان لا بووەتە هەواڵ و سەردێڕی گرنگی هەموو میدیاکان، بۆیە بارودۆخەکە لە بەردەم مەترسی و ئالنگاریدایە و دەبێت بە زوویی هەنگاوی جددی بۆ هەڵبگرین و حکومەتی داهاتوو بە زووترین کات پێکبهێرێت.

لە دوماهیدا جارێکی دیکە دەخوازم، جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بە پاراستنی سیمای گەشی پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بدات، دەبێت خۆی داکۆیکار بێت لەسەر ئەوەی زمان و کەلتووری نەتەوە جیاوازەکان پارێزاو بێت و گەشەی پێبدات و زیاتر بەرەو پێشەوەی ببات.

بۆ من وەك تورکمانێك چەند شانازییە وەك «تورکمانێکی هەولێر و کفری» بە تورکمانەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بڵێم: ئێمە لە هەرێمی کوردستان مافەکانمان پارێزراوە و ژیانمان زۆر جیاوازی لەگەڵ ژیانی ئێوە هەیە، بۆیە ئەگەر بۆ نموونە تورکمان لە هەرێمی کوردستان کەم بووەوە، یان کەلتوور زمانەکەیان سڕایەوە و بوونی نەما، پێش هەر لایەك هەرێمی کوردستان ناشیرین دەکات و چیتر ناتوانین شانازی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەوە بکەین.

لایەنێکی دیکە کە دەبێت جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە تورکمان و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، هەڕەشە نین بۆ سەر کوردستان، بۆیە داوا دەکەین، هانمان بدەن بۆ ئەوەی گرنگی بە کەلتووری خۆمان بدەین، نەمانەوێت هەرێمی کوردستان بەراورد بە تورکیا بکەن و پێمان بڵێن، لەوێ ئەمە دەکرێ و ئەوە دەکرێت، ئێمە هەرگیز (نە لە ڕابردوو، نە لە ئێستا، نە لەداهاتووش) زیانمان بۆ کوردستان نەبووە و نابێت. لەم شوێنە کە هۆڵی بەشی ڕۆشنیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە ڕاشکاوی داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، چاو بە سیاسەتی خۆی بەرانبەر کۆتاکان بخشێنێتەوە و باشتر داکۆکی لە مافی کۆتاکان بکات و بەرگری لە کۆتاکان بکات، بەرگری لە ماف و کەلتوور و زمان و پەروەردەمان بکات، بە جۆرێك بەرگریمان لێ بکات، کە حزبەکانی دیکە پێمان نەڵێن ئێوە پاشکۆی پارتین، بەڵکو ناچار بن، پێمان بڵێن ئێوە هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانن.





## زیرەک کەمال

راوێژکار لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان:

# زۆر گرنگە بەرپرسیارانە هەوڵەکان یەک بخرێن بۆ ئەوەی بەپەلە کابینەی دەیەم پێک بهێنرێت و بەرژەوەندیی حزبی نەگاتە ئەو ئاستە بێباکییەی خەڵکی کوردستان نائومێد بکات

زیرەك كەمال، ڕاوێژكارە لە سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان و، یەكێكە لە كادرە دیارەكانی حزبی شیوعی كوردستان، ماوەیەكیش ئەندامی مەكتەبی سیاسی ئەو حزبە بووە و دەكرێت پێی بگوترێت، چەپێكی ڕەخنەگری كورد و كوردستانی، لەبەر ئەوەی لە تێڕوانینی ئەم سیاسەتمەدارەدا، پرسی «خاك و نیشتمان» لە سەرووی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییەوەیە و، بەردەوام داكۆكی لە ئەوە دەكات، كە دەبێت حزبە سیاسییەكانی كوردستان لە خوار بەرژەوەندیی باڵای خاك و نیشتمانەوە سیاسەت و حزبایەتی بكەن و، بەرژەوەندیی حزبی نەخە سەرووی بەرژەوەندیی خاك و نیشتمانەوە، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەكانی پێكهێنانی كابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی كوردستان)، زۆر بە وردی و ڕاشكاوی گرفتی حزبە سیاسییەكانی لەناو پرۆسەی حوكمڕانیی هەرێمی كوردستان دەستنیشان كرد و بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەكانی خستە ڕوو.

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە بۆ گفتوگۆیە لەسەر ئەم پرسە گرنگە «ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم» کە کۆمەڵێك دەستەبژێری لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە کۆ کردووەتەوە و پێکەوە گەنگەشەی ئەم پرسە هەستیارە دەکەین.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، سەرەتا بە پێویستی دەزانم، بە دوو پرسیار دەروازەیەك بۆ خوێندنەوەی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکەمەوە، کە بریتین لە:

١- ئێمە بۆچی هەڵبژاردن دەکەین؟

٢- ڕوانینی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ هەڵبژاردن و حکومەت چۆنە؟

ئەگەر بمانەوێت بە قووڵی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوە، بەوەی حزب چۆن سەیری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات و، چۆن دەڕوانێتە حکومەت، ئەوا لەوانەیە لەو ماوە کورتەی بۆ ئەم گفتوگۆیە دیاری کراوە، نەتوانین بە تەواوەتی وەڵام بدەینە، بۆیە بە کورتی هەڵوەستەیان لەسەر دەکەم.

هەموو لایەك دەزانن، قۆناغی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ قۆناغی دوای هەڵمەتەکان، دوو قۆناغی جیاوازن، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەم دوو قۆناغەمان تێکەڵاو کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە قۆناغی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا هەموو حزبێك ئازادە چۆن بانگەشە و ڕێکلام بۆ خۆی و بەرنامەکانی دەکات، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن قۆناغێکی نوێ دەست پێ دەکات و پێویستە حزبەکان قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردن تێپەڕێنن و دەست بە قۆناغێکی نوێ بکەن، کە ئەویش پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتە، بەداخەوە وەك ئێستا دەبینین، زۆرێك لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا هەر وا دەزانن لە قۆناغی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندان و بە هەمان ئاراستە گوتار دەدەن و سیاسەت دەکەن، ئەمە وەك ئەو حاڵەتە دێتە بەرچاو کە عەزیز نەسینی چیرۆکنووسی کۆمێدیی گەورەی تورك دەڵێت: «کێشەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە نەك یادی ڕابردوو ناکەینەوە، بەڵکو لە ناو ڕابردوودا دەژین»، ئەم قسەیە بەسەر واقیعی ئێستای ئێمەی دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردندا بە تەواوەتی پراکتیزە دەبێت، هەروەها دەبێتە دەروازەیەکیش بۆ ئەوەی تێڕوانینی حزب بۆ هەڵبژاردن و حکومەتی لە هەرێمی کوردستان پێ بخوێنینەوە.

- ڕوانینی حزب لە کوردستان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن

لە هەموو وڵاتانی جیهان پرۆسەی هەڵبژاردن بەو ئامانجە ئەنجام دەرێت، کە پرۆسەی دیموکراتی زیاتر قووڵ بکاتەوە و گەشە بسەنێت، پایەکانی حوکمڕانی بەهێز بێت و سیمایەکی جوان بەو دەوڵەتە لە جیهاندا ببەخشێت، بەڵام بەداخەوە، ئەوەی من لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا بینیم، ئەوە بوو کە زۆر لە حزب و لایەنە سیاسییە بەشداربووەکان، ئەوەندەی بانگەشەیان بۆ «دەست شکاندنەوە، یەکتری شکاندن، بردنەوە و دۆڕان » دەکرد، شتێکی دیکە نەبوو وەك «کار و بەرنامە» گرەوی لەسەر بکەین و، ئەم ئاراستەیە جۆرێك لە ناڕوونی بۆ ئایندە لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.

- ڕوانینی حزب لە کوردستان بۆ حکومەت:

تێڕوانینی حزب لە کوردستان بۆ حکومەت، تێڕوانینێکی زۆر خراپ و نەرێنییە، ئێمە هەموومان دەزانین کاتێك کابینەیەکی نوێی حکومەت ڕادەگەیەنرێت، کارنامەی خۆی بڵاو دەکاتەوە، دەبێت حزبە سیاسییەکان بەو حزبانەشی کە ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێانی حکومەتەکەدا هەیە، دەرفەت بڕەخسێنن بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت ئەو کارنامەیەی ڕایگەیاندووە، جێبەجێی بکات، هەروەها دەبێت بوار بەو ئەندامانەی خۆی بدات، کە پۆستەکانی حکومەت بەڕێوە دەبات، لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەو حکومەتەدا کاروبارەکان هەڵبسووڕێنێت، نەك بە تەلەفونێك لە مەکتەبی سیاسییانەوە ئاراستە بکرێن و پێیان بگوترێت ئەمە بکەن و ئەمە مەکەن. بەداخەوە، هەتا ئێستا پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە ئاراستە کراوە، هەر بۆیە کە سەیری ئەو ڕوانینەی حزب دەکەین بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، بۆ پێکهێنانی حکومەت،

**قۆناغی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ قۆناغی دوای هەڵمەتەکان، دوو قۆناغی جیاوازن، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەم دوو قۆناغەمان تێکەڵاو کردووە**

**زۆرێک لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا هەر وا دەزانن لە قۆناغی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندان و بە هەمان ئاراستە گوتار دەدەن و سیاسەت دەکەن**

**قسەی ئێمە ڕووی لە هەر دوو حزبەکەیە «پارتی و یەکێتی» لەبەر ئەوەی تەنیا بەم دوو حزبە هەرێمی کوردستان بونیاد دەنرێتەوە و هەر بەم دوو حزبەش تێک دەدرێت**

**ئەوەی کێشەی بۆ ئێمە دروست کردووە، خودی «فرەحزبی» نییە، بەڵکو خراپ بەکارهێنانی «فرەحزبییە»، بۆیە دەبێت هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەدا چڕ بکرێنەوە، کە کۆتایی بە بەکارهێنانی خراپی فرەحزبی لە کوردستان بهێنین**

**چۆن ئێستا ئێمە شانازی بە سیمای گەشی فرەنەتەوەیی و فرەئاییینیی هەرێمی کوردستانەوە دەکەین، ئەگەر خراپ فرەحزبی بەکار نەهێنرێت، شانازی بە فرەحزبی و پێکەوە گرێدانەوەی بۆچوونە جیاوازەکان دەکەین**

**لایەک ئۆپۆزسیۆن وەک دوژمن سەیری حکومەت دەکات و، لە لایەکەی دیکە حکومەت بەوجۆرە سەیری ئۆپۆزسیۆن دەکات کە پێویست نییە و زیادە**

**دەبێت حکومەت بە تەواوەتی ئەو قەناعەتەی لا دروست ببێت کە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراتی پێویستییەکە و ناتوانرێت دەستبەرداری بین**

**نابێت ئۆپۆزسیۆن دژی حکومەت بێت، بەڵکو دەبێت چاودێریی شێوازی ئەدای حوکمڕانیی حکومەت بێت و هەڵە و کەموکورتییەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە**

بۆ پرسی دیموکراتی لە کوردستان، وامان لێ دەکات، ئومێدمان بۆ بەخێرایی پێکهێنانی کابینەی داهاتوو تا کاتێکی نادیار لاواز بێت، کە هیواردام وانەبێت.

فاکتەری سەرەکی لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی کوردستاندا، هەردوو حزبی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ـن کە ئەم دوو حزبە وەك ئەمری واقیع، دوو حزبی سەرەکیی کوردستانن، بۆیە کابینەی داهاتووش هەر دەبێت ئەم دوو لایەنە پێکیبهێنن، ئەوجا لایەنی دیکەی سیاسی بەشداری پێ دەکەن، یان نا، ئەوەش پرسێکی دیکەیە.

لەم چوارچێوەیەدا قسەی ئێمە ڕووی لە هەر دوو حزبەکەیە «پارتی و یەکێتی» لەبەر ئەوەی تەنیا بەم دوو حزبە هەرێمی کوردستان بونیاد دەنرێتەوە و هەر بەم دوو حزبەش تێك دەدرێت، کە من ئومێدەوارم لایەنی بونیادنان زاڵ بێت بەسەر لایەنی تێکداندا.

لە ئێستادا گرنگە پارتی و یەکێتی وەك خۆی لەو ڕاستییە تێبگەن، کە بە ڕێژەی ٧٢ ٪ی خەڵکی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردنی کردووە، ئەمە مانای ئەوەیە خەڵکی کوردستان ئومێدی بە هەڵبژاردن هەیە، بۆیە هەردوولا دەبێت تا ئەو ئاستە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و ماف بە خۆیان نەدەن ئەو چرای ئومێدەی لە ناخی هاوولاتیانی کوردستاندا بەم هەڵبژاردنە دروست بووە، بکووژێنەوە. بمانەوێت، یان نەمانەوێت، لەوە گەڕێ کەموکورتیمان چۆنە و تاچەند خەڵك نارازییە، بەڵام هەردوو حزب دەنگی خۆیان هێنا، بۆیە بەرپرسیاریەتیی گەورە لەسەر شانی پارتی و یەکێتییە و دەبێت بەرپرسیارانە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن و شان بدەنە بەر بەرپرسیارێتی و ئەو خەڵکە نائومێد نەکەن و بە زوویی حکومەتی داهاتوو پێك بهێنن.

لەم گفتوگۆیەدا بەڕێز کاك عارف ڕوشدی ئاماژەی بەوە کرد، کێشەی ئێمە لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا بوونی «فرەحزبی»یە، بەڵام من دووبارە جەخت لەوە دەکەمەوە، کێشەکە فرەحزبی نییە، بەڵکو تێڕوانینی حزبە بۆ «خاك، نەتەوە، هەڵبژاردن، حوکمڕانی، دیموکراسی و...هتد»، ڕاستە لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا بوونی «یەك گوتار، یەك سەنگەر، یەك ئاراستە» زۆر گرنگە، بەڵام ئەوەی کێشەی بۆ ئێمە دروست کردووە، خودی «فرەحزبی» نییە، بەڵکو خراپ بەکارهێنانی «فرەحزبییە»، بۆیە دەبێت هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەدا چڕ بکرێنەوە، کە کۆتایی بە بەکارهێنانی خراپی فرەحزبی لە کوردستان بهێنین، لەبەر ئەوەی چۆن ئێستا ئێمە شانازی بە سیمای گەشی فرەنەتەوەیی و فرەئاییینیی هەرێمی کوردستانەوە دەکەین، ئەگەر خراپ فرەحزبی بەکار نەهێنرێت، شانازی بە فرەحزبی و پێکەوە گرێدانەوەی بۆچوونە جیاوازەکان دەکەین و دەشبێتە سەرچاوەی هێز بۆ کوردستان، نەك وەك ئەوەی ئێستا دەبینین بووەتە سەرچاوەی لاوازیی کوردستان.

ئەگەر سەیری دەرهاویشتە نەرێنیەکانی خراپ بەکارهێنانی «فرەحزبی» بکەین، دەبینین ئێستا ئێمە لە ناو پرۆسەی سیاسیدا حکومەتمان هەیە لە ناو پەرلەمانیش ئۆپۆزسیۆن هەیە، بەڵام کاتێك سەرنج دەدەین ئیشکالییەتەکە تەنیا لە ئەدای خراپی «پارتی و یەکێتی» نییە وەك دوو حزبی دەسەڵات، بەڵکو ئێمە ئیشکالییەتمان لە خراپ کارکردنی ئۆپۆزسیۆن هەیە، لە لایەك ئۆپۆزسیۆن وەك دوژمن سەیری حکومەت دەکات و، لە لایەکەی دیکە حکومەت بەوجۆرە سەیری ئۆپۆزسیۆن دەکات کە پێویست نییە و زیادە، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت «حکومەت و ئۆپۆزسیۆن» لە ناو پرۆسە سیاسییەکەدا تەواوکاری یەکتری بن.

ئەوجا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی بیسەلمێنێت حوکمڕانییەکی دیموکراسی پیادە دەکات، ئەوا فەرز دەبێت کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لەم هەرێمەدا هەبێت، ئۆپۆزسیۆنیش بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکە نیشتمانییەکانی خۆی جێبەجێ بکات و خزمەتی هاوولاتیان بکات، دەبێت حکومەتێك هەبێت ئەم وڵاتە بەڕێوە ببات.

کەواتە لە ئێستادا پێویستمان بەوەیە تێڕوانینی حزبەکان ئەوانەی لە دەسەڵاتدان بۆ ئۆپۆزسیۆن و ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن بۆ



حکومەت، گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. دەبێت حکومەت بە تەواوەتی ئەو قەناعەتەی لا دروست ببێت کە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراتی پێویستییەکە و ناتوانرێت دەستبەرداری بین، بە هەمان شێوە دەبێت لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بگەنە قەناعەتی تەواو کە حکومەت شەیتان نییە، نابێت ئۆپۆزسیۆن دژی حکومەت بێت، بەڵکو دەبێت چاودێریی شێوازی ئەدای حوکمڕانیی حکومەت بێت و هەڵە و کەموکورتییەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە، دەبێت ئەو قەناعەتەیان بە تەواوەتی بۆ دروست بێت، کە وڵات بەبێ حکومەت بەڕێوە ناچێت و سیستم و حکومەت وجوودی نەبێت، ئاژاوە و پاشاگەردانی لە وڵاتدا دروست دەبێت و کەس لە چارەنووسی خۆی دڵنیا نابێت.

لە دوماهیدا جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە، کە دەبێت حزبە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، هەوڵەکان چڕ بکەنەوە بۆ ئەوەی بە زوویی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك بهێنن، ئەوجا کێ بەشدار دەبێت، کێ دەبێتە ئۆپۆزسیۆن ئەوە کێشە نابێت. گرنگە حزبەکان لەو ڕاستییە تێبگەن کە هەتا ئەم ساتەوەختەش خەڵکی کوردستان ئومێدی بە هەڵبژاردن و ئومێدی بەو حزبانە ماوە، بۆیە دەبێت ڕێز لە ئیرادە و ئومێدی ئەو خەڵکە بگرن و ڕێگە بە خۆیان نەدەن ئەو ئومێدە بکووژێتەوە و، کابینەیەکی تۆکمەی خاوەن بەرنامەیەکی خزمەتگوزاری پێك بهێنن.

**کاتی ئەوەیە حزبەکان لەوە تێبگەن کە لە هەرێمی کوردستاندا کێشەی گەورە و جددی هەیە، خەڵک تووڕەیە و ڕەخنەی هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو خەڵکە دەرەفەتێکی دیکەی داوەتە حزبەکان بۆ ئەوەی بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە**

کاتی ئەوەیە حزبەکان لەوە تێبگەن کە لە هەرێمی کوردستاندا کێشەی گەورە و جددی هەیە، خەڵك تووڕەیە و ڕەخنەی هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو خەڵکە دەرەفەتێکی دیکەی داوەتە حزبەکان بۆ ئەوەی بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە، گرنگە ئەم قەناعەتە دروست ببێت، بۆ ئەوەی نەگەینەوە ئەو نائومێدییەی کە خەڵکی کوردستان بڵێن هەڵبژاردنی داهاتووش هەر ئەوە ئاکامەکەی دەبێت.



د.یوسف سماقولی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستانە، کە یەکێکە لە حزبە تێکۆشەر و دێرینەکانی کوردستان لە سەردەمی شاخ و لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، وێڕای ئەوەی هەڵویستی حزبەکەی سەبارەت بە خێرایی پێکهێنانی کابینەی دەیەم خستەڕوو، بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی دەربڕی.

# د. یوسف سماقولی

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان :

# وێڕای بوونی کۆمەڵێک کۆسپ، لە بەردەم پێکهێنانی کابینەی دەیەم، بەڵام دەبێت لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو پەلە بکرێت

زۆر سوپاس بۆ بەشی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە، کە هەنگاوێکی گرنگە بۆ هەڵێنجانی بیرۆکەی بنیادنەر و سەرکەوتوو بە قازانجی گەلەکەمان.

دەمەوێت بە پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسییە سەرکەوتووەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ بکەم، بەتایبەتی کە دوێنێ (٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤) ڕێکاری پەسەندکردنی ئەنجامەکان دوای تانەی لایەنەکان چووە بواری جێبەجێکردنەوە، دەتوانین ڕێکارەکەی دوێنێ وەك دەستپێك بۆ پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی دەیەم وێنا بکەین.

بە ڕای ئێمە، سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرکەوتنی گەلی کوردستان بوو. پرۆسەکە گرنگ و چارەنوسساز بوو، گرنگ بە قەد پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان. هەموان دەزانین عێراقی نوێ ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتە نەبوو کە ئومێدی بۆ دەخوازرا، هەر ئەوەندەی باری سەر شانیان لە کێشە نێوخۆییەکانیان سووك بوو، کەوتنە وێزە و پیلانگێڕی و سنووردارکردنی خەڵك و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك دەزگا و دامەزراوەی گرنگی هەرێمیان هەڵوەشاندەوە، لە نێویاندا پەرلەمانی کوردستان، ئەو پەرلەمانەی کە بە خوێنی شەهیدان بناغەی دانرا، ئەو پەرلەمانەی لە کاتێکدا بنیاد نرا، بەعسییەکان بە

ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی گەلەکەمان دەبوونەوە، لەو کاتەدا زۆرینەی دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق لە ترسی گیانی خۆیان بە هەزاران کیلۆمەتر لە وڵاتەکەوە دوور بوون، بەڵام خەڵکی کوردستان بەو پەڕی ئیرادە بەرزییەوە مومارەسەی مافە سیاسی و دیموکراسییەکانی خۆیان کرد و دەنگیان بۆ پەرلەمانی کوردستان دا. بۆیە هەڵبژاردن بۆ ئەم خولەی پەرلەمان چارەنووسساز بوو، جارێکی دیکە گەل شەرعییەتی دایەوە بە دامەزراوە دەستوورییەکانی کوردستان.

ئێمە پێمان وایە، سەرکەوتنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەشێکی گەورەی پیلانگێڕییەکانی دوژمنانی کردە بڵقی سەر ئاو و زوو پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی ئەو پلانگێڕییانە لە گۆڕ دەنێت.

خاڵێکی دیکە، لای هەمووان ئاشکرایە سەرەڕای چەندین ڕێککەوتن لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق بە شاهێدی وڵاتانی دۆست و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سەرەڕای وەستاندنی پرۆسەی هەناردەی نەوت وەك بەشێك لە خواستەکانی دەوڵەتی عێراق، سەرەڕای جێبەجێکردنی پابەندییەکان، کەچی دەسەڵاتدارانی عێراق ئامادە نین قوت و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بنێرن، هەر مانگەو بە بیانوویەك کێشە بۆ ئەو مافە سەرەتایی و دەستوورییەی گەلەکەمان دروست دەکەن. کارێکیان کردووە هاتنی مووچە وەك مژدە لە میدیاکانەوە بە خەڵك بدرێت. لێرەدا دەمەوێت هەڵوێستێکی بەڕێز محەمەدی حاجی مەحموود، سەرۆکی حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بە بیر بهێنمەوە، کە تەئکیدیان دەکردەوە، عێراق وەك دوژمن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات و، هیچ دوژمنێکیش ئامادە نییە خەرجی دوژمنەکانی بدات، با لە جیاتی عێراق خۆمان داهاتی نێوخۆ کۆبکەینەوە و بەسەر گەلەکەماندا دابەشی بکەین.

وێڕای ئەو ئالنگارییانەی لە نێوخۆی عێراقدا ڕووبەڕووی گەلەکەمان دەبێتەوە، ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە هۆی شەڕ و ململانێکانەوە بووەتە گڕکانێك و ڕۆژانە وڵات و ناوچەی جیاواز دەسووتێنێت، هەموو ئەم ئەگەرانە فاکتەرن کە بڵێین: پێکهێنانی کابینەی دەیەم وەك نەفەس بۆ پاراستنی دەستکەوت و قەوارە و سەروەرییەکان و بۆ گەلەکەمان گرنگ و پێویستە.

ڕاستە کۆمەڵێك کۆسپ و لەمپەری بەهێز هەن لە بەردەم پێکهێنانی کابینەی دەیەم و بەشێك لە هێزەکان هەر زوو و لە سەرەتای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن بڕیاری ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان دا، بەشێکی دیکەی پەیوەستە بە ناڕوونی ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی پێکهێنانی کابینەی دەیەم، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگە بیر لە کۆتایی حەدەسەکان بکەینەوە. ئەزموونی زۆرمان هەیە لەگەڵ ناتەبایی، دژایەتیی و ڕێکنەکەوتن، لەوەش هەمووان زەرەرمەند بوون و لە کۆتاییدا ئەو ڕاستییە ڕوون بووەوە کە گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و دانوستان بۆ چارەسەری گرفتەکان بە ئاشتی باشترین و کاریگەرترین بژاردەیە.

سەبارەت بە شداریمان لە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر ئەو پرسیارەمان ئاراستە دەکرێت، بەوەی ئایا ئێوە وەك حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان بەشدار دەبن، یان دەبنە ئۆپۆزسیون؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاشکاوانە دەڵێین: سەبارەت بە هەڵوێستی حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداری لە کابینەی دەیەم جارێ زووە قسە لەسەر ئەو پرسە بکرێت، بێگومان پاش هەڵسەنگان لایەنی پەیوەندیدار لە بۆچوونمان ئاگادار دەکەینەوە.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، لەم گفتوگۆیەدا باس لە کەمکردنەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان و لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی کوردستان کرا. کە ئەمە بە غەدرێکی گەورە لە دژی مافەکانیان لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش دەرهاویشتەی نەرێنی ئەو ململانێی سیاسییە ناتەندروستەیە کە لە کوردستان بوونی هەیە. لە وڵاتانی دنیا کاتێك هەڵبژاردن دەکرێت، حزبەکان هەر چەندی بۆیان بکرێت، ململانێی یەکتری دەکەن، بەڵام هەوڵ نادەن سیستمی وڵاتەکە بگۆڕن، بەڵام بەداخەوە ململانێی حزبی گەیشتە ئەو ئاستەی دەستکاری سیستمەکەش بکرێت، بۆیە بە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی دەزانین، پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان بکەنە ئەولەوییەت و پێکەوە ئەو سیمای پێکەوەژیانە ئاشتیانەی هەرێمی کوردستان بپارێزین. کێشەی سەرەکیی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئینتیمای حزبیمان لە سەرووی ئینتیمای نیشتمانییەوە داناوە، دەبێت ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بکرێتەوە و ئینتیمای نیشتمانی بخەینەوە سەرووی ئینتیمایی حزبییەوە.

**عێراقی نوێ ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتە نەبوو کە ئومێدی بۆ دەخوازرا، هەر ئەوەندەی باری سەر شانیان لە کێشە نێوخۆییەکانیان سووک بوو، کەوتنە وێزە و پیلانگێڕی و سنووردارکردنی خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە هۆی شەڕ و ململانێکانەوە بووەتە گڕکانێک و ڕۆژانە وڵات و ناوچەی جیاواز دەسووتێنێت**

**پێکهێنانی کابینەی دەیەم وەک نەفەس بۆ پاراستنی دەستکەوت و قەوارە و سەروەرییەکان و بۆ گەلەکەمان گرنگ و پێویستە**

**بە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی دەزانین، پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان بکەنە ئەولەوییەت و پێکەوە ئەو سیمای پێکەوەژیانە ئاشتیانەی هەرێمی کوردستان بپارێزین**




د.سەربەست نەبی

مامۆستای فەلسەفەی سیاسی لە زانکۆی کۆیە:


# ئەزموونەکانی پێشوو سەلماندوویانە کە پێکهێنانی حکومەت بە تەوافقی سیاسی شکستی هێناوە و، چیتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان و کێشەکانی دواتری هەرێم گونجاو نین

د.سەربەست نەبی، مامۆستای فەلسەفەی سیاسییە لە زانکۆی کۆیە و، یەکێکە لە ڕۆشنبیرە دیارەکانی کوردستان و، چاودێرێکی سیاسیی دیارە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەردەوام لەسەر ئاستی کەناڵەکانی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی ڕاوبۆچوونی لەسەر پرس و کێشە گەرمەکانی ڕۆژ وەردەگیردرێت، لەهەمان کاتدا خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستییە لە بوارەکانی فەلسەفە و فەلسەفەی سیاسی. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، جیا لەوەی زۆر بە ڕاشکاوانە باسی لە گرنگیی پەلەکردن بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و چەند پێشنیاری خستەڕوو، هاوکات پەیپەرێکیشی بۆ گفتوگۆکە ئامادە کردبوو، کە لەسەر داوای خۆی پەیپەرەکەی بۆ بڵاو دەکەینەوە و ئەمە دەقەکەیەتی.

**● کابینەی دەیەم**
**بەرەو حکومەتێکی یەکگرتوو و پتەو و پەرلەمانێکی بەهێز**

هەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان لە سایەی ئالنگاریی زۆری ناوخۆیی و عێراقی و ئیقلیمیی زۆر ئاڵۆز و هەستیار ئەنجام درا، کە پەیوەست بوو، بە بەرژەوەندییەکان و ئایندەی ئەم هەرێمە و کێبڕکێی توندی حزبییش دیارترین سیمای ئەو هەڵبژاردنە بوو، کە کاریگەریی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتیدا هەبوو، تەنانەت دابەشکارییەکی دیاری هێنایە نێو کۆمەڵگەوە.

لە سەرەتادا ئەم دابەشکارییە زۆر توند و هەڕەشەئامێز بوو، کە مەترسیی ئەنجامی توندی لێ دەکرا، لای چاودێرانیش ئەم ترسە هەبوو لەوەی کە نەبادا ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی ئاشتییانە نەچێتەسەر، بە شێوەیەك بانگەشەی هەڵبژاردن لای زۆر لە بەربژێران و تەنانەت لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردن شێوازگەلێکی خۆنواندنی لادەر و پەرگیریان پێوە دیار بوو، وەك زمانێکی هەڕەشە و تۆڵەسەندنەوە و تۆمەتبارکردنی بەدەر لە یەکدەنگیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دەهاتە بەرچاو، هەندێ جار دەگەیشتە یەکتر شکاندنەوەش، بە شێوەیەك گەیشتە ئاستی دەستدرێژیی جەستەیی و ماددی.

بە پێچەوانەی ئەو هەموو ترس و هەستی چاودێرییەوە، هەڵبژاردن لە کەشێکی زۆر ئەرێنی ئەنجام درا، دەنگدەرانی هەرێم بە گوڕوتینێکی بەرزەوە و بەهەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و کۆمەڵگەیی بەشداریان تێدا کرد، ئەم گوڕوتینەش ئاماژەیە بۆ ئاستی هۆشیاریی هاووڵاتیانی هەرێم لە هەمبەر مەترسییە سیاسییەکان و ئالنگارییەکان، کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو تووشی هاتبوون. بۆیە وەك ئامادەباشییەك بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان، توندتر لە ساڵانی داهاتوو وەستانەوە، ئەمەش دەخوازێت، کە هەر حکومەتێك لە داهاتوودا بێتە سەر حوکم، دەبێت ئەم مەترسی و ئالنگارییانە بەهەند وەربگرێت، تاکو ببێتە جێگەی متمانەی هاووڵاتیان و سەکۆیەکی پتەو بۆ گرەوە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان.

بە پێچەوانەی زۆر لە پێشبینییەکان، کە گرەویان لەسەر دەکرا بەتایبەتی هەڵکشانی تووڕەیی ناوخۆ و بێزاریی هاووڵاتیان بە هۆی قەیرانەکانی ئابووری و ڕەوتی ژیان و گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە بیروبۆچوونی دەنگدەران، ئەنجامەکان کۆپی ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییانە بوون، کە لە نێو بنکەی جەماوەری حزبیدا هەبوون، وەك بڵێی ئەم ئەنجامانە پێشتر ئامادەکرابن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دۆخی سەقامگیری و پێقایمکردنی کۆمەڵگە بکەن لە هەرێمدا، تاکو ئەو هاوسەنگییەی کە ١٥ ساڵە هەیە، تێك نەچێت.

**● چوارچێوەی سیاسی و ئیقلیمی**
**گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە**

لەوەتەی ڕیفراندۆمی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٧، کەموکوڕییەکی پێکهاتەیی لە پێگە و ڕۆڵی هەرێم هاتە کایەوە، کە قەیرانی ئابووری و گوزەرانیشی بەدوادا هات، ئەمەش لە ئەنجامی ناکۆکییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەند، جگە لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی کارگێڕی و کەموکورتیی وەزیفی لە دامەزراوەکانی حکومەتدا، کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بوونە بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان و کابینەی نۆیەمی بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی و ئالنگارییەکانی ناوخۆ و عێراقی کرد، کە ئاسان نەبوو بەبێ دانی باجێکی گران لە سەقامگیریی و ئاسایشی هەرێم لێی ڕزگار بێت، بەڵام ئەم حکومەتە توانی خۆی ڕابگرێت و بەرەنگاری بێتەوە. ئەو هەڵبژاردنەی ئەم دواییەی پەرلەمان، هەرچەندە زۆر باسی دواخستن و نەکردنی کرا، بەڵام وەك دەستکەوتێکی نەتەوەییە کە شایانی ئاماژە پێکردن بێت.

حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە حزبە تایفەگەرییەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و ئەجێندای ئیقلیمی پەیڕەو دەکەن، بە درێژایی ماوەی ڕابردوو و تا ئێستاش بە ئەنقەست گەمارۆی هەرێم دەدات و، دەیەوێت پێگەی

**بانگەشەی هەڵبژاردن لای زۆر لە بەربژێران و تەنانەت لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردن شێوازگەلێکی خۆنواندنی لادەر و پەرگیریان پێوە دیار بوو**

**ئەو هەڵبژاردنەی ئەم دواییەی پەرلەمان، هەرچەندە زۆر باسی دواخستن و نەکردنی کرا، بەڵام وەك دەستکەوتێکی نەتەوەییە کە شایانی ئاماژە پێکردن بێت**

**حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە حزبە تایفەگەرییەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و ئەجێندای ئیقلیمی پەیڕەو دەکەن، بە درێژایی ماوەی ڕابردوو و تا ئێستاش بە ئەنقەست گەمارۆی هەرێم دەدات**

لەق بکات، مافە دەستوورییەکانی سنووردار بکات و بە هەموو شێوەیەك لاوازی بکات، بە تەواوی دوای ڕیفراندۆم دەستی هاریکاریی ئەجێندای تورکیا و ئێرانی گرت، ئەمەش بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی فیدراڵی و پەراوێزخستنی، بۆ ئەوەی قەوارەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان بکاتە پەیکەرێکی بێبەش لە مافە دەستوورییەکان و پێناسەکەی، لەم سۆنگەوە پەنای بردە بەر دادگای فیدراڵی، کە چەند کەسایەتییەکی ناسەربەخۆ و سەر بە لایەنەکان دەستی بەسەردا دەگرن، ئەمەشی کردە سەکۆیەك بۆ تێپەڕاندنی ئەجێندا و پیلانی سیاسی دژی هەرێم، بە دەرکردنی زنجیرەیەك بڕیاری ستەمکارانە کە بێبەش نەبوون لە پاڵنەرە سیاسییەکانی.

خەریك بوو ئەم ڕێوشوێن و تەگبیرە سیاسییانە پێگە و بوونی هەرێم لاواز بکەن، ئەگەر هەر سێ لا لە هاوکاریی نێوانیان بەردەوام بوونایە، لە سایە و پشتگیریی ئەمریکا و ئەورووپا بۆ سیاسەتەکانی ئێران و تورکیا لە عێراق و ناوچەکە، ئەگەر گۆڕانکاریی ئیقلیمی ڕووی نەدابایە، کە چاوەڕوان نەدەکرا، ڕووی لە ناوچەکە کرد و ترس و دڵەڕاوکێی لای ناوەندی بڕیاری نێودەوڵەتی هێنایە ئاراوە، کە پەیوست بوو بە مەترسییەکانی سەر بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا.

لە ئوکتۆبەری **٢٠٢٣** بزووتنەوەی حەماس سەرکێشییەکی ئەنجام دا، ئەگەر بڵێین بە تەواوی خۆکوژی بوو، ئەمەش دەرحەق هاووڵاتیانی سڤیلی ئیسرائیل لە دەوروبەری کەرتی غەززە، لە ئەنجامدا ١٢٠٠ کەس کوژران و سەدان هاووڵاتی ئیسرائیل و بیانی بە بارمتە گیران، سەرەتا سەرکەوتنێکی خێرا ڕاگەیاندرا لەلایەن لایەنگرانی حەماسەوە و ئەوەی پێی دەگوترێت «میحوەری بەرگری»، کە لەژێر چێژی سەرکەوتن پێیان وابوو ئیسرائیل «لە ماڵی جاڵجاڵۆکە لاوازترە» و نزیکە لەناو بچێت، هەروەك خامنەیی ڕێبەری ئێران ئەمەی ڕاگەیاند. بەم شێوەیە لایەنی ئێرانی دۆخەکەی بە دروشمی پاڵپشتیکردن تاو دەدا، هەروەها گوایە ڕزگارکردنی قودس بە دەستی موجاهیدانی میحوەری بەرگری نزیك بووە، بۆیە ئاگاداری پێکهاتەکانی لایەنگری خۆی کردەوە، عێراقی و یەمەنی و لە سەروویانەوە حزبوڵڵای لوبنانی کە پێویستە خۆیان بۆ شەڕێکی یەکلاکەرەوەی گەورە ئامادە بکەن، لە کاتێکدا دیپلۆماسییەتی ئێرانی کەوتە جووڵە، لەپشت نووسینگە داخراوەکاندا، لە وتووێژکردن لەبارەی دەرهاویشتە تازەکانی ئەو سەرکێشییەی حەماس، بە مەبەستی بەهێزکردنی دەستکەوتە دیپلۆماسییەکانی لە ڕووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە، هەروەها خزمەتکردنی ئەجێندا سەربازییەکانی لە پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی.

وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئەنجامەکانی ئەو سەرکێشییە تووشی شۆك بوون، کە پەرگیرانی حەماس و سەرگەرمەکانی ئەو بزووتنەوەیە پەنایان بۆ برد، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان بەرانبەر ئەنجامەکانی کارەساتی قەبارەی کاردانەوەی ئیسرائیل و تێگەیشتنیان سەرەتا بە تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیل مەزندەی قەوارەی کاردانەوەکانیان نەکردبوو.

هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا گومانێکی زۆر هاتە ئاراوە لەبارەی ڕۆڵی ئێران لە هاندان و پاڵپشتیکردنی لۆجستییانەی حەماس، بۆیە میدیا عەرەبی و بیانییەکان بە ئاشکرا پەنجەی تاوانیان بۆ تێوەگلانی ئێران لەم شەڕە ڕاکێشا.

هیچ کەس لە لایەنگرانی حەماس و بڕیاربەدەستان لەو بزووتنەوەیەدا پێشبینی قەبارە و هێزی کاردانەوەی ئیسرائیلیان نەدەکرد لە بەرانبەر ئەو ئۆپەراسیۆنە، وا دیارە خواستی سەرانی حەماس و میحوەری ئێرانی بۆ تەواوکردنی سەرکەوتنی سیاسیی پرۆپاگەندەیی بەسەر ئیسرائیلدا، پاڵنەر بوو کە ئەو سەرکەوتنە بقۆزنەوە کە لە پێشبینیی ئەواندا نەبوو، ئەو ژمارانەی خوارەوە دەربڕی قەبارەی کاردانەوەی ئیسرائیل دەردەخەن تا ئەو ساتە وەختە، داتەپینی ژێرخانی غەززە، ٨٦٪ی شوێنە تەندروستییەکان، وێرانکردنی تەواوی ٧٠٪ی بینا و باڵەخانەکان، ژمارەی قوربانییەکانی شەڕی غەززە لە ٤٥ هەزار کەس تێپەڕیوە، لەوانە ٢٠ هەزاریان لە چەکدارانی حەماسن، بریندارەکانیش گەیشتوونەتە ١٠٠ هەزار کەس، زیاتر لە دوو ملیۆن کەس

**گومانێکی زۆر هاتە ئاراوە لەبارەی ڕۆڵی ئێران لە هاندان و پاڵپشتیکردنی لۆجستییانەی حەماس، بۆیە میدیا عەرەبی و بیانییەکان بە ئاشکرا پەنجەی تاوانیان بۆ تێوەگلانی ئێران لەم شەڕە ڕاکێشا**

**ژمارەی قوربانییەکانی شەڕی غەززە لە ٤٥ هەزار کەس تێپەڕیوە، لەوانە ٢٠ هەزاریان لە چەکدارانی حەماسن، بریندارەکانیش گەیشتوونەتە ١٠٠ هەزار کەس، زیاتر لە دوو ملیۆن کەس ئاوارە بوون و، ژمارەی سەربازانی کوژراوی ئیسرائیلیش نزیکەی ٨٠٠ کەسن**

**حکومەتی ئێران بە درێژایی ئەو ماوەیە بە ئەنقەست خۆی بەدوور گرت لە چوونە ناوی ڕاستەوخۆی شەڕەوە، لەژێر دروشمی «ئارامیی ستراتیژی»، بە مەبەستی قۆستنەوەی کات تاکو پەرە بە پرۆژە ئەتۆمییەکەی بدات، بۆ گەیشتن بە بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی**

ئاوارە بوون و، ژمارەی سەربازانی کوژراوی ئیسرائیلیش نزیکەی ٨٠٠ کەسن.

پێشبینی دەکرا کە ئێران هێزەکانی حزبوڵڵا لە شەڕی حەماسەوە بگلێنێت بۆ درێژکردنەوەی ماوەی شەڕ، لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە ئەمنی و ستراتیژییەکانی، حکومەتی ئێران بە درێژایی ئەو ماوەیە بە ئەنقەست خۆی بەدوور گرت لە چوونە ناوی ڕاستەوخۆی شەڕەوە، لەژێر دروشمی «ئارامیی ستراتیژی»، بە مەبەستی قۆستنەوەی کات تاکو پەرە بە پڕۆژە ئەتۆمییەکەی بدات، بۆ گەیشتن بە بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، جگە لە هەندێ دەستڕێژی مووشەك کە شێوەی کەرنەڤاڵ و یاریی ئاگرینی بەخۆیەوە بینیبوو، ئەمانەش هیچ زیانێکیان بە لایەنی ئیسرائیل نەگەیاند.

لەلای خۆیەوە سەرۆکی تورکیا کە حەزی لە نمایشکردنی ڕاسپاردەکەیەتی بۆسەر دنیای ئیسلام و موسڵمانان، دوور نەبوو لە قۆستنەوەی کارەساتی غەززە و ململانێی نێوان حەماس و ئیسرائیل، بۆیە بە توندی پرۆتستۆی ئەو هەڵسوکەوتانەی ناتانیاهۆی دەکرد و فرمێسکی بۆ قوربانییەکان دەڕشت، ئەو بۆردومانەی ئیسرائیلی بۆ غەززە و وێرانکردنی ژێرخانی ئەو ناوچەیەی، بە تاوانی نێودەوڵەتیی جەنگ لەقەڵەم دەدا، لەهەمان کاتدا فڕۆکەکانی بێ پسانەوە ژێرخان و نەخۆشخانە و وێستگەکانی کارەبا و ئاوی لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆردومان دەکرد و دەیان هاووڵاتی سڤیلی دەکوشت و بریندار دەکرد، ئەوە جگە لە بۆردومانی ڕۆژانەی گوند و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان و ئاوارەکردنی دانیشتووان، ئەو دووفاقییە سیمایەکی نەگۆڕی هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی ئۆردوغانە، کە لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت دەستکەوتی سیاسی و دیپلۆماسی وەدەست بهێنێت و لە قەیران و کارەساتە مرۆییەکاندا بەرجەستەیان بکات.

ئۆردوغان سەرباری هات و هاواری لەڕاددەبەردەر کە گوایە ئاگاداری قودس و کێشەی فەڵەستین دەبێت، بەڵام لە وەدیهێنانی سەرکەوتنی سیاسی، یان دەستکەوتی سیاسی شکستی خوارد، دەستەوەسان بوو لە گێڕانی ئەو ڕۆڵە کاریگەرە لەم ململانێیەدا، هەروەها شکستی هێنا لە کێبڕکێ لەگەڵ ڕۆڵی ئێران لەم ڕووەوە، چونکە لایەنەکانی ململانێیەکە متمانەیان پێی نەبوو، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاوکاریی سەربازیی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لەم قۆناغەدا کز نەبوو، بەڵکو زیاتر گەشەی سەند، کاروانەکانی هاوکاریی خۆراك و لۆجیستیی تورکیا بە چڕی لە ڕێی دەریاوە ڕۆژانە دەگەیشتنە بەندەری حەیفا، وێڕای گازی ئازەری، سەرچاوەی سەرەکیی وزەی ئیسرائیل کە بە خاکی تورکیادا تێدەپەڕێت.

ناتانیاهۆ گرنگییەکی ئەوتۆی بە هات و هاوارەکانی ئەردۆغان نەدا، هەروەها ئیدانەکردنی ڕۆژانەی بە هەند وەرنەگرت، بەڵکو بە جۆرێك لە گاڵتەجاڕی و سووکایەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. لە کاتێکدا کە فڕۆکەکانی مووشەکەکانیان بەسەر غەززە و باشووری بەیروتدا دەخستە خوارەوە و وێرانکارییەکی هەمەلایەنەیان بۆ دروست دەکرد، چاوەکانی دوور و بە پەلە لە تاران بوون و، هەوڵی دەدا بیخاتە شەڕێکی هەمەلایەنە و کراوە، ئامانجی لەمەشدا ڕاکێشانی واشنتۆن بوو بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ئیسرائیل دژی ئێران، دواجار دۆزینەوەی دەرفەت، یان بیانووی گونجاو بۆ لەناوبردنی پڕۆژەی ئەتۆمیی ئێران بۆ یەکجارەکی و نەهێشتنی ئەگەرەکانی ئاوەدانکردنەوەی لە داهاتوودا، وەك ئەوەی لە عێراقدا ڕوویدا. دووبارەکردنەوەی سیناریۆی ئۆپەراسیۆنی «ئۆپێرا» کە بە ئۆپەراسیۆنی «بابل»یش ناسراوە، کە لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٨١ ئەنجام درا، لە ئەنجامدا بنکەی ئەتۆمیی عێراق لە لایەن فڕۆکە ئیسرائیلییەکانەوە لەناو بردرا، ئەو ئامانجە کۆتاییە بوو، کە ناتانیاهۆ ئاواتەخوازە لەم شەڕەدا بەدەستی بهێنێت. دواجار ئەگەری نەهێشتنی ئەوەی کە ئێران ببێتە هێزێکی ئەتۆمیی ئیقلیمی کە کێبڕکێ لەگەڵ هەژموونی جیۆپۆلەتیکیی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا بکات. ئێرانییەکان بە تەواوی ئاگاداری نیازی ناتانیاهۆ بوون، هەر بۆیەش لە ڕاددەبەدەر ئاگایان لەخۆ بوو، نەیاندەویست بکەونە ئەو تەڵەیەی کە ناتانیاهۆ بۆی دانابوون، کە دەیانخستە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و

**ئۆردوغان سەرباری هات و هاواری لەڕاددەبەردەر کە گوایە ئاگاداری قودس و کێشەی فەڵەستین دەبێت، بەڵام لە وەدیهێنانی سەرکەوتنی سیاسی، یان دەستکەوتی سیاسی شکستی خوارد**

**ناتانیاهۆ گرنگییەکی ئەوتۆی بە هات و هاوارەکانی ئەردۆغان نەدا، هەروەها ئیدانەکردنی ڕۆژانەی بە هەند وەرنەگرت، بەڵکو بە جۆرێک لە گاڵتەجاڕی و سووکایەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد**

**ئۆپەراسیۆنی «ئۆپێرا» کە بە ئۆپەراسیۆنی «بابل»یش ناسراوە، کە لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٨١ ئەنجام درا، لە ئەنجامدا بنکەی ئەتۆمیی عێراق لە لایەن فڕۆکە ئیسرائیلییەکانەوە لەناو بردرا**

**ئامانجی ڕاستەوخۆی شەڕەکانی نەتانیاهۆ نەهێشتنی کاریگەریی ئێران بوو لە غەززە و لوبنان و سووریا و تا ئەوپەڕی لاوازکردنی لە عێراقدا**

نەخوازراوی سەربازی لەگەڵ ئەمریکادا. هەر بۆیە ئێرانییەکان سەریان خستە نێو خۆڵی «ئارامیی ستراتیژی» و ڕوویان کردە پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەیان بە بێدەنگی و بە نهێنی بە حەزی خۆیان بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر شەڕێك کە پێش ئەوەی ببنە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی بەسەریاندا سەپێندرابێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەم دۆخە، ئێرانییەکان پێش هەموان پێشبینییان دەکرد کە ترەمپ سەردەکەوێت و، جارێکی دیکە دێتەوە کۆشکی سپی، هەر بۆیەش خۆیان ئامادە کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیناریۆیەکی لەو شێوەیە، دوای کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەری ڕەئیسی و، لە دوای سەرکەوتنی پزیشکیان، دیپلۆماسیی ئێرانیش دەستی کرد بە پەسەندکردنی سیناریۆیەکی نوێی زمان نەرمونیان، بەرانبەر ئەمریکا.

ئامانجی ڕاستەوخۆی شەڕەکانی نەتانیاهۆ نەهێشتنی کاریگەریی ئێران بوو لە غەززە و لوبنان و سووریا و تا ئەوپەڕی لاوازکردنی لە عێراقدا، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەگەرەدا، دەبێت پێشبینی ئەوە بکەین کە عێراق ببێتە چەقی سەرەکیی ململانێی داهاتووی نێوان قەڵەمڕەویی ئەمریکا و ئێران، جگە لەوەی کە ئەگەری زۆرە ئامانجی هێرشەکانی ئیسرائیل بێت لە قۆناغی داهاتوودا دژی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران، بەڵام ئامانجی درێژخایەن و کۆتاییەکەی بریتییە لە گۆڕینی گشتگیریی ڕێساکانی ململانێی عەرەب و ئیسرائیل کە لە ساڵی ١٩٤٨ەوە چەسپاوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی ئیقلیمی کە گەرەنتی ئاسایشی ئیسرائیل دەکات، هەروەها ئاساییکردنەوەی هەمەلایەنەی لە دەوروبەری ئیقلیمیدا. ئەم سیستەمە نوێیە لەسەر بنەمایەکی جەوهەری دامەزراوە، پوختەکەی نەك تەنیا داماڵینی مافی ڕاگەیاندنی شەڕ لە دوژمنە ڕاستەقینەکەی و کاریگەریی ئیسرائیلە، بەڵکو لەوە زیاتریش، تەنانەت مافی هەڕەشەکردن، یان ئاماژەکردن بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی بسەنێتەوە. ئەمە ئەو لێدوانەی ناتانیاهۆ بوو لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی وەستانی شەڕ لە لوبنان، کە گوتی: «ئێمە ئێستا ڕوخساری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕین».

**دەبێت پێشبینی ئەوە بکەین کە عێراق ببێتە چەقی سەرەکیی ململانێی داهاتووی نێوان قەڵەمڕەویی ئەمریکا و ئێران**

هەر حکومەتێکی داهاتووی هەرێم کە ڕووبەڕووی ئەم گۆڕانکارییانە و دەرئەنجامەکانیان دەبێتەوە، دەبێت لە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیدا کاردانەوەی ئەو جۆرە گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییە چۆنایەتییانە لە دەوروبەری ئیقلیمیی خۆیدا لەبەرچاو بگرێت، واتە ئەم گۆڕانکارییانە لەبەرچاو بگرێت:

- لێکنزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا دەبێتە هۆی دامەزراندنی پەیوەندیی ئاسایی. هەروەها نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دیسانەوە توندتر لە ئێران پەرەدەسەنن.
- ئاراستەکردنی هێرشی توندی ئیسرائیل لە دژی میلیشیاکان و کوتلە چەکدارەکانی سەر بە ئێران.
- مانۆڕ و هەوڵەکانی ئەم دواییەی ئەردۆغان بۆ کرانەوە بەڕووی دۆزی کورد لە باکووری کوردستان. هەروەها ئەگەر هەڵوێستی ئەمریکا ئارام ببێتەوە، ئەردۆغان ئۆپەراسیۆنی سەربازی دیکە دەستپێدەکات، بە پاڵپشتیی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، تا دەگاتە سنوورەکانی ڕۆژئاوای هەرێم.
- لاوازیی ڕژێمی بەشار ئەسەد تا ئەوپەڕی ڕووخان و، هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی ڕژێم بەسەر ناوچە جوگرافییەکانی سووریا و دەرکەوتنی نیشانەکانی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ.
- هەندێ ئاماژەی ڕاستەقینە هەن بۆ هەڵاتنی خۆری کورد لە ئاسمانی سیاسیی جیهانی ئیقلیمی و پەرەسەندنی گرنگی دیمۆگرافیای ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جگە لە گرنگیی جیۆپۆلەتیکی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، بۆیە چاوەڕوان دەکەین دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەدا بایەخێکی سیاسی و مرۆیی لای بڕیاردەرانی جیهانی و لەسەر ئاستی کۆمەڵگە شارستانییەکان بەدەست بهێنێت. لێدوانەکەی «جەدعۆن ساعر»ی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل سەبارەت بە پێویستیی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ کورد، تەنیا ترساندنێکی میدیایی نەبوو بۆ وروووژاندنی ترس و نائارامیی ڕژێمەکانی ئێران و تورکیا و سووریا...هتد.

**لێکنزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا دەبێتە هۆی دامەزراندنی پەیوەندیی ئاسایی. هەروەها نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دیسانەوە توندتر لە ئێران پەرەدەسەنن**

**● ئالنگارییە ناوخۆییەکان و شایستەکانی هەڵبژاردن**

**پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو**

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە دۆخێکی ناوازەی لە هەرێم نەسەپاند و، تابلۆیەکی سیاسیی نوێی بەرهەم نەهێنا، بەو پێیەی نزیك بوو لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوودا یەك بگرێتەوە و، جارێکی دیکە هێز و کاریگەریی ئەو دوو حزبە سەرەکییە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ی نیشان دا لە دابەشکردنی دەنگی دەنگدەران، تاکە گۆڕاو بریتی بوو لە دابەزینی کاریگەریی «بزووتنەوەی گۆڕان» بۆ کەمترین ئاست، کە بە زۆری دەنگی ئەو کەسانەی گرتەوە کە نارازی بوون لە بەڕێوەبردنی حکومەت لەلایەن ئەو دوو حزبەوە، لە کاتێکدا «بزووتنەوەی نەوەی نوێ» جێگەی ئەم گۆڕانەی گرتەوە و دەنگەکانی کوتلەی سێیەمی هەڵبژاردنی بەدەستهێنا بە جیاوازییەك کە لە سەرووی پێشبینیکردندا بوو.

ئەزموونەکانی پێشووی دیموکراسیی شلۆقی کورد دەریانخست، کە سیاسەتی تەوافوقی حزبی لەسەر بنەمای پشکێنە و زامنکردنی ئیمتیازاتی دوو حزبی سەرەکی، هەرچەندە جۆرێك لە سەقامگیری و ئەمنییەتی شل و شلۆقی بەدەستهێنا، بەڵام زۆر جار هەڵەکانی کەڵەکە دەکرد، کە ڕەگ و ڕیشەی لە ئیدارە و دامەزراوەکاندا چەقاندبوو، هەروەها هەر چاکسازییەکی کارگێڕی، یان پێشکەوتنێکی پەك دەخست، کە یەکەیەکی ڕێکخراوەیی و کارگێڕی بەدەست بهێنێت لە وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمدا، بە پێچەوانەوە ئەم سیاسەتە بووە هۆی بەردەوامبوونی واقیعێکی دابەشکار و لادەر و شێواو کە ناسنامەی هەرێمەکەی وەك مۆرکی خۆی چاپ دەکرد.

نەك هەر لەسەر ئاستی کارگێڕی، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەلتووریشدا. لە ئەنجامدا چیدی سیاسەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، یان سیاسەتێکی کەلتووری سەبارەت بە ناسنامە و ...هتد نەماوە و، تاکتیکەکانی سیاسیی حزبیی هەر لایەنێك بووەتە ستراتیژێکی هەمەلایەنەی نەتەوەیی بۆ هەموو هەرێمەکە.

بەم شێوەیە سیاسەتی تەوافوق ڕێگری لە سەرهەڵدانی حکومەتێکی بەهێز و یەکگرتوو بە بەرنامە و گوتارێکی نیشتمانییەوە کرد. بەڵکو دەسەڵاتێکی ئۆلیگارشییەکی حزبیی ناوخۆیی سەری هەڵدا، کە بەرژەوەندییەکەی بەردەوامکردنی ئەم هەڵوێستە بوو، هەروەها مانەوەی خۆی لەسەر بنەمای وەلا دامەزراند، کە لە زۆر کاتدا بەدەر نەبوون لە ئەجێندای ئیقلیمی.

جگە لەوانەی پێشتر باسمان کردن، ئەم دۆخە بووە هۆی پەراوێزخستنی ڕۆڵ و ئەرکەکانی پەرلەمان لە یاسادانان و چاودێریکردنی ئەدای دامودەزگاکانی حکومەت لە هەرێمدا، ئەمەش بە هۆی دەسەڵاتی دامەزراوەکانی حزب و هەژموونی بەسەر پەرلەمانەوە، کە دەبوو دوا سەنگەر بووایە بۆ هێزی هەرێم و شەرعییەتی دەستووری، کە ئەمەش هانی هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی دا لە بەغدا بۆ ئەوەی دادگای فیدراڵی ئاراستە بکەن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و بڕیارەکانی هەرێم، کە گوزارشت لە ئیرادەی گشتیی هەرێم دەکەن، هەوڵیان دەدا پێگەی کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی هاوتای ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی بێت لە سەردەمی ستەمی بەعسدا.

بەشێوەیەکی گشتی، ڕەنگە ئاڵۆزی و ڕەهەندەکانی دۆزی کورد، سەرهەڵدانی حکومەتێکی بەهێزی نیشتمانی و سەربەخۆ بۆ هەرێم، دوور لە تەوافوقە هەرێمییەکان مەحاڵ بکات، بەڵام پێناچێت زەمینە خۆشکردن بۆ دامەزراندنی وابێت، بە مەرجێك، ئەویش دوورکەوتنەوەیە لە ڕێبازی تەوافوقی حزبی و لۆژیکی پشکێنە، ئەوەی ئێستا و بە پلەی یەکەم پێویستە، گەڕاندنەوەی یەکێتیی ئیداریی هەرێم، یەکگرتوویی ئیرادەی یاسادانان و سەرچاوەکەی، یەکبوونی ناسنامەی کەلتووری و نەتەوەیی و یەکبوونی دامەزراوەکانی ئەمنی و بەرگرییەکەیە. ڕێخۆشکردن بۆ ئەم ئامانجانە بە وازهێنان دەست پێ دەکات لە وەهمی تەوافوق و هەڵبەستراوی سیاسیی حزبی

**هەندێ ئاماژەی ڕاستەقینە هەن بۆ هەڵاتنی خۆری کورد لە ئاسمانی سیاسیی جیهانی ئیقلیمی و پەرەسەندنی گرنگی دیمۆگرافیای ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**چاوەڕوان دەکەین دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەدا بایەخێکی سیاسی و مرۆیی لای بڕیاردەرانی جیهانی و لەسەر ئاستی کۆمەڵگە شارستانییەکان بەدەست بهێنێت**

**سیاسەتی تەوافوق ڕێگری لە سەرهەڵدانی حکومەتێکی بەهێز و یەکگرتوو بە بەرنامە و گوتارێکی نیشتمانییەوە کرد**



لەسەر حیسابی داهاتوو و بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێم. ئەزموونەکانی دوو دەیەی ئەم دواییە دەریانخستووە کە تێگەیشتن، یان تەوافوقی رووکەشی سیاسی/حزبی لە رووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانی ئێستادا ڕەوا نییە و لەگەڵ پێداویستییەکانی داهاتووی هەرێمدا ناگونجێت.

پێدەچێت ڕوون بێت کە دووبارەکردنەوەی سیناریۆکانی پێشووی تەوافوق، بە هەر بیانوویەك بوویێت، دوودڵی، یان کەم سەیرکردنی ئەو مەترسییانە پێکدەهێنێت کە لە ئێستادا هەرێم ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەوانەی کە ئەگەریان هەیە بێنە ئاراوە. ناژیرانەیە کە ڕووبەڕووی کێشەکان ببنەوە بە پەنابردن بۆ هەمان چارەسەرەکان، کە ئەزموونەکانی پێشوو سەلماندوویانە شکستیان هێناوە و، چیتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەزموونەکان، یان کێشەکانی دواتر گونجاو نین.

قوربانیدانی سیاسی، یان ماددیی پێویست هەرچییەك بێت، بۆ گەیشتن بەو چوار ئامانجە، پێویستە بازدان بێت لە دەرەوەی چوارچێوەی بژاردەکانی بەردەست و ئاسایی و گەڕان بە دوای مۆدێلێکی جیاوازدا بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم لەژێر ڕۆشنایی ئەرکە مێژووییە بەپەلە و چارەنووسسازەکاندا. ئەم قۆناغە پێویستی بە بوونی حکومەتێکی یەکگرتوو و پتەو هەیە لەبارەی بەرنامەیەکی ڕوون و وردی نیشتمانی، لە بەرانبەردا بوونی پەرلەمانێکی بەهێز کە چاودێریی ئەدای حکومەت و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بکات.

بێگومان چارەسەری سیحراوی نییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، بەڵام کارکردن لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرهاویشتە پراکتیکییانەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراقەوە دەرکەوتن، ئەوەیە کە سیما و فۆڕمی حکومەتی چاوەڕوانکراو بۆ ئێمە دەستنیشان دەکات. ڕەنگە سیناریۆی ڕاسپاردنی کوتلەی براوە بە زۆرینەی پەرلەمانی زۆرترین ئەگەری دەستپێشخەری هەنگاوی یەکەم بێت. ئەم سیناریۆیە نزیکترینە لەو تێڕوانینانەی کە ئەم پەڕە گریمانەی کردووە، سەبارەت بە پێویستیی دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتوو و پتەو کە ڕووبەڕووی ئەرکەکانی یەکخستنی هەردوو ئیدارە و دامەزراوە حکومییەکان ببێتەوە و بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بێت کە لە حکومەتەکانی پێشووەوە بۆی ماونەتەوە.

ئەم نزیکردنەوەیە بۆ فۆرم و ڕێکخستنی حکومەتی داهاتوو لەسەر ئەو قەناعەتە دامەزراوە، کە پێویست ناکات کوتلەی زۆرینەی پەرلەمانی زۆربەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پشکەکانی وەزاری بەدەست

**ئەزموونەکانی دوو دەیەی ئەم دواییە دەریانخستووە کە تێگەیشتن، یان تەوافوقی رووکەشی سیاسی/حزبی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکانی ئێستادا ڕەوا نییە و لەگەڵ پێداویستییەکانی داهاتووی هەرێمدا ناگونجێت**



بهێنێت، بەڵكو دەبێت دەستپێشخەری بكات و دەست بكات بە پێكهێنانی حكومەت و كەمترین ژمارەی وەزارەتەكان بۆ خۆی دابنێت، لەگەڵ سەرۆكایەتیكردنی ئەنجومەنی وەزیران، لە بەرانبەردا بەشداریكردنی فراوانترین لایەن لە كوتلە پەرلەمانییەكان زۆرینەی دەسەڵاتی جێبەجێكردن و پۆستە وەزارییەكانیان هەبێت، واتە سەرۆكایەتییەكی چالاك كە بە زۆرینەیەكی بەهێزی پەرلەمانی پاڵپشتی بكرێت.

بۆ دەستەبەركردنی دابەشكردنی ئەم دەسەڵاتانەی جێبەجێكردن و یەكێتی و پتەویی كاری حكومەت، پێویستە لەسەرەتادا ڕێك بكەون لەسەر بەرنامەیەكی وردی پراكتیكیی حكومەت و پابەندكەر بۆ هەموو لایەنە بەشداربووەكان لە دەسەڵاتی جێبەجێكردندا، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو كوتلە زۆرینەیەی كە ئەركی پێكهێنانی حكومەتی لەسەرە، دەبێت بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكەی پشت بە بەهێزكردنی ڕۆڵی پەرلەمانی هەرێم لە یاسادانان و چاودێریكردندا ببەستێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت هەنگاو بنێت بەرەو دامەزراندنی تۆكمەی زۆرینەی پەرلەمانی، كە ئەركی یەكەمی چاودێریی جێبەجێكردنی بەرنامەی حكومەت بێت. ئەم هەنگاوە چەندین ئامانج بەدەست دەهێنێت، لەوانە:

- بەهێزكردنی ڕۆڵی پەرلەمانی هەرێم و گەڕاندنەوەی ئیعتوبار بۆ پەرلەمان، بەو پێیەی دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێرییە.
-ڕێكخستنی ئەدای ئەنجومەنی وەزیران.
- وەدیهێنانی هاوسەنگییەكی دینامیكی لە نێوان هەر دوو دەسەڵاتی جێبەجێكردن و یاسادانادا.
- نەهێشتنی بارگرانییەكانی ئاوسانی بیرۆكراتی لە كارەكانی ئەنجومەنی وەزیراندا و، تێپەڕاندنی دۆخی بەربەستی پشكێنەی حزبی كە بڕیاردان و جێبەجێكردن پەك دەخات.
- هێنانەدی تەوافوقی سیاسی و كۆمەڵایەتی لە نێوان پێكهاتە و هێزەكاندا، هەروەها دامەزراندنی شەرعییەت بۆ حكومەت، نەك لەسەر بنەمای ئیمتیاز و پشكێنەی حزبی، بەڵكو لەسەر بنەمای گرێبەست كە بناغەكەی لەسەر جێبەجێكردنی بەرنامەی حكومەت دامەزرابێت بە چاوپۆشی لە بەرژەوەندخوازانی حزبی.
- دابەشكردنی بەرپرسیارێتییەكان بە یەكسانی لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییەكاندا.
- گەڕاندنەوەی هەژموون و شكۆی حكومەتی هەرێم و پەرلەمانەكەی، نەك تەنیا لەبەرچاوی خەڵك، بەڵكو لەسەر ئاستی سیستمی فیدڕاڵی عێراقیشدا.

**قۆناغە پێویستی بە بوونی حكومەتێكی یەكگرتوو و پتەو هەیە لەبارەی بەرنامەیەكی ڕوون و وردی نیشتمانی**

**یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان. ئەم ئەرکە بەپەلەیە بە پێشەکییەک دادەندرێت بۆ هەر یەکگرتنەوەیەکی دامەزراوەکانی هەرێم**

**پێویستە یاسا و ڕێکاری دادوەری ڕوون و شەفاف بن، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لێیان تێبگەن و ماف و ئەرکەکانیان بزانن**

**پێویستە دادوەرەکان ئازادییەکی تەواویان هەبێت لە هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکان و جێبەجێکردنی یاساکە و، نابێت لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی حکومەت و حزبەکان و هیچ توێژێکی دیکەدا بن**

- یەکخستنی گوتاری سیاسی و میدیایی هەرێم و بە دامەزراوەییکردنیان، دوور لە ئەجێندا و ڕەچاوکردنی بەشەکیی و بەرتەسکی حزبی، بەو پێیەی گوتارێکی شەرعییە کە گوزارشت لە ئیرادەی گشتی و هاوبەشی گەلی هەرێم دەکات.

- سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی گشتیی شەرعی کە لە دەسەڵاتی بەشەکیی حزبی باڵاتر بێت، توانای سەپاندنی بڕیار و ئیرادەی خۆی هەبێت بەسەر هەموو کەسێکدا بەبێ جیاوازی، بەو شەرعیەتییە گشتییەی کە خاوەنیەتی، هەروەها توانای گەیشتنی بە پلان و بەرنامەکانی هەبێت، بەبێ هیچ بەربەستێکی سەرپێیی.

- بەبێ گوێدانە ئەمانە و ئەنجامەکانی دیکە، ئەرکی بەپەلە و چارەنووسساز لەبەردەم حکومەتی داهاتوودا سەرهەڵدەدەن، هەرچییەك بێت، شایستەیی و شەرعیەتییەکەی پەیوەستە بە ئاستی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە نیشتمانییانە، لەوانە:

- یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان. ئەم ئەرکە بەپەلەیە بە پێشەکییەك دادەندرێت بۆ هەر یەکگرتنەوەیەکی دامەزراوەکانی هەرێم، ئەرکێکی نیشتمانی هەستیارە، دەبێت بە دیدێکی ڕوون بێت بۆ یەکخستنیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نیشتمانی، هەروەها پلانێکی تۆکمەی کارکردن بۆ گەیشتن بەم دیدگایە. ئەم پلانەش دەبێت فرەلایەنە و گشتگیر بێت بە هەموو لایەنەکانی پرۆسەکەوە. لە کۆتاییدا پێویستە هێزە چەکدارەکان بەشێوەیەك یەك بگرن، کە پێداویستییەکانی هەرێم و پێداویستییە ئەمنییەکان دابین بکات، بە گوێرەی پێوەرە گرنگەکانی سەربازی کە بریتین لە، ناوەندگەرایی وەلا و دیسیپلین و بێلایەنیی سیاسی و هەماهەنگی و هاوکاری و مەشق و زمان و کەلتوور و ئەخلاق و بەهاکان و دادپەروەری و یەکسانی و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ ئالنگارییە ئەمنییەکان و ڕێزگرتن و پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ.

- چاکسازی و بەهێزکردنی سەربەخۆیی و بێلایەنیی دامەزراوەی دادوەری. پێوەرەکانی سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە بنەماکانی سیستەمی یاسایین لە وڵاتانی دیموکراسیدا، ئەمانە سنووری دەسەڵاتەکان دیاری دەکەن، گەرەنتی پاراستنی مافی هاووڵاتیان دەکەن، هەروەها جێبەجێکردنی دادپەروەری بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ زامن دەکەن، بە جۆرێك کە هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسان بن. واتە نابێت توێژێك بێت کە ئیمتیازاتی تایبەتی هەبێت، یان لە مامەڵەی ئیمتیازات بەهرەمەند بێت، جا ئەو توێژانە پەیوەندییان بە جۆر، یان ڕەگەز، یان چینی کۆمەڵایەتی، یان ئایین، یان ئینتیمای سیاسی، یان حزبی، یان کۆمەڵایەتی هەبێت. پێویستە یاسا و ڕێکاری دادوەری ڕوون و شەفاف بن، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لێیان تێبگەن و ماف و ئەرکەکانیان بزانن.

هەروەها پێویستە دادوەرەکان ئازادییەکی تەواویان هەبێت لە هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکان و جێبەجێکردنی یاساکە و، نابێت لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی حکومەت و حزبەکان و هیچ توێژێکی دیکەدا بن. بەهەمان شێوە پێویستە دامەزراوە دادوەرییەکان لە هەرێمدا بەڕێوەبردنێکی باش و کارایان هەبێت، هەروەها سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابین بکرێت بۆ باشترکردنی ئەدای کارکردنیان و بەدیهێنانی دادپەروەری، دوور لە هەر کاریگەرییەك.

- چاکسازی و پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا. زۆر پێویستە حکومەتی داهاتوو پەیڕەوێکی گشتگیر بۆ چاکسازی لە کەرتەکانی پەروەردەدا دابڕێژێت و، گەشەپێدانی بەردەوام لەم ئاستەدا دابمەزرێنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ستانداردەکانی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی پرۆگرامەکانی پەروەردە و گونجاندنیان لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم، جەختکردنەوە لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی زانستیی ڕەخنەگرانە لەنێو قوتابیان و هاندانیان بۆ داهێنان. لەم سۆنگەیەوە گرنگ دەبێت کار لەسەر پەرەپێدانی فەلسەفەیەکی پەروەردە بکرێت کە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و بەرەوپێشبردنی هۆشیاری ئینتیما لەنێوان قوتابیاندا لەبەرچاو بگرێت.

- کاراکردنەوەی داواکردن بە جێبەجێکردنی بڕگە و مادده دەستوورییە هەڵپەسێردراوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەرێم و مافە فیدراڵییەکانی

هەیە و پەیوەستیشن بە دەسەڵات و سەروەری و بوودجە و سەرچاوە و بەرپرسیارێتییەکان و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە. گرنگە پەیڕەوی لەو چوارچێوە و سۆنگە گشتییانە بکرێت کە پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند دیاری دەکەن، لەوانەش پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی دەستووری فیدراڵی، چونکە دەبێت دەستوور پرانسیپێکی بنەڕەتی بۆ دانوستان لە نێوان حکومەتی هەرێم و عێراقی فدراڵدا پێکبهێنێت. لەم سۆنگەیەوە مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێگەیەکی ناوەندی لە پرسە ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەنددا کردووەتەوە.

پەکخستن، یان دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ تا ئێستا بەو مانایەیە کە حکومەتە فیدراڵییە یەك لە دوای یەکەکان، هەوڵی خۆدزینەوە لە شایستە نەتەوەیی و مێژووییەکانی گەلی کوردستان دەدەن، هەروەها چاوپۆشی لەو زیانە مێژووییانە و شێوەکانی نادادپەروەرییە دەکەن کە کورد بە درێژایی دەیان ساڵەی ستەمکاری و ڕەگەزپەرستی، لەوانەش ئاوارەکردنی زۆرەملێ و دەست بەسەردا گرتنی موڵك و زەوییەکانیان. لە لایەکی دیکەوە ئەم بابەتە پەیوەندی بە دیاریکردنی سنووره ئیداری و مێژووییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە و گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان پارێزگاریی پێویست بۆ خەڵکی سڤیل لەو ناوچانە دابین دەکات و، سەقامگیرییان تێدا بەدەست دەهێنت، ئەمەش داواکارییەکی بەپەلەی نیشتمانییە لەبەردەم حکومەتی داهاتوو.

- کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەهاکانی دادپەروەری و یەکسانی و لێکتێگەیشتنی یەکتر، تەرخانکردنی کەلتووری لێبوردەیی ئایینی و جیاکاری نەکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز، یان ئایین، چەسپاندنی ڕێزگرتنی یەکتر لەنێوان پێکهاتە نیشتمانی و ئایینییەکان، هاندانی کولتووری گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لەنێوانیان و پتەوکردنی شێوەکانی هاوکاری و هاوسۆزی، هۆشیاری لە گرنگیی فرەیی ئایینی و کەلتووری لە هەرێمدا، ئەمەش مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری و گەشەسەندنی سەرتاسەری هەرێم. لە بەرانبەردا حکومەتی داهاتوو دەبێت ڕووبەڕووی جۆرە جیاوازەکانی پراکتیزەکردنی ڕەفتاری و کەلتووری و پڕوپاگەندەیی ببێتەوە کە توندڕەویی ئایینی و دەمارگیریی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی هان دەدەن، هاوکات ڕەتدانەوەی هەوڵەکانی ئیستغلالکردنی پلاتفۆرمی میدیایی و پلاتفۆرمە ئایینیەکان، یان دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ ڕەواجدان بە کەلتووری ڕق و کینەی ئایینی و گوتاری تەکفیری و دانانی یاسای سزادانی سنووردار لەم ڕووەوە.

- لە کۆتاییدا، ڕەنگە گرنگیی هەموو ئەو ئامانجە بەپەلەکانی دیکە تەنیا بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە، مەگەر سیستەمێکی یاسادانانی دەستووری، یان بەڵگەنامەیەکی یاسایی بەرز هەبێت، کە بنەما سەرەکییەکانی حوکمرانی دیاری بکات و پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و تاکەکانی هەرێم ڕێك بخات. هۆکاری دەرنەچوون، یان ڕانەگەیاندنی دەستوورێك کە هەرێم ڕێك بخات، سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر دەرچوونی دەستووری عێراقدا، سیاسەتی ڕێکەوتنی تەوافوقی پینەکراو لەنێوان لایەنەکانی ناو ئیدارەی هەرێمە، کە بووەتە ڕێگری گەشەکردن و پێشکەوتنی. بۆیە پێویستە حکومەتی داهاتوو دوای دەستبەکاربوونی بە پەرۆشەوە کار بکات بۆ دەرکردنی دەستوورێك بۆ هەرێم کە گەرەنتی پرەنسیپ و ماف و ئازادیەکان بکات، هەروەها شێوەی حکومەت و میکانیزمی کاری دەسەڵات ڕێك دەخات و، ڕێساکانی پەیوەندیی نێوان حکومەت و هاووڵاتی دادەنێت و پرەنسیپی سەروەریی یاسا دەچەسپێنێت، بە جۆرێك کە مەرجەعییەتێك بۆ چارەسەرکردنی هەموو ناکۆکییە تاکەکەسی و سیاسییەکان پێکدەهێنێت. مەحاڵە لە غیابی دەستووردا باس لە هیچ سەقامگیرییەکی سیاسی، یان گەرەنتیی دادپەروەری و یەکسانی بکرێت و، باسکردنی سەروەری و ئازادیی گەلێك دەبێتە قسەی بێ بنەما، مەگەر سیستەمێکی بەهاداری یاسادانان هەبێت، کە ئەم پرەنسیپە لە یاسایەکی ڕێکخەرەوەدا بچەسپێنێت.

**گرنگ دەبێت کار لەسەر پەروەپێدانی فەلسەفەیەکی پەروەردە بکرێت کە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و بەرەوپێشبردنی هۆشیاری ئینتیما لەنێوان قوتابییاندا لەبەرچاو بگرێت**

**حکومەتی داهاتوو دەبێت ڕووبەڕووی جۆرە جیاوازەکانی پراکتیزەکردنی ڕەفتاری و کەلتووری و پڕوپاگەندەیی ببێتەوە کە توندڕەویی ئایینی و دەمارگیریی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی هان دەدەن**

**پێویستە حکومەتی داهاتوو دوای دەستبەکاربوونی بە پەرۆشەوە کار بکات بۆ دەرکردنی دەستوورێک بۆ هەرێم کە گەرەنتی پرەنسیپ و ماف و ئازادیەکان بکات، هەروەها شێوەی حکومەت و میکانیزمی کاری دەسەڵات ڕێک دەخات**

شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# لە گوتاری سیاسیی حزبەکاندا هەست دەکرێت «بەرژەوەندیی گشتی و ئایندەی هەرێمی کوردستان» وەک هێڵی سوور سەیر ناکرێت



**شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، وەك یاساناس و چاودێرێکی سیاسی، بەم جۆرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە گرنگە کرد و دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

لە شیکاریی سیاسیدا، دیاریکردنی شوێن لەسەر نەخشەی جیوسیاسی زۆر گرنگە ، دەبێتە خاڵی دەسپێك بۆ هەموو شیکارێکی سیاسیی سەرکەوتوو.

ئێمە لەم گفتوگۆیەدا کە ناونیشانی «ئەگەرەکانی پێکهینانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان»ی پێ دراوە، باسی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و پکهێنانی کابینەیەکی حکومەت دەکەین لە ناو هەرێمیکدا، کە بە حیساب ئەم هەرێمە بەشێکە لە دەوڵەتێك کەپێی دەگوتریت «دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق»، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەیە کە لەسەر ئەم جوگرافیایە نە دەوڵەتێکی فیدراڵی ڕاستەقینە و نە هەرێمێکی ڕاستەقینەی فیدراڵییش وەك بەشێك لەو دەوڵەتە فیدراڵییە هەیە، کە لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەی پێ دەکەم:

١. لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە هەتا ئێستا، هەیکەلەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق وەك ئەوەی لە دەستوورەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، تەواو نەکراوە و کەموکورتییەکانی بەو ئاستەن کە ناوەرۆکی دەوڵەتی فیدراڵیی بێ بەها کردووە. هەر بۆ نموونە هەتا ئێستا ئەنجومەنی فیدراڵی هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران و یاسای بەهەرێمکردنی پارێزگاکان نەك کاری پێ ناکرێت، بەڵکو زۆر بە ڕاشکاوی سەرۆکی دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری بە هەڕەشەیەك بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق لە قەڵەمی داوە.

٢. ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کە تەنیا ڕێگەیە بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە دەوڵەتی فیدراڵی، نەك هەر جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو یاریی پێ دەکرێت و، ئێستا ئەو ناوچانەی بەپێی ئەو مادده دەستوورییە پێی دەڵێن «ناوچەی کێشە لەسەر» بوونەتە ناوچەیەکی سەربازی و بە هێزەکانی حەشدی شەعبی میلیتاریزە کراون.

٣. دادگای دەستووری کە لە هەموو دەوڵەتێکی

فیدراڵیدا نێوەندگیرە و بڕیاری یەکلاکەرەوە و مولزەم لە کێشەکانی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمەکان دەدات، لە عێراق دەستووریی نییە و هەر دادگاکەی سەردەمی «یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە» ئەوەی بە یاساکەی بریمەر ناسراوە، ئەم دادگایە کۆمەڵێك بڕیاری نادەستووریی دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد، وەك «هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان، کەمکردنەوەی کورسییەکان بۆ ١٠٠ کورسی، کەمکردنەوەی کورسیی کۆتاکان، پەکخستنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و...هتد»، کە ئاشکرایە بڕیارە نادەستوورییەکانی دادگای فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستان زۆر زیاترن، بەڵام تەنیا ئاماژەم بەو بڕیارانە کرد، کە تایبەتن بەم گفتوگۆیە.

لێرەوە کە خوێندنەوە بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵك و پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، جۆرێك لە ترس و مۆتەکەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و تێڕوانینی لایەنە سیاسییە شیعەکانی دەسەڵات، خۆی دەخزێنێتە ناو وردەکاریی شیکارە سیاسییەکە و، ئەو پرسیارە دەورووژێنێت «ئایا ڕێگەمان پێ دەدەن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو نەخشە سیاسییەی کە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی دامەزراوە شەرعییەکان و پێکهانی کابینەی دەیەم، پرۆسەی سیاسیی تازەی هەرێمی کوردستان هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت و کارەکان بەپێی یاسا بکەونەوە سەر سکەی خۆیان؟ بێگومان ئەگەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چاوێك بە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢١ بخشێنینەوە، دەبینین زۆر شت دوای ئەو هەڵبژاردنە هاتنە پێشەوە، کە پێشتر شرۆڤەکاری سیاسی و تەنانەت سیاسەتمەدارەکانیش پێشبینییان بۆ نەکردبوو، کە هەرە دیارترینیان دروستکردنی «سێیەکی پەکخەر — الثلث المعطل»، بەمەش پێکهێنانی حکومەتی عێراقیان پەك خست و فراکسیۆنی سەدر لە پەرلەمانی عێراق کشایەوە.

من لێرەدا ناڵێم ئەگەری ئەوە هەیە، هەمان سیناریۆی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا دووبارە ببێتەوە، بەڵکو ئەوەتان بەبیر دەهێنمەوە کە لە دوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٤ بە کردەیی، پێکهێنانی هەردوو کابینەی «هەشتەم و نۆیەم» ئاسان نەبووە و ماوەیەکی زۆر خایاندووە، بۆ نموونە دوای هەڵبژاردنەکانی تەمووزی ساڵی ٢٠١٣ لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ کابینەی هەشتەم دروست بوو، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ لە تەموزی ساڵی ٢٠١٩ کابینەی نۆیەم پێك هات، لە ناو پرۆسەی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستاندا و وەك لە گوتاری حزبە سیاسییەکان بەرانبەر یەکتری دەخوێنینەوە، بارودۆخی پرۆسە سیاسییەکە ئەگەر زۆر لە بارودۆخی سیاسیی هەردوو کابینەی «هەشتەم و نۆیەم» خراپتر نەبێت، باشتر نییە، هەر بۆیە ئەگەر واقیعییانە بارودۆخی سیاسیی ئێستای هەرێم بخوێنینەوە، بە ڕاشکاوانە ئاراستەیەکی بەهێز بۆ پەکخستنی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستی پێ دەکرێت، ئەوەشی زیاتر نیگەرانمان دەکات، ئەوەیە لە گوتاری سیاسیی حزبەکاندا هەست دەکرێت «بەرژەوەندیی گشتی و ئایندەی هەرێمی کوردستان» نەك هەر وەك هێڵی سوور سەیر ناکرێت، بەڵکو ئەم هێڵە سوورە تەواو تەواو کاڵ بووەتەوە، کە ئەمەش بە مەترسییەکی گەورە لەسەر چارەنووسی هەموومان هەژمار دەکرێت.

لەم گفتوگۆیەدا زۆر جەخت لەوە کرایەوە کە وەك ئەمری واقیع هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نییە و دەبێت «پارتی و یەکێتی بگەنە ڕێککەوتن و هەر ئەوانیش کابینەی دەیەم پێك بهێنن»، بێگومان ئەمە واقیعی سیاسیی کوردستانە و بە بێ ئەو لایەنە سەرەکییانە مەحاڵە حکومەت پێك بهێنرێت و پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمدا بەردەوامیی پێ بدرێت، بەڵام لە ناو ئەم ئەمری واقیعەدا پرسیار ئەوەیە پارتی و یەکێتی چۆن دەگەنە ڕێککەوتن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر قورس نییە و لە واقیعیشدا زۆر پەیوەندیی بەو هۆکارانەوە نییە کە لە میدیا و سۆشیال میدیا باس دەکرێت و پێداگری لەسەر دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ناو واقیعی سیاسیی کوردستاندا بە کردەیی «دوو زۆن» هەیە، دەسەڵاتەکان بەسەر ئەو دوو زۆنەدا دابەش کراون و لەسەر بنەمای ئاکامەکانی هەڵبژاردن بە ئەمری واقیع دابەش ناکرێنەوە، بۆیە ئەم واقیعە دەمانخاتە بەردەم دوو ئەگەر :

یەکەمیان: ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەبەستی بێت سیستمی ناسەنتەری «لامەرکەزی -Decentralization» فراوانتر بکرێت و دەسەڵاتەکان زیاتر بۆ پارێزگاکان شۆڕ بکرێتەوە، ئەمە کێشەیەك دروست ناکات، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە خاڵەکانی ناو بەرنامەی کابینەی نۆیەم، بەمە ئاستەنگی گەورە بۆ دواکەوتنی کابینەی دەیەم دروست نابێت.

دووەم: ئەگەر یەکێتی مەبەستی بێت درێژە بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە هەمان ئاراستەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بدات، ئەوا کابینەی دەیەم بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوا دەکەوێت.

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە هەتا ئێستا، هەیکەلەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق وەک ئەوەی لە دەستوورەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، تەواو نەکراوە و کەموکورتییەکانی بەو ئاستەن کە ناوەڕۆکی دەوڵەتی فیدراڵیی بێ بەها کردووە**

**ئێستا ئەو ناوچانەی بەپێی ئەو ماددە دەستوورییە پێی دەڵێن «ناوچەی کێشە لەسەر» بوونەتە ناوچەیەکی سەربازی و بە هێزەکانی حەشدی شەعبی میلیتاریزە کراون**

**لە ناو پرۆسەی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستاندا و وەک لە گوتاری حزبە سیاسییەکان بەرانبەر یەکتری دەخوێنینەوە، بارودۆخی پرۆسە سیاسییەکە ئەگەر زۆر لە بارودۆخی سیاسیی هەردوو کابینەی «هەشتەم و نۆیەم» خراپتر نەبێت، باشتر نییە**



پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# پرسەکە لای من تەنیا پێکهێنان، یان پێکنەهێنانی کابینە نییە، بەڵکو ئەرکەکە لەوە قورسترە

پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردیش گلۆپە، کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا نۆ کابینەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان پێکهێنراون، کە هەریەکەیان قۆناغێك هەرێمی کوردستانی بردووەتە پێشەوە و بناغەیەکیان بۆ کاروباری بەڕێوەبردن و ژێرخانی ئابووری و حوکمڕانی دروست کردووە، بەپێی گونجاندنی بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەکەی ئەو کاتەی خۆی، هەموو جارێکیش ماوەیەکی ویستووە، تاکو کابینە پێك هێنراوە و حزبەکان لەسەری ڕێککەوتوون. ئەڵبەتە هەندێك جار ئاسان بووە، هەندێك جاریش سەخت بووە و کاتی ویستووە. هەموو مۆدیلەکانمان تاقی کردووەتەوە، لە حکومەتی بنکە فراوان و بەشداریی چەند حزب و هەندێك لە دەرەوە، دواتریش سەرهەڵدانی حزب بە ناوی ئۆپۆزسیۆن، کە بە بڕوای من هیچ کات ئۆپۆزسیۆنبوون بە مانای ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە نەبووە، بەڵکو بۆ ئامانجێکی خۆی کاری کردووە، هەندێك جاریش بەشداریی حکومەتیان کردووە، لە هەمان کات لە دەرەوەش ئۆپۆزسیۆن بوون. کە ئەم فۆڕمە لە ئۆپۆزسیۆنبوون و بەشداریی حکومەت شتێکی نامۆیە، بەراورد بە و وڵاتانەی وەك ئێمە پەیڕەوی دیموکراسییەت و فرەحزبییان کردووە. هەندێك جاریش لە ئۆپۆزسیۆنی هاتوونەتە دەرەوە، هەندێك حزب سەرەتا بەشداریی حکومەتیان کردووە، بەڵام ماوەیەك بەر لە کۆتاییهاتنی خولەکە، یان

کاتی خانەنشینبوونی وەزیر و بەڕێوەبەرەکانیان کشاونەتەوە و کردوویانەتە موزایەدەی هەڵبژاردن و دەستکەوتی حزبەکەیان. واتە جۆرێك حزب سەری هەڵداوە کە دەیەوێت لە یەك کاتدا ئۆپۆزسیۆنیش بێت و لە حکومەتیش بێت، چونکە ساحەکە لە بەردەمیدا کراوەیە کە چۆن لە بەرژەوەندی خۆی بێت، وا ڕەفتار دەکات، ئەم جۆرەش لە ئۆپۆزسیۆن تەنیا لەم هەرێمەدا هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخە ناسکە سیاسییەی هەرێمەکەمان نەکراوە کە بەردەوام پیایدا تێ دەپەڕێت و، پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەردەوام زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بردووەتەوە و حوکمڕانی مافی خۆی بووە، هەمیشە هەوڵی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوە کارکردنی داوە، تاکو هەمووان بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی ولاتەکەدا.

ئەو دەرهاوێشتەیەی ئەمڕۆ بۆمان بەجێ ماوە، کە جار بەجار زیاتر بە سەختی دەتوانین حکومەت دروست بکەین، یان لەسەر پۆستێکی سیادی چ لە عێراق یان هەرێم یەکلا ببینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی بیڵێم زۆر زوو بوو، کە ئێمە قبووڵی سیستمی فرەحزبیمان کرد، دیسپلین و پرەنسیپ بۆ سەرهەڵدانی حزبی نوێ کەم ڕەچاو کراوە، چونکە ئێمە هێشتا لە نیوەڕێی گەیشتن بە ئامانج و سەربەخۆیی تەواوی پرسە نەتەوەیەکەمانین و ناکرێت کەسانێك، یان لایەنێك مێژوویەك قوربانیی داوە لە پێناو ئەم میللەتەدا، بێت و دەستکەوت و بڕیار بەش بکات لەگەڵ هەر حزبێك کە ئەمڕۆ و دوێنێ دروست بووە. لەو ولاتانەش کە دیموکراسیین و فرەحزبین، پرسە چارەنووسسازەکان و ئەوەی پەیوەندیی بە ئایندەی و ولات و پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی جیهان و چارەنووسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و هێزی سەربازی و دارایی هەیە، تەنانەت لە زۆر ولات ڕاگەیاندنیش لەلای دەسەلاتێك پارێزراوە، لەو ولاتانەی شانشینن، یان میرنشینن ئەویش لای پاشایە، یان ئەوەش نەبێت بە دەستوور کۆمەڵێك لەو پرسە چارەنووسسازانە یەکلا کراونەتەوە و، نەکەوتووەتە دەست هەموو کەس، یان هەموو لایەنێك، بە جۆرێکە کە هەر حزب و کابینەیەکی حوکمڕانی کە دروست دەبێت، ناتوانێت دەستی بۆ بەرێت، یان خۆی بکاتە خاوەنی. ناکرێت حزبێك کە لە هەولێر لە حکومەتدا بەشدارە، لە ژێرەوە خەریکی ئیمزاکۆکردنەوە بێت و کار بۆ ئەوە بکات، دەسەلاتەکان لە هەرێم بسەندرێتەوە و پرسە چارەنووسسازەکان بدرێتەوە بە بەغدا، بگرە هەندێك ئەجێندای دەرەکییش جێبەجێ دەکەن. ئەم فۆڕمانە لە حزب و مرۆڤ کە لەم هەرێمەدا دروست بوون، بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمە فرەحزبییەی کە دەرگای والایە لە بەردەم هەمووان‌دا تا بەشدار بن لەو پرسانەشدا کە تەنانەت چارەنووسسازن بۆ هەرێمەکە. جگە لەوەش کە چەندین دەستتێوەردانی دەرەکی دروست بووە لە ڕێگەی هەندێك حزبەوە، کە بە ئاشکرا کار بۆ تێکدانی باری ئاسایش و سەقامگیری و سەربەخۆیی هەرێمەکەمان دەکەن،.

لە جیهاندا حزب یان دەچێتە ناو حکومەت، یان ئۆپۆزسیۆنە، یانیش حکومەتی سێبەرە. پرسە چارەنووسسازەکان و بڕیارە چارەنووسسازەکان و ئۆرگانە گرنگەکانی ولات وەك دارایی و سەربازی و ڕاگەیاندن و سیاسەتی دەرەکیی ولات بە دەستوور، یان بە ئۆرگانێك لەو ئۆرگانانەی سەرەوە پارێزراون کە باسم کرد، ئەوکات کێ دەبێتە حوکمڕان، تەنیا لە بوارە خزمەتگوزارییەکەی بەرپرسە، توانی کاری باش بکات، با بیکات، نەیتوانی میللەت سزای دەدات. لێرە هەمووان لەسەر هەموو شت قسە دەکەن و دەشڕۆن لە دەرەوەی هەرێمەکە مامەڵە و ڕێککەوتنی نهێنی دەکەن. بۆیە هێشتا ماومانە کە بتوانین پێکەوە بێین لەسەر دەستوور و ڕێکخستنەوەی ئەم شتانە ڕێك بکەوین، کە ڕێگە لەم هەنگاوە هەڵانە بگرێت، کە هەندێك لایەن بە ئەجێندای دەرەکی بووبێت یان خۆیان، کە سادەترین نموونەیان قوت و باری ئابووریی ئەم هەرێمەیان خستە قەیرانەوە، ئەگەر زوو فریا نەکەوین و پێداچوونەوەیەکی جددی بەم سیستمە فرەحزبییەدا نەکەین، ئەمانە ئەگەر بۆیان بکرێت لەسەر پرسی دیکەش کار دەکەن و یەکپارچەیی و سەقامگیریی هەرێمەکەش تێك دەدەن.

**هەندێک حزب سەرەتا بەشداریی حکومەتیان کردووە، بەڵام ماوەیەک بەر لە کۆتاییهاتنی خولەکە، یان کاتی خانەنشینبوونی وەزیر و بەڕێوەبەرەکانیان کشاونەتەوە و کردوویانەتە موزایەدەی هەڵبژاردن و دەستکەوتی حزبەکەیان**

**جۆرێک حزب سەری هەڵداوە کە دەیەوێت لە یەک کاتدا ئۆپۆزسیۆنیش بێت و لە حکومەتیش بێت، چونکە ساحەکە لە بەردەمیدا کراوەیە کە چۆن لە بەرژەوەندی خۆی بێت، وا ڕەفتار دەکات**

**پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەردەوام زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بردووەتەوە و حوکمڕانی مافی خۆی بووە، هەمیشە هەوڵی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوە کارکردنی داوە**

## د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# باشترین سیناریۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم هاوپەیمانیی پارتی و یەکێتی و بەشداریی پێکهاتەکانە



**د.جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، مامۆستای کۆمەڵناسییە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

دەمەوێ سەرەتا بەوە دەست پێ بکەم، کە جگە لەو پێنج سیناریۆیەی وەك ئەگەر بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم باس دەکرێن، ئایا لە ئەگەری بوونە واقیعی هەر یەکێك لە سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەکەدا، تا چەند حکومەتەکە ئەگەر بنکە فراوان بێت، سەرکەوتوو دەبێت؟ دروستکردنی حکومەتێکی تەکنۆکرات تا چەند بەدیلێکی شیاوترە لە حکومەتی بنکە فراوان؟

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دەمەوێ بڵێم بە هۆی چڕبوونەوەی ململانێکان و پێشهات و ناسەقامگیریی بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و، هاوکات نزیکیی وادەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق، پرۆسەی پێکهێنانی کابینەکە ئاسان نابێت و ڕەنگە دوا بکەوێت. جێی خۆشیەتی تیشکێك بخەینە سەر سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ، کە دەشێ یەکێك لەمانە بێت: یەکەم: پارتی و چەند لایەنێك بەبێ بەشداریی یەکێتی، دووەم یەکێتی و هەندێك لە لایەنەکان بەبێ پارتی، کە ئەم دوو ئەگەرە هەم زۆر لاوازن، هەمیش ئەگەری سەرکەوتنیان لاوازە، لەبەر ئەوەی هەردوو حزب لە زۆنێکی دیاریکراودا حوکمڕان و خاوەن هێزی سیاسی و ئابووری و قاعیدەی جەماوەرین، پارتییش براوەی سەرەکیی هەڵبژاردنە و پێکهێنانی کابینەکەش مافی سەرەکیی ئەوە. سیناریۆی سێیەم و چوارەم هاوبەشی پارتی، یا یەکێتییە لەگەڵ نەوەی نوێدا بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە ئەمەشیان بە هەمان شێوە ئەگەری زۆر لاوازن، لەبەر مەرجەکانی نەوەی نوێ بۆ بەشداریکردن، کە دەڵێت «یا سەرۆك وەزیران، یا هەموو وەزارەتەکان»، لەبەر ئەوەی نەوەی نوێ خۆیشی باش دەزانێت، ئەم مەرجانەی دەستەبەر نابن، زیاتر وەك کەرەستە لە یارییەکی سیاسیدا بەکاریان دەهێنێ و، جۆرێکیشە لە خۆدەربازکردن لە بەرپرسیارێتی و ڕاگرتنی باڵانسی دەنگدەران و بەدەستهێنانەوەی ممانەیانە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا.

سیناریۆی پێنجەم، کە بریتییە لە بەشداریکردنی تەنیا یەکێتی و پارتی و پێکهاتەکان، سیناریۆی شەشەمیش بەشداریی پارتی و یەکێتییە بە بەشداریی ژمارەیەك لایەنی سیاسی و پێکهاتەکان. ئەم دوو سیناریۆیە هەچەندە دوو ئەگەری بەهێزی پێکهێنانی کابینەی نوێن، بەڵام لە بەردەم ئالنگاری و حیسابات و خوێندنەوەی سیاسیدان، ئەگەر بە تەنیا کابینەکە هی یەکێتی پارتی و پێکهاتەکان بێت، ئەوا بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی فراوان و کاریگەر لە پەرلەماندا دروست دەبێت، بە دڵنیاییشەوە ئاستەنگی زۆر بۆ کابینەکە دروست دەکەن، بەتایبەت لە حاڵی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەدا، ئەمەش لە ڕێی جووڵاندنی ڕای گشتی و شەقام و دروستکردنی پشێوی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا، بوارێکیش بۆ یەکێتی هەمیشە کراوە دەبێت، کە لە کوێ لە بەرژەوەندیدا بوو، لەگەڵ پارتی بێت، بە پێچەوانەشە لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن بێت.

ئەگەریش سیناریۆی شەشەم سەرکەوت و حکومەتێکی بنکە فراوان پێکهات، ئێمە ئەم فۆڕمی کابینەیەشمان پێشتر ئەزموون کردووە و سەرەڕای سەرنجەکانی پێشتر لەسەر کابینەی حکومەتی بنکە فراوان، بارودۆخی سیاسیی هەرێم و ناوچەکە لە ئێستادا جیاوازن و حکومەتی بنکە فراوان، کە پێشتر نەیتوانی یەکڕیزی و نێوماڵی کورد کۆ بکاتەوە، لە ئێستاشدا ئەگەرەکانی پێکهاتن و سەرکەوتنیشی لاوازن، بەتایبەت، کە پارتی پەیامی سەرەکیی بۆ ئەم کابینەیە بریتییە لە «یەك هەرێم و یەك حکومەت و یەك پەرلەمان و یەك هێزی پێشمەرگە». حکومەتی بنکە فراوان حکومەتی دابەشکاری و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی لایەنەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکان بوو، حکومەتی بنکە فراوان حکومەتی بزربوونی ئەوەیە کێ بەرپرسیاری سەرەکیی بەردەوامیی کێشە و قەیرانەکان و وەك پێویست دابین نەبوونی خزمەتگوزارییەکان بوو، حکومەتی بنکە فراوان حکومەتێکە ئەگەری کشانەوەی لایەنێکی سەرەکی، یا لایەنەکانیتر تێیدا زۆرە لە ترسی دەنگدەرانیان، لە حاڵێکدا کە حکومەتەکە نەیتوانی لە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراودا ڕێککەوتن و مەرجەکانی بەشداربووانی کابینەکە جێبەجێ بکات. ئێستا لایەنە سیاسییەکان حیسابێکی زۆر بۆ سایکۆلۆژیای دەنگدەرانیان دەکەن و ئەزموونی شکستی هەندێ لایەنی سیاسییان لە یاد و لەبەر چاوە.

کەواتە هێندەی پێکهێنانی کابینەکە گرنگە، گرنگتر لەوەش سەرکەوتنی کابینەکەیە لە گواستنەوەی هەرێم بۆ قۆناغێکی جیۆسیاسی و ئابووریی سەقامگیر و باشتر. بەڕای من باشترین و سەرکەوتووترین سیناریۆی پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەو سەرنجانەی پێشتر باسم کردن، کابینەی حکوومی پارتی و یەکێتی و پێکهاتەکانە بەو مەرجەی حکومەتێکی تەکنۆکرات بێت، بۆ؟

لەبەر ئەوەی ئێمە ماوەیەکی زۆرمان لەگەڵ بەردەوامیی چەندین گرێ کوێرە و قەیرانی سیاسی و ئابووریدا ئەزموون کردووە، هیچ کام لە هەوڵەکانی پێشتریش بە ئەندازەی پێویست سەرکەوتوو نەبوون لە کردنەوەی گرێ کوێرەکان و چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا، بۆیە دەکرێ پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکراتیی ڕاستەقینە، حکومەتی تێپەڕاندنی قەیرانەکان بێت. ئەم فۆرمەی حکومەت لە ماوەی نزیکەی سەد ساڵی ڕابردوودا توانی چەندین وڵات لە قەیران و پێشهاتی زۆر گەورە و ترسناك ڕزگار بکات.

داهێنەری بیرۆکەی حکومەتی تەکنۆکرات ئەندازیاری ئەمریکی هوارت سکۆت، بە پیادەکردنی پرەنسیپی خۆڕێکخستنەوە، توانی ئەمریکا لە گەورەترین قەیرانی ئابووری ڕزگار بکات، لە وڵاتی ئیتالیا ماریۆمۆنتی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١ تا ٢٠١٣، توانی وڵاتەکە لە مایەپووچبوون ڕزگار بکات، پاڵپشت بە ئەزموونی کەسانی ئەکادیمیی شارەزای خاوەن ئەزموون، ئەمەش بێگومان دوای کارکردنی بەو فۆرمەی حوکمڕانی وەك سیستمێکی گۆشکراو بە مەعریفەیەکی زانستی و تەکنیك و شارەزاییەکی عەقڵانیی واقعبینانەی لۆژیکی لە گەڵاڵەکردن و پیادەکردنی بڕیارەکاندا. بە کورتییەکەی «نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب». سەرباری هەوڵەکانی کابینەی نۆیەم و خودی کاك مەسرور بارزانی بۆ خۆڕێکخستنەوە و چاکسازیکردن، لەو کابینەشدا دەبێ پرەنسیپی سەرەکی لە دیاریکردن و دانانی کەسانێك لە پۆستە باڵاکاندا خاکیبوون، ئیرادەدۆستی و بوێری لە بڕیاردان، لێزانی لە جێبەجێکردن و پارێزەری بەرژەوەندییە باڵاکان بێت، هەرچەندە کە دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، کە لە دۆخی مانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تەکنۆکراتەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەزموونەکە سەرکەوتوو نابێت. لە یەکێتیی سۆڤێتی جاراندا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیاری بە تەمەن و بێ ئاگا لە گۆڕان و پێشهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و پێداویستی و داخوازییەکانی گەنجان و نەوەی نوێ، کە بۆ مانەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ و لە جومگەکانی حکومڕانیدا مانەوە، وای کردن حکومەتی تەکنۆکراتەکان تووشی شکست ببێت. بۆیە حکومەتێکی تەکنۆکراتی بەردەوام ئەبدەیت، حکومەتێکی سەرکەوتوو و فریادڕەسی قەیرانەکانە.

**بە هۆی چڕبوونەوەی ململانێکان و پێشهات و ناسەقامگیریی بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و، هاوکات نزیکیی وادەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق، پرۆسەی پێکهێنانی کابینەکە ئاسان نابێت و ڕەنگە دوا بکەوێت**

**حکومەتی بنکە فراوان حکومەتی دابەشکاری و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی لایەنەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکان بوو**

**ئێستا لایەنە سیاسییەکان حیسابێکی زۆر بۆ سایکۆلۆژیای دەنگدەرانیان دەکەن و ئەزموونی شکستی هەندێ لایەنی سیاسییان لە یاد و لەبەر چاوە**

فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# گرنگە بزانین لەسەر چ بنەمایەک کابینەی دەیەم پێکدەهێنرێت، نەک کام لایەن بەشدار دەبێت و کام لایەن دەبێتە ئۆپۆزسیۆن



**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە کە تەنیا گۆڤاری «سیاسیی و گشتی»یە لە هەرێمی کوردستاندا، کە کاری بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیی پرۆفیشناڵانە لەسەر ئەزموونی نەتەوەکانی جیهان و پرۆسەی حوکمڕانیی باش و پەرەپێدانی بەردەوام دەکات. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (ئەگەرەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان)، بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

ئەگەر لە ناو وێنە گشتییەکەی ئەو بارودۆخەی ئێستا سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی لە سەرتاسەری جیهان پێدا تێدەپەڕێت، هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و پرۆسەی حوکمڕانیی باش بکەین، ئەوا دەبێت لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵوەستە بکەین، کە سیستمی دیموکراتی خۆی نەخۆش کەتووە و، ناتوانێت حوکمڕانیی باش بەرهەم بهێنێت، وەك بیرمەندی ئەمریکی فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی «ناسنامە» ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کردووە، «چیتر دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی ناتوانێت کەرامەتی مرۆڤ بپارێزێت و وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکەکەی بێت».

جۆن میرشامیر، کە بیرمەندێکی دیکەی ئەمریکییە لە کتێبی «گەورەترین وەهم، خەونی لیبڕاڵی و واقیعی نێودەوڵەتی»، ڕاشکاوانەتر دەست دەخاتە سەر نەخۆشییەکانی لیبڕاڵ دیموکراتی و ئاماژەی بەوە کردووە کە «سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی بەو جۆرە بونیاد نراوە، لە ناو دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا پیادە بکرێت، نەك لیبڕاڵەکان خەو بەوە ببینن کە بیکەن بە ئیمپراتۆریەتێکی گلۆباڵی».

لە ساڵی ٢٠١٦ـەوە هەردوو دەوڵەتی گەورەی جیهان «ئەمریکا و بەریتانیا» هەستیان بە مەترسیی شکستی سیستمی گلۆباڵی لیبڕاڵ دیموکراتی کردووە، بۆیە هەمان ساڵ بەریتانیا بڕیاری دا لە یەکێتیی ئەوروپا بێتە دەرەوە و ئەمریکییەکانیش دۆناڵد ترەمپیان وەك ٤٥ یەمین سەرۆك هەڵبژارد و، لە نۆڤمبەری ڕابردوو جارێکی دیکە وەك ٤٧ یەمین

سەرۆك بۆ سەرۆكی ئەمریكا هەڵیانبژاردەوە.

ئاماژەدانم بە شكست و نەخۆشیی سیستمی لیبراڵ دیموكراتی بۆ ئەوە بوو، كە ئێستا نەتەوەكانی جیهان لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا خۆیان سكێچی سیستمی حوكمڕانیی خۆیان بەپێی بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانی خۆیان دووبارە دیاری دەكەنەوە. ڕاستە هەموو دەوڵەتان هەڵبژاردن دەكەن، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەو نەخشە ڕێگەیەی ئیرادەی دەنگدەر بۆ پرۆسە سیاسییەكە دایدەڕێژێت، بەپێی بەرژەوەندی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان، ئیرادەی دەنگدان لە ناو پرۆسە سیاسییەكە بەرجەستە دەكەنەوە و، دوای هاتوهاواری فەیك نیوزی میدیا و پاشاگەردانیی تۆڕەكانی سۆشیال میدیا ناكەون و، لە ساتی دروستكردن و وەرگرتنی بڕیاریدا لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەنگەر دەگرن و پێ دادەگرن.

لە ئێستای پرۆسەی سیاسیی هەرێمی كوردستاندا، پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری چارەنووسساز لەژێر كاریگەریی «زۆنی هات و هاواری فەیك نیوزی میدیا و پاشاگەردانیی تۆڕەكانی سۆشیال میدیا»دایە و، چەند ساڵێكە هەوڵی زۆر دراوە بۆ ئەوەی ئەو پاشاگەردانییە بگوازرێتەوە بۆ «زۆنی ناوەندی دروستكردنی بڕیار و یاسادانان كە مەبەست پەرلەمانی كوردستانە»، ئەمەش جۆرە تیكەڵاوییەكی دروست كردووە، كە نەزانرێت كامە «زۆنی میدیا و سۆشیال میدیا و كامە زۆنی دروستكردنی بڕیار و دانانی یاسا»یە. بۆیە ئەم واقیعەی ئێستا لەناو پرۆسەی سیاسیی كوردستاندا هەیە، وەك میرشامیر دەڵێت «دەبێت لە خەونی لیبراڵی ڕاچڵەكێین و مامەڵەی دروست لەگەڵ واقیعی نێودەوڵەتیدا بكەین»، ئەوا دەبێت ئێمەش لە خەونی ئەزموونە دیموكراتییەكەمان ڕابچڵەكین و مامەڵەیەكی دروست لەگەڵ ئەو واقیعی پاشاگەردانییە حزبییەدا بكەین كە هەژموونی بەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێمی كوردستاندا كێشاوە.

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە «ئەگەرەكانی پێكهێنانی كابینەی دەیەم»ی گرێ داوەتەوە بە ئایندەی هەرێمی كوردستانەوە و، قەناعەتی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستانە، كە پاش دیراسەتێكی ورد گەیشتووەتە ئەو ڕاستییەی كە ئەو هەموو مەرج و مەرجكارییەی لە سیناریۆ جیاوازەكانی حزبە سیاسییەكانی كوردستاندا بۆ پێكهێنانی كابینەی دەیەم لە میدیا و سۆشیال میدیا بانگەشەی بۆ دەكرێت، نەك هەر ئایندەیەكی گەش بۆ هەرێمی كوردستان دروست ناكات، بەڵكو مەترسیی زۆر گەورەش لەسەر ئایندە و چارەنووسی قەوارەی سیاسیی هەرێمی كوردستان دروست دەكات.

لەم چوارچێوەیەدا پێویستە پێش ئەوەی باس لەوە بكرێت لە پێكهێنانی كابینەی دەیەمدا، چ لایەنێكی سیاسی بەشداریی حكومەت دەكات و چ لایەنێكی سیاسی لە پەرلەماندا دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، گرنگە هەڵوەستەی جددی و پێداگری لەسەر ئەوە بكرێت، لەسەر چ بنەمایەكی نەتەوەیی و نیشتمانی، سەرلەنوێ پرۆسەی سیاسیی هەرێمی كوردستان ڕێك دەخەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین پەرلەمان و «ناوەندی بڕیار و یاسادانان» چۆن لە ئایندە كاردەكات و كابینەی دەیەم چۆن لەژێر چاودێریی پەرلەماندا درێژە بە كاروانی ئاوەدانی دەدات و ماف و چارەنووسی خەڵك و ئایندەی هەرێمی كوردستان دەپارێزێت.

سەرۆك بارزانی وەك كاریزما و ڕابەری ئەم قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستان، زۆر لۆژیكانە بۆ دووبارە ڕێكخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی كوردستان، نەخشە ڕێگەی «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حكومەت، یەك هێزی پێشمەرگە، كۆتاییهێنان بەكاری نایاسایی» داڕشتووە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەو چارەسەرانەی كاریزماكان بۆ كێشەی نەتەوەكانی خۆیان دیاری دەكەن، قەت لەگەڵ بەرژەوەندیی حزبە سیاسییەكان یەكی نەگرتووەتەوە، بەڵام پێداگیریی ڕابەر و كاریزما بە پشتیوانیی خەڵكەكەی ڕێگە دروستەكەیان هەڵبژاردووە و پشتگیریی ڕابەرەكەی خۆیان كردووە و نەتەوەی خۆیان لە كێشەكان ڕزگار كردووە.

خاڵی گەشبین بۆ سەركەوتنی ئەو نەخشە ڕێگەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەم قۆناغە دایڕشتووە، ئەوەیە كە پاراستنی هەرێمی كوردستان شەرعییەتێكی نێودەوڵەتیی لە پشتە، كە ئەویش بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، هەرێمی كوردستان بەو هێزانە نەڕووخا كە لە دوای ١٦ی ئۆكتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ خەونیان پێوە دەبینی، ئەوا ئێستا بە گوتاری پۆپۆلیستی هەندێك حزبی سیاسی كە مەبەستیانە پرۆسە سیاسییەكە پەك بخەن، پرۆسەی سیاسیی ڕاناوەستێت و گەلی كوردستانیش وەك هەموو نەتەوەكانی جیهان پشتی ڕابەری خۆیان دەگرن و ئیرادەی خێر بۆ بەرژەوەندیی خاك و نیشتمان سەر دەخەن.

**سەرۆک بارزانی وەک کاریزما و ڕابەری ئەم قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، زۆر لۆژیکانە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی کوردستان، نەخشە ڕێگەی «یەک هەرێم، یەک پەرلەمان، یەک حکومەت، یەک هێزی پێشمەرگە، کۆتاییهێنان بەکاری نایاسایی» داڕشتووە**

**پێداگیریی ڕابەر و کاریزما بە پشتیوانیی خەڵکەکەی ڕێگە دروستەکەیان هەڵبژاردووە و پشتگیریی ڕابەرەکەی خۆیان کردووە و نەتەوەی خۆیان لە کێشەکان ڕزگار کردووە**

**خاڵی گەشبین بۆ سەرکەوتنی ئەو نەخشە ڕێگەی سەرۆک بارزانی بۆ ئەم قۆناغە دایڕشتووە، ئەوەیە کە پاراستنی هەرێمی کوردستان شەرعییەتێکی نێودەوڵەتیی لە پشتە**

## پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بەردەوامیدان بە پرۆسەی چاکسازی

**ئەگەر باسی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین لە ساڵانی ڕابردوودا، لە کاتێکدا کە هەوڵەکانی بۆ پرۆسەی چاکسازی بەرز دەنرخێنین لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە، وەك بەرەوڕووبوونەوەی گەندەڵی و فراوانکردنی چوارچێوەی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان و، پەیڕەوکردنی سیستمی لامەرکەزیی ئیداری و دابینکردنی ئاسایش، بەڵام پێویستە حکومەتی داهاتوو زیاتر شان بداتە بەر ئەو ئەرکە و دامەزراوەکانی ڕابهێنێت لەسەر پابەندبوون بە گرنگیدان بە کێشە و گرفتی هاووڵاتیانەوە، ئەمەش بە گرتنەبەری هەنگاوی شەفافییەت و یەکسانی و دادپەروەری لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەبێت، هەروەها ڕێکارە کارگێڕییەکان لەبەردەم هاووڵاتیاندا ئاسان بکات و، فراوانکردنی سیستمی بنیاتنانی حکومەتی ئەلەکترۆنی پەیڕەو بکات، بەتایبەتی لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و کارکردن لە پاککردنەوەی ئابووری لە تاکە داهات (نەوت و داهاتی سنوور)، بەڵکو هاندان و پاڵپشتیکردنی کەرتەکانی بەرهەمی تایبەت، هەروەها جێبەجێکردنی بەرنامەگەلی پەرەپێدانی بەردەوام، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ژینگەی گونجاو بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی لە بەرهەمهێناندا»**

پرۆسەی چاکسازی بە هەموو بوارەکانییەوە، بریتییە لە جەوهەری نوێبوونەوە و پەرەسەندن، کە ناکرێ فەرامۆش بکرێت، چونکە پەرەپێدانی سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆجیا کە لە جیهانی سەردەمدا دەگوزەرێت، سەرکردەکانی دەسەڵاتی حوکمڕان ناچار دەکات، پرۆسەی چاکسازیی ڕاستەقینە پەیڕەو بکەن، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە و توانای دامەزراوەکان و کاراکردنی ڕۆڵیان بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و فەراهەمکردنی مافەکانیان و دژایەتیکردنی گەندەڵکاران لە میانی میکانیزمی یاسایی و شەفاف، کە پارێزگاری لە سامانی گشتیی وڵات بکات.

پرۆسەی چاکسازی چ سەرتاسەری یان بەشەکی بێت، وا پێویست دەکات کە حکومەتی ئایندەی کوردستان دیدگایەکی ستراتیجیی هەبێت لەبارەی پەرەپێدانی چەمکی ڕۆڵی دامەزراوەکان، چونکە ئەو دامەزراوانە ڕووبەڕووی ئیفلیجی بوونەتەوە، کە دەبێت بگۆڕدرێن بۆ ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن کەسانی سەرکردە و بەتوانا و لێهاتووەوە بەڕێوە ببرێن، کە دوا جار ببنە ئامرازگەلێکی کارا و بتوانن، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی یەکسانی و دادپەروەری و دژایەتیکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و وشکردنی سەرچاوەکانیان خزمەتی کۆمەڵگە بکەن.



**پ. د.کامەرانساڵحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

وەدیهێنانی چاکسازی پێویستی بەوە هەیە کە کۆمەڵێك توخمی پێویست بەردەست بن، وەك دابینکردنی ژینگەیەکی کارا کە دەستپێشخەری بکات بۆ ئەوەی پرۆسەی چاکسازی سەقامگیر و سەرکەوتوو بێت، ئەویش بە چەند هەنگاوێك، وەك:

یەکەم/ پێویستە حوکمڕانان بزانن کە وەدیهێنانی پرۆسەی چاکسازی سەرناگرێت، مەگەر پەیوەندی و ڕایەڵی سیاسیی عەقڵانی بەردەست بن لە نێوان حوکمڕانان و تاکەکانی کۆمەڵگەدا، هەروەها دەسەڵاتەکانی سەرجەم دامەزراوەکانی حوکمڕانی و دەستەبژێری باوەڕهێنەر بە پرۆسەی چاکسازی بخرێنە خزمەت پرۆسەکە، بۆیە پێویستە لەسەر دەسەڵاتداران و حوکمڕانانی داهاتوو کە کلتوورێکی تازە بڵاو بکەنەوە، کە میراتە کلتوورییە دواکەوتووەکە تێپەڕێنێت، هەروەها دەست بکرێت بە هەڵمەتێکی ڕۆشنبیری و هۆشیاری، کە ئەرکی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بێت لە ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسیدا، دوا جار بخرێتە خزمەت بنیاتنانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای دابینکردنی ماف و ئازادیی تاکەکان و هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەری و یەکسانی و هاوکاری.

دووەم/ کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەشداریکردن لە دەرکردنی بڕیارەکانی پەیوەست بە چارەنووس و ئایندەی کۆمەڵگە، ئەمەش پێویستی بە داڕشتنەوەی ڕۆڵی دامەرزاوەکانی حوکمڕانی هەیە کە بێلایەنیی ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو دامەزراوانە دابین بکات، بە شێوەیەك کە گرنگیی ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانە لە دەستنیشانکردنی خاڵەکانی کەموکوڕی لە ئەدای ئەو دامەزراوانە و لە بەشداریکردنیان لە دۆزینەوەی چارەسەر بەپێی بەرژەوەندیی گشتیدا دەربکەوێت.

سێیەم/ پێویستە پرۆسەی چاکسازیی سەرتاسەری یان بەشەکی ئامانجگەلی ڕوون و پراکتیکیی هەبێت و، جەخت لەسەر بنیاتنانی پەیوەندیی ڕەسەن و شەفاف لەنێوان خودی دامەزراوەکانی حوکمڕانی ولەگەڵ هاوولاتیاندا بکەنەوە، کە دەبێت بکرێنە هەوێنی پرۆسەی چاکسازی، پشتبەستن بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ کە بەشداریی پرۆسەکە بکەن، بە چاوپۆشی لە ئینتیمای سیاسی یان نەتەوەیی و ئایینی و تایفەگەری.

چوارەم/ پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بە تەواوی پابەند بێت بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، دامەزراوەی حوکمڕانییش دەست وەرنەداتە کاروباریان و بە شێوەیەکی شەفاف مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

پێنجەم/ پێویستە ئامانجی پرۆسەی چاکسازی بریتی بێت لە بەهێزکردنی ڕەوایەتیی سیستمی سیاسی، ئەمەش پێویستی بە بنیاتنانی پەیکەربەندیی گشتگیری کارگێڕی و بەتوانا

**پەرەپێدانی سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆجیا کە لە جیهانی سەردەمدا دەگوزەرێت، سەرکردەکانی دەسەڵاتی حوکمڕان ناچار دەکات، پرۆسەی چاکسازیی ڕاستەقینە پەیڕەو بکەن**

**پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بە تەواوی پابەند بێت بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، دامەزراوەی حوکمڕانییش دەست وەرنەداتە کاروباریان و بە شێوەیەکی شەفاف مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت**



هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانی لە میانی حکومەتگەلی خۆجێیی و ئەنجومەنەکانی شارەوانیدا، کە ڕەنگدانەوەی هاوسەنگیی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کاراکانی نێو کۆمەڵگە بێت.

شەشەم/ چاکسازیی دادوەری و قایمکردنی پێگەکانی تەنیا بەوە دێتە کایەوە و وەدی دێت، کە دامەزراوەکانی دادوەریی سەربەخۆی ڕاستەقینە بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم کێشە و کەیسە یاساییەکاندا، لەگەڵ پابەندبوون بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە جێبەجێکردنی هەموو بڕیارە دادوەرییەکان، هاوکات پاراستنی دادوەران لە هەر دەستدرێژییەك کە بکرێتە سەریان، بۆیە نابێت ڕۆڵی دامەزراوە دادوەرییەکان تەنیا پاراستنی تاکەکان بێت لە نێو خۆیاندا، بەڵکو تەنانەت پارێزگاری لێکردنیان لە دەستدرێژیی دەسەڵاتدارانی حوکمڕانیش بێت.

حەوتەم/ گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە مەترسیدارترین نەخۆشییە کە پێویستە لە جەستەی دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا ڕیشەکێش بکرێت، بە تایبەتی گەندەڵیی دارایی کە هەندێ بەرپرسی دەسەڵاتدار تێوەی دەگلێن، کە بەشێوەی نەرێنی کاریگەریی هەیە بۆ هەیبەتی دامەزراوەکانی حوکمڕانی، دوا جار ئەو دامەزراوانە دەبنە دامەزراوگەلێك کە تەنیا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن، تەنانەت دەبنە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانگەلێکی سیاسی و دارایی و ئابووری و، سەرەنجام ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە مەترسییەوە و، جووڵانەوەی ناڕەزایی و یاخیبوون سەرهەڵدەدات و قەوارەی سیاسییش ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە.

ئەگەر باسی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین لە ساڵانی ڕابردوودا، لە کاتێکدا کە بۆ پرۆسەی چاکسازی لە ڕووی کارگێڕی و دارایی، بەرەوڕووبوونەوەی گەندەڵی و فراوانکردنی چوارچێوەی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان، پەیڕەوکردنی سیستمی لامەرکەزیی ئیداری و دابینکردنی ئاسایشەوە هەوڵەکانی بەرز دەنرخێنین، بەڵام پێویستە حکومەتی داهاتوو زیاتر شان بداتە بەر ئەو ئەرکە و دامەزراوەکانی ڕابهێنێت لەسەر پابەندبوون بە گرنگیدان بە کێشە و گرفتی هاووڵاتیانەوە، ئەمەش بە گرتنەبەری هەنگاوی شەفافییەت و یەکسانی و دادپەروەری لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەها ڕێکارە کارگێڕییەکان لە بەردەم هاووڵاتیاندا ئاسان بکات و، فراوانکردنی سیستمی بنیاتنانی حکومەتی ئەلەکترۆنی پەیڕەو بکات، بەتایبەتی لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و کارکردن لە پاککردنەوەی ئابووری لە تاکە داهات (نەوت و داهاتی سنوور)، بەڵکو هاندان و پاڵپشتیکردنی کەرتەکانی بەرهەمی تایبەت، جێبەجێکردنی بەرنامەگەلی پەرەپێدانی بەردەوام، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ژینگەی گونجاو بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی لە بەرهەمهێناندا بکاتە بەرنامەی کاری خۆی، ئەمەش بە هاوکاریی

**چاکسازیی دادوەری و قایمکردنی پێگەکانی تەنیا بەوە دێتە کایەوە و وەدی دێت، کە دامەزراوەکانی دادوەریی سەربەخۆی ڕاستەقینە بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم کێشە و کەیسە یاساییەکاندا**



پسپۆڕان و ڕاوێژکاران کە پاشخان و ناوبانگێکی پاکیان هەبێت، بنەماکانی سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە نەهێشتنی نەخوێندەواری، کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و خراپ دابەشکردنی سامان، دەستپێکردنی هەڵمەتێکی کارا بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی دارایی هەیە، کە توخمێکی کوشندەی ئابووریی نیشتمانییە، پێویستە حکومەت دەرفەت بداتە گەنجانی بەتوانا، هاوکات لە دابەشکردنی پۆست و وەزارەتەکاندا پشت بە لایەنی حزبی و عەشایری و ناوچەگەری نەبەستێت، دەبێت سەرکردە کارگێڕییەکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و کارامەیی و شارەزایی پراکتیکی و پیشەیی و دڵسۆزی هەڵبژێردرێن.

نابێت پرۆسەی چاکسازی لە کوردستان بەو شێوەیە بێت کە تەنیا هەندێ دامەزراوەی کارگێڕی و دارایی بگرێتەوە، بەڵکو دەبێت چاکسازی گشتگیر بێت لە هەموو دامەزراوەکانی حوکمڕانی و سیاسی و کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئەمنیدا. هێزی سیستمی سیاسی لە کوردستان بریتییە لە هێزی پەیکەربەندی و تواناکانیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم و خزمەتکردنی هاووڵاتیدا بێ جیاوازی، ئەم چاکسازییە بەو شێوەیە بێت کە ژیانێکی خۆش و بەختەوەر بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، ئەمەش بە بنیاتنانی ئابوورییەکی نیشتمانی کە ئاسایشی خۆراك و بەرهەم و دەرمان بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر بکات.

تا گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی بنەبڕ نەکرێت و خزمەتگوزاریی ڕۆژانە بۆ هاووڵاتیان دابین نەکرێت، پرۆسەی چاکسازی ئامانجەکانی خۆی ناپێکێت، بۆیە بەهێزیی سیستمی حوکمڕانی دەوەستێتە سەر پتەویی متمانەی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی.

ئاساییە کە هەوڵەکانی کابینەی داهاتووی حکومەت لە ڕووی بەردەوامبوون لە وەدیهێنانی چاکسازییەوە ڕووبەڕووی چەندین بەربەست و ئاستەنگ ببێتەوە، جا چ ناوخۆیی بن یان ئیقلیمی، گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە ئیرادەیەکی ڕاستەقینە و ورەیەکی بەرزەوە بەسەر ئەو بەربەست و لەمپەر و ئاستەنگانەدا زاڵ بێت، هەر لە کاراکردنی یاساکانی نەهێشتنی پەتای گەندەڵیی داراییدا و وەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەریدا پێویستە دیدگایەکی ڕوونی هەبێت، لەگەڵ بەرنامەی پراکتیکیی پەرەپێدانی پرۆژەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری و بنیاتنانی بەنداو و پاڵپشتیکردنی جووتیاران لە کۆمەڵگەی بەکاربەرەوە بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێن، کە هاووڵاتیان تیایدا هەموو خزمەتگوزاری و پێداویستییەکی ژیانیان هەبێت و سەربەرزانە بژیێن، بۆیە بێ ئەم خاڵانە، پرۆسەی چاکسازی تەنیا وەك درووشم دەمێنێتەوە وە ئەو کاتیش دەسەڵات بە دڵ و حەز و ویستی هاووڵاتیی دڵسۆزی کوردستان نابێت، چونکە هەموو هاووڵاتییەکی دڵسۆز شانازی بە پرۆسەی چاکسازییەوە دەکات کە حکومەتی ئێستا و داهاتوو جێبەجێی دەکات.

**گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوە مەترسیدارترین نەخۆشییە کە پێویستە لە جەستەی دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا ڕیشەکێش بکرێت، بە تایبەتی گەندەڵیی دارایی کە هەندێ بەرپرسی دەسەڵاتدار تێوەی دەگلێن**

# لێبوردەیی ژینگەیی

ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە جەخت لەسەر چەمکی لێبوردەیی دەکاتەوە، بە مەبەستی پابەندکردنی حکومەتەکان بە کارکردن بۆ خۆشگوزەرانی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا و، هاندانیش بۆ خۆڕاهێنان لەسەر چەمکی لێبوردەیی و هاوکاری بۆ بەیەکگەیشتن و لەیەکگەیشتن لە نێوان کەلتووره جیاوازەکاندا، وەك هەوڵێك بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی لێبوردەیی و چەسپاندنی ئەو بنەمایەی کە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، کە دەڵێت: بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێکی ڕەوا و پاك، پێویستە هۆکاری پاك و ڕەوا پەیڕەو بکرێت. بۆیە داوا کراوە، لە بواری ژینگەشدا کە دەبێت ڕەفتاری ژینگەدۆستان ئاشتیخوازانە بێت و، پەنا نەبەنە بەر ڕەفتاری توندوتیژ، چونکە بە توندوتیژی و گرتنی شەقام و داخستنی ڕێگەکان و ڕشتنی بۆیە بەسەر دیواری فەرمانگەکان و تابلۆ جیهانییەکاندا، تەنیا زیان بە ژینگە و ئاسەوار و دیمەنی جوان و خاوێنی شارەکان دەگەیەنن.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەم ڕەفتارانە دەبنە هۆی ئاژاوەنانەوە و توندوتیژیی کۆمەڵگەیی و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی و یاساشکێنی، لە کاتێکدا پێویستە بە لێکگەیشتن و تێگەیشتنی هاوبەش و بە هۆکاری ئاشتییانە و یاساییانە دوور لە توندوتیژی کێشە و قەیرانەکان چارەسەر بکرێن.

ئەمڕۆش ئەگەر لە ڕوانگەی ژینگەییەوە لە چەمکی لێبوردەیی بڕوانین، ئەوا دەتوانین بڵێین وەك ژینگەدۆستان پێویستە چەند هەنگاوێك بەرەو لێبوردەیی ژینگەیی بنێین، وەك:

یەکەم: چەسپاندنی چەمکی لێبوردەیی ژینگەیی و باشتر تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاجیاکانی، چونکە چەمکی لێبوردەیی ژینگەیی زۆر مانا لەخۆ دەگرێت، وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

١- یارمەتیدانی زیندەوەران بۆ بەرگەگرتنی گشت ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژینگەکەیاندا ڕوو دەدەن، بێ ئەوەی تووشی کاریگەریی زیانبەخش بن.

٢- ڕەخساندنی کۆی ئەو بارودۆخە ژینگەییانەی کە ئاسانکاری دەکەن بۆ هەر زیندەوەرێك بۆ مانەوە و زیادبوون.

٣- پێکەوە گرێدانی بەها مرۆییەکان و دۆزە ژینگەییەکان بە ئامانجی بەهێزکردنی هۆشیاری.

٤- یەکخستنی هەوڵەکان لەپێناو هەسارەیەکی باشتر و، بەردەوامیدان بە سیستمی ژینگەیی و پاراستنی فرەجۆریی بایۆلۆژیی.

٥- تواناداركردنی زیندەوەران بۆ خۆگونجاندن و ڕاهاتن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی نێو ژینگەدا.

دووەم: بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە لە گوفتارەوە بەرەو ڕەفتاری ژینگەدۆستانە.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

سێیەم: بەردەوام پاراستنی سەرچاوە سرووشتییەکان و فرەچەشنیی بایۆلۆژی.

چوارەم: بەهێزکردنی هەوڵ و کارەکان لە پێناوی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.

پێنجەم: ئاشتکردنەوەی مرۆڤ و ژینگە لەپێناو باشتر مامەڵەکردن و بنیادنانی پەیوەندییەکی مرۆڤدۆستانە و ژینگەدۆستانەی نێوانیاندا.

شەشەم: ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان خودی مرۆڤەکان بە جیاوازیی ئایین و ئایینزا و نەتەوە و ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانیان.

حەوتەم: دەستپێشخەریی کۆمەڵگە، کە بریتییە لە هەر هەوڵێکی تاکەکەسی، یان تۆڕێك لە کەسان و ڕێکخراوەکان بۆ کارکردن لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتی بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لە گرفت و کێشەکان، لە ڕێگەی پرۆژەی جیاجیاوە، کە بەشێکن لە کارێکی ڕێکخراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ئامانجێك کە دەشێت یەکێك بێت لەم ئامانجانەی لای خوارەوە:

١- بەیەك گەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە و کۆکردنەوە و ڕێکخستنیان بۆ کارێکی سوودبەخش.

٢- گەشەپێدان بە تواناکان و پەرەپێدان بە هەنگاوەکان لەپێناو گۆڕینی بارودۆخە نەخوازراوەکاندا.

ئەم ئامانجانەش پێویستییان بە چەند هۆکارێکە وەك:

یەکەم: سەرکردایەتیکردن و دەستپێشخەرییەکان

دووەم: بیرکردنەوە وەك یەك تیم و بوونی پلانێکی گونجاو.

سێیەم: بەشدارپێکردنی خاوەن بەرژەوەندییەکان.

چوارەم: ڕاگەیاندنی چەند دەستپێشخەرییەکی سەرەکی لەپێناو لێبوردەیی ژینگەییدا، وەك:

١- دەستپێشخەریی لێبوردەیی ژینگەیی لەگەڵ خاکدا، لەپێناو پاراستنی لە زیانەکانی بەبیابانبوون و وشکبوون و زیانەکانی ماددە کیمیاییەکان.

٢- دەستپێشخەریی لێبوردەیی ژینگەیی بۆ پاراستنی هەوا لە پیسکارەکانی وەك هایدرۆکاربۆنەکان و کاربون مۆنۆکساید و ئۆکسیدەکانی گۆگرد و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و تەنۆلکە وردەکان و ئۆزۆنی زەمینی.

٣- دەستپێشخەریی لێبوردەیی ژینگەیی بۆ پاراستنی ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی و باشتر کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی سامانی ئاو.

٤- دەستپێشخەری بۆ مامەڵەکردنێکی ئاکاریی لەگەڵ ژینگە و پێکهێنەرەکانی، بە پشتبەستن بە زانست و زانیاری لەپێناو بەدیهێنانی سیستمێکی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی هاوسەنگ و بەردەوام.

٥- ڕوانین لە لێبوردەیی ژینگەیی وەك ڕەفتار و سیفەتێکی مرۆیی، کە لەسەر تەواوی ژینگەی دەوروبەری ڕەنگ بداتەوە و، ئەم ڕەفتارەش ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵگەیی بۆ مامەڵەی میانەڕەوانە لەگەڵ ژینگە و زیندەوەراندا.

## لە پێناو کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا

# میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر گەنگەشە دەکرێن



**ڕۆژی سێشەممە، ٢٦-١١-٢٠٢٤، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەردی بناغەی سەنتەری هۆشیاری و شیاندنەوەی ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکانی دانا، کە لە لایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ڕێکخراوی LDS ی ئەمریکییەوە بنیات دەنرێت. هەرچەند یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقڵییەکان توندن، هاوکات بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان نوێنەری هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان تێدایە و دەسەڵاتی فراوانیان لە یاساکەدا پێ دراوە، بەڵام نەیانتوانیوە بە تەواوی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی خێرای مادده هۆشبەرەکان بکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەپێی ڕاپۆرتی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵی ٢٠٠٩ زیاتر لە ٣٥ ملیۆن کەس لە جیهاندا وەك ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمار کراون، هەروەها ٢٦٩ ملیۆن کەسیش لە ساڵی ٢٠١٨ وەك ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمار کراون، هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوە تەڕوو کە مێردمنداڵان و گەنجان زۆرینەی بەکارهێنەران پێك دەهێنن، ئەو وڵاتانەش کە ڕێژەی بێکاری و شەڕیان لە ئاستێکی بەرزدایە، خێراتر ماددەی هۆشبەری تێیدا بڵاو دەبێتەوە.

پەرلەمانی عێراق، لە ساڵی ٢٠١٧ یاسای ژمارە ٤٣ی ژووری بازرگانیی ساڵی ١٩٨٩ی هەموار کردەوە بە ناوی یاسای ژمارە ٥٠ی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی بۆ هەمان یاسا کرد و، بە هەندێك دەستکاریی کەمەوە لە ساڵی ٢٠٢٠ بە ناوی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان پەسەندی کرد.

تەرزە حوسێن مامۆستای زانکۆیە و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات: «مادده هۆشبەرەکان بووەتە کێشەیەکی جیهانی و بەرلەوەی پەیوەست بێت بە یاسا و ڕووبەڕووبوونەوەی و لەناوبردنی، پەیوەستە بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە وەك نەخۆشییەك، کە مرۆڤی تووشبوو لە حاڵی ئاسایی خۆی دوور دەخاتەوە و خۆی لەبیردەکات و دەچێتە دونیایەکی بێ مانا و بێ بەرنامە و بێ ئاگاوە.

لە بەدواداچوون سەبارەت بە مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، مادده هۆشبەرەکان وەك هۆکارێکی دەرەکی لە چوارچێوەی بازرگانی لە بازاڕە ئازادەکان وەك مەترسییەك لەسەر ئاسایش ئەژمار دەکرێت، سەرەڕای گەورەیی ئامارەکان، بەڵام دەتوانین بڵێین، هێشتا کات ماوە بۆ ڕێگریکردن و سنووردانان بۆ زیاتر بڵاونەبوونەوەی ئەم ژەهرە کوشندەیە، هەر بۆیە ئەرکی نیشتیمانی و ئەخلاقی و ئایینیی هەموو لایەکە، هەنگاوی پێویست وگونجاو بنێن، ئەم هەنگاوە تەنیا بە حکومەت ودامەزراوەکانی ناکرێت، پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مامۆستایانی ئایینی، بەپلان و بەرنامەی زانستی و واقیعی کار بۆ هۆشیارکردنەوەی چیین وتوێژەکانی کۆمەڵگە بکەن و، لە ناو ماڵ و خێزان و مزگەوت قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکانەوە، بەگژ ئەم مەترسییە گەورەیەدا بچنەوە، تا ئایندەی نەوەکانمان و کۆمەڵگاکەمان بپارێزن.

کاریگەریی ئەو کارە خراپانەی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دێتە ئاراوە، لە کاریگەرییە خراپەکانی جەنگ هیچی کەمتر نییە





تەرزە حوسێن:

**سەرەڕای گەورەیی ئامارەکان، بەڵام دەتوانین بڵێین، هێشتا کات ماوە بۆ ڕێگریکردن و سنووردانان بۆ زیاتر بڵاونەبوونەوەی ئەم ژەهرە کوشندەیە**



عیسا بۆتانی:

**دەکرێ چاودێریی زیادتر بخرێتە سەر قاوەخانە و کافێ و چایخانە و یانە و مەساجخانەکان و ئەو شوێنانەی کە گەنجان ڕووی تێ دەکەن**



دیمەن محەمەد:

**بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر ئاستەنگێکی مەترسیداری درست کردووە، بەهۆی بوونی بە دیاردەیەکی چەند ڕەهەندی لە ڕووی ئابووری و تەندروستی و ئەمنی و ئەخلاقییەوە**

و پێویستە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم چۆن لە ڕابردوودا کاری لەسەرکردووە لە داهاتوش بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر بکەنە کاری لەپێشنیەی حکوومەتەکەیان.

بەپێی ئەو ئامارە فەرمی و نافەرمییانەی کە لە بەردەستن و هەروەها بە بەراوردی داتاکانی چەند ساڵی کۆتایی، مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی مەترسیداردایە و پێوستە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار زۆر بە وردی کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی جددی و سنووردارکردنی ئەم بابەتە بکات، چونکە بەردەوام هەڵکشانی داتاکان ئاماژەیەکی مەترسیدارە، هەروەها هەوڵێکی جددی بۆ کارکردن بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بکرێت و، ناوەندی چارەسەری ئالوودەبووان لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە. بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان تەنیا ئەرکی لایەنێکی دیاریکراو وەك ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تایبەت بە ئاسایش نییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لە وەزارەتەکان و هەروەها دامەزراوە ئەهلییەکان پێویست دەکات کە بەرنامەیەکی تایبەت بە هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی خەڵك دابڕێژن، ئەمە جیا لەوەی کە لە کۆمەڵگە و بەتایبەتی خێزاندا، هۆشیاریی پێوست بگەیەنرێت و هاوکات دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا بە ئەرکی سەرشانی خۆیان سەبارەت بەم بابەتە هەڵسن، کۆی ئەم هەنگاوانە و لەگەڵیدا باشکردنی دۆخی گشتیی ئابووریی وڵات و دابینکردنی هەلی کار و کەمکردنی جیاوازیی چینایەتی و گەڕانەوەی هیوا بۆ کۆمەڵگە، دەشێت مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان کەمتر بکات، هەڵبەت ئەمە پێویستی بە هەنگاوی خێرا و دڵسۆزانە هەیە پێش ئەوەی کە دۆخەکە لەدەست دەربچێت.

پێویستە لە هەرێمی کوردستان هەنگاوی پێشوەختە بگیرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی تا ئاستی دیاردە، ئەمەش بە چەند وەزارەتێك دەکرێت، لەوانە وەزارەتی کۆمەڵایەتی، پەروەردە و خوێندنی باڵا، ناوخۆ، تەندروستی، دەکرێت بە هەموان بەرنامەی داڕێژراوی زانیستییانە دابنێن بۆ نەهێشتنی یان ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی.

پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس ستراتیژی ڕووبەڕوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر دابنێت، تەواوی وەزارەتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندنەکان بەشداریی فراوانیان هەبێت تیایدا و، هەڵمەتی هۆشیاری لەسەر بابەتەکە چڕ بکرێتەوە، هاوکات بە زیادکردنی پشکنین لە بازگەکان و لەسەر سنوور ڕێکارەکانی دەستبەسەرداگرتن توندتر بکرێنەوە، ئەو کەسانەشی ئەرکەکەیان پێ دەسپێردرێت کارمەندی ڕاهێنراو و شارەزابن، هاوکات سەنتەری تایبەت بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووان».

عیسا بۆتانی، نووسەر و شاعیر سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «خەڵکی کوردستان بەر لە دەیان ساڵ مەگەر تەنیا لە نێو فیلم و دراماکاندا گوێی لە وشەی ماددەی هوشبەر بووبێت، دەنا نە لەسەر ئاستی کەسی و نە بە شێوەی گشتییش هەرگیز خەیاڵی بۆ ڕۆژێك نەچووە کە هاوشێوەی وڵاتانی دیکە تاکەکانی گیرۆدەی ئەو زەهرە کوشندەیە ببن و، هەڕەشەی ئاڵوودەبوونی بگاتە نێو خێزانەکان و ڕۆژانە هەواڵ و دەنگۆی دەستگیرکردنی باندەکانی بازرگانیکردن بەو مادده هۆشبەرانە ببیسترێت.

یەکێك لە ئاسەوارەکانی کرانەوەی کۆمەڵگەی عێراق بوو بە ڕووی جیهاندا.. سەرەتای ئاشنابوونی خەڵکەکەی بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و سەتەلایت و بوونەوەی دەروازە سنوورییەکان بوو، بۆ چوون و هاتنی خەڵکانی ناوخۆیی و بیانی بۆ ناو عێراق بە کوردستانیشەوە. هاتنی دەستی کاری بیانی و ئاوارە و پەنابەران لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی کلتوور و فەرهەنگ و شێوەی ژیانیان بە جڤاکی ئێرە، دەشێ ئەم ڕووداوانە وەکو خاڵی سەرەتای تووشبوونی شەقامی کوردستانی بە ماددەی هۆشبەر لەقەڵەم بدرێ.

کاتێك کە باس لەو ساڵانە و کاریگەرییەکانی دەکەین، مەبەست لێی ئەوە نییە میلی کاتژمێر بەرەو دواوە ببەین و بەرپەرچی گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەکە بدەینەوە و ڕێگەیان لی بگرین، ئەوەی شایانی هەڵوەستەکردنە لەو وەبیرهێنانەوەیە ئەوەیە کە شڵەژان و پشێوی و ناسەقامگیریی دارایی و هەژاری و ئەمنی دیاردەی ترسناك و دەرەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، کرانەوە بە ڕووی فەرهەنگی جیاوازی گەلانی جیهاندا بەبێ پلاندارێژی و ئامادەکاری و خۆسازان، درز دەخاتە نێو کۆمەڵگە و شیرازەی ژیان و خێزان و جڤاکەکەمان تێك دەدات، بۆیە نابێت سازش لەسەر فەرهەنگ و کەلچەری نەتەوەکەمان بکەین، وەکو چۆن سەرۆك بارزانی لە دوا وتاریدا لە شاری دهۆك و لە پێنجەمین کۆڕبەندی ئاسایش و ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (مێپس) ئاماژەی بەوە کرد کە بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ناوچەکە لە هەموو شتێك مەترسیدارترە .

دەکرێ پەند لەو ڕووداوانەی پێشوو وەربگرین، تا لەمەودوا بە هۆشیارییەکی پترەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکەین، کە تاکو ئێستا و دوایی درێژەی هەیە و بەردەوامە، بەر لەوەی بەدوای چارەسەرییەکاندا بگەڕێین وا باشترە میکانیزمی توند و پتەوتر بگیرێتە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە دزەپێکردنی ماددەی هۆشبەر بۆ نێو خاکی هەرێم و بڵاوبوونەوەی. جێبەجێکردن و

لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆشدارییەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کرد، کە زۆر بە جددی ڕێکاری پێویست لەبەرامبەر ئەو جیهەت و کەسانە بگیرێتە بەر کە نەك بازرگانی بەو ژەهرەوە دەکەن، بەڵکو کار گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کەوا کارگەی بەرهەمهێنانیش لە نیشتمانەکەماندا بکەنەوە.

ئەگەر توێژینەوە لە ڕێژی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بکرێت، ئەوا ڕوون دەبێتەوە کە بەشی زۆرینەی لە توێژی گەنجانە، لەبەر ئەوەش جەخت دەکەنە سەر گەنجان ئامانجیان ئەوەیە گەنج بخەنە ژێر کاریگەرییەکانی ماددەی هۆشبەر، چونکە یەکێك لەو شەڕانەی کە دوژمن و نەیاران لەگەڵ میللەتەکەمانی دەکەن، ئەوەیە ئایندەی تاریك بکەن و خۆری ئومێد و پێشکەوتن لە نێو ناخی مرۆڤەکانیدا بکوژێننەوە.

دەکرێ چاودێریی زیادتر بخرێتە سەر قاوەخانە و کافێ و چایخانە و یانە و مەساجخانەکان و ئەو شوێنانەی کە گەنجان ڕووی تێ دەکەن، گومان دەکرێ نەرگیلە و خواردنەوە کهولییەکان لە سەرەتادا وەکو تەڵەیەك بەکار بێهنرێت بۆ ئاڵوودەکردنی گەنجان، دەبێ ئەمەش زۆر بە گرینگی و بایەخەوە لەبەرچاو بگیرێ، هەمیشە ئافرەتیش وەکو چەك بەکار دەهێنرێن بۆ ڕاکێشانی گەنجان. هاوکات گەنجان لە بارودۆخێکی دارایی سەخت و بێکاریدان پارەیان لە کوێ وەچنگ دەکەوێ تا بیدەن بە ماددەی هۆشبەر، مەگەر لە ڕێگەی قومار و کاری نایاسایی و دزی و ساختەکارییەوە، چاوخستنە سەر ئەوە لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ ئاشکرابوونی ئەوانەی گەنجان دەخەنە نێو زەڵکاوی خراپەکاری».

دیمەن محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکات کە: «ماددەی هۆشبەر بە گەورەترین مەترسی دادەنرێت کە هەڕەشە لە کۆمەڵگە دەکات، لە سەردەمی ئێستادا ئەو مەترسییە بە جۆرێك بەرزبووەتەوە بووەتە مەترسیی فیکری ئیرهابی توندڕەوی بەهۆی بەرزیی قەبارەی زیانی دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی، لە ئەنجامی خووگرتن بە مادەی هۆشبەر و بەکارهێنانی، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە پێشنیار و ڕاسپاردە بە حکومەت و دامودەزگا ڕەسمییەکان بدەن، بە گرنگیپێدان و دانانی ستراتیژییەتێکی گشتگیر بە بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، ئەمەش لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی خێرای قەبارەی بەکارهێنەران و ئاڵوودەبووان بە ماددەی هۆشبەر و بڵاوبوونەوەی وەك دیاردە. بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر ئاستەنگێکی مەترسیداری درست کردووە لە بەردەم دەوڵەتدا بەهۆی بوونی بە دیاردەیەکی چەند ڕەهەندی لە ڕووی ئابووری و تەندروستی و ئەمنی و ئەخلاقییەوە، گرنگیپێدانی پەیوەست نییە بە لایەنێك یان دەوڵەتێك بە تەنیا، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە و هەمووان لێی بەرپرسن».

گوتیشی« کێشەی ماددەی هۆشبەر لە ئێستادا بە یەکێك لە کێشە هەرە گەورە و مەترسیدارەکان دادەنرێت، بە جۆرێك بووەتە تاوان و لە سنوور دەرچوو، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت کە دەست لە ناو دەست چەند میکانیزمێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دابنێن، کە لە چەند خاڵێکدا خۆیان دەگرنەوە، لەوانە :

١- دانانی ستراتیژییەتێکی نیشتیمانی لەژێر ناونیشانی (ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر)، زۆربەی دامودەزگاکانی فەرمی و نافەرمیی دەوڵەت بەشداریی تێدا بکەن و بەشدارپێکردنی شارەزایان و ئەکادیمیستان لە بواری ستراتیژییەت و پلانی ستراتیژی و پێدانی بواری شوێن و کاتی فراوان بۆ تاوتوێکردنی ئەو ستراتیژییەتە پێش بڕیاردانی.

٢- دابینکردنی وەرشەی هۆشیاری لە زانکۆ و پەیمانگە و قوتابخانەکان بە مەبەستی پێدانی هۆشداری بە مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر لەسەر تاك و کۆمەڵگە و، تایبەتمەندکردنی بەشێك لە گرنگیی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بە گرنگیدان بە بەدواداچوونی کێشەکانی ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لە ناوەندەکانی خوێندن.

٣- دامەزراندنی سەنتەری توێژینەوەی تایبەت بە دیراساتی تیۆری و مەیدانی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارکردن لەسەریان، لەسەر بنەمای زانستی.

٤- دابینکردنی سەنتەرەکانی چارەسەری ئاڵوودەبووان و دابینکردنی پاڵپشتی دەروونی و چاودێریکردنیان بۆ ڕزگارکردنیان لە حاڵەتی ئالوودەبوون.

٥- پێدانی ڕۆڵی بەرچاو بە دامودەزگا ئایینییەکان بۆ ڕێکخستنی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر، لە ڕێگەی تایبەتکردنی بابەتی ئاڵوودەبوون لە وتارەکانی ڕۆژانی هەینیدا، لەبەرئەوەی مزگەوتەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەسەر کۆمەڵگە.

٦- گرنگیدانی زیاتری حکومەت بە ناوچە و گەڕەکە میللییەکان و ڕێکخستنەوەی دانیشتووان بە شێوەیەکی هەرەمەکی و دانانی لیژنە و ئەنجومەنی گەڕەك، بۆ کارکردن لەسەر مەترسییەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان.

٧- ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکیی بەردەوام بۆ پشکنینی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، بە مەبەستی ناچارکردنیان بە وەرگرتنی چارەسەر.

٨- هاندانی قوتابیانی خوێندنی باڵا بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ماددەی هۆشبەر و چارەسەری کێشەکە لە چوارچێوەی پڕۆژەی توێژینەوە زانستییەکاندا».

**پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مامۆستایانی ئایینی، بە پلان و بەرنامەی زانستی و واقیعی کار بۆ هۆشیارکردنەوەی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە بکەن**

**بەر لەوەی بەدوای چارەسەرییەکاندا بگەڕێین وا باشترە میکانیزمی توند و پتەوتر بگیرێتە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە دزەپێکردنی ماددەی هۆشبەر بۆ نێو خاکی هەرێم و بڵاوبوونەوەی**

**هاندانی قوتابیانی خوێندنی باڵا بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ماددەی هۆشبەر و چارەسەری کێشەکە لە چوارچێوەی پڕۆژەی توێژینەوە زانستییەکاندا**

# یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆک» بەڕێوە دەچێت

**یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك بە سەرۆكایەتی ئەمیرعەلی محەمەد، بە دەرهێنانی هونەریی سینەماكاری كورد شەوكەت ئەمین كوركی، بە درووشمی «وەرزش» و «وەرزش بۆ هەموان» و بە نمایشی ١٠٧ بەرهەم لە سینەماكارانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە ڕۆژانی ٩ تا ١٦ی دێسامبەر/ كانوونی یەكەمی ٢٠٢٤ لە هۆڵی «كۆنگرە»ی زانكۆی دهۆك و كۆمەڵەی سینەمایی «دهۆك مۆڵ» لە شاری دهۆك لە هەرێمی كوردستان بەڕێوە دەچێت.**

## پەرەپێدان و گەشەكردنی سینەما و بەرەوپێشچوونی فێستیڤاڵی فیلمی دهۆك

یەكەمین كۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك، لە هۆڵی «پانۆڕاما ئازادی» لە شاری دهۆك بەڕێوەچوو و مەسعوود عارف وتەبێژی فەرمیی ئەم فێستیڤاڵە گوتی: «هەر ساڵە هاوكات لەگەڵ بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك دوو شت، لەوانە؛ پەرەپێدان و گەشەكردنی سینەما و بەرەوپێشچوونی فێستیڤاڵ و فەرهەنگی شاری دهۆك و هەروەها گەشەسەندنی هونەر بە شێوەی گشتی و بەتایبەت سینەما بۆ ئێمە یەكجار زۆر گرنگە»، هەروەها گوتی: «ئێمە لە بانگەوازێكدا ڕامان گەیاند بوو كە لە ڕۆژانی ١٥ی جوون تا ١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ فیلمەكان بۆ بەشداری لە یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك، لە ڕێگەی دەرگای فیلمەوە وەردەگرین، كە خۆشبەختانە ئەمساڵ ٧٥٠ فیلمی بیانی و كوردی لە لایەن دەرهێنەرانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهانەوە بۆ نووسینگەی فێستیڤاڵ ڕەوانە كرابوو، كە دوای هەڵسەنگاندن لە لایەن ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنی فێستیڤاڵەوە، كە پێك هاتبوون لە هونەرمەندانی بەئەزموون، كە بە ڕاستی ئەم قۆناغە ڕۆحی فێستیڤاڵە، لە دەرئەنجامدا ١٠٧ فیلم چوونە قۆناغی پێشبڕكێوە كە لەم ناوەندەدا ٦١ فیلمی بیانی پێكهاتوو لە ٩ فیلمی سینەمایی، ٧ بەڵگەفیلم و ١١ كورتە فیلم، لە بەشی پێشبڕكێی «سینەمای جیهان» و ٣٤ فیلم لە بەشی دەرەوەی پێشبڕكێی سینەمای جیهان، بە گشتیی هەموو ئەم بەرهەمانە لە ٣١ وڵاتی دنیا و هەروەها ٤٦ فیلمی كوردیی پێكهاتوو لە ٧ فیلمی سینەمایی، ٨ بەڵگەفیلم و ١٢ كورتە فیلم لە بەشی پێشبڕكێی سینەمای كوردی و ١٩ فیلم لە بەشی دەرەوەی پێشبڕكێی سینەمای كوردی لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵدا پیشان دەدرێن.

## سینەمای هیندستان میوانی تایبەتی یازدەیەمین فێستیڤاڵی فیلمی دهۆك

سەبارەت بە بەشی «سینەمای میوان» لەم خولەی فێستیڤاڵدا، سەرۆكی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك ئەمیرعەلی محەمەدتاهیر ڕایگەیاند: ئەمساڵ هیندستانمان وەكو وڵاتی میوان دەستنیشان كردووە، زۆر خۆشحاڵین كە سینەمای هیندستان، میوانی خولی یازدەیەم دەبێت. هیندستان وڵاتێكی سەرمایەدار و دەوڵەمەندە لە بواری سینەمادا و بە فیلمەكانی خۆیان و چەندین چالاكیی فەرهەنگی و هونەریی دیكە، لەم ڕووداوە سینەماییەدا ئامادە دەبن، لە ڕاستیدا ئەم ئامادەبوونە، سەنگ و پێگەیەكی دیكە بە فێستیڤاڵیش دەبەخشێت».

«ئەمیرعەلی محەمەدتاهیر» لە درێژەی قسەكانیدا گوتی: «بە شێوەی ڕەسمی لەگەڵ قۆنسووڵخانەی وڵاتی هیندستان لە شاری هەولێر، چەندین كۆبوونەوەمان ئەنجام دا، جێگەی خۆشحاڵیمانە كە سینەمای گرینگی وڵاتێكی وەكو هیندستان، خوازیاری بەشداریی لەم فێستیڤاڵەدا هە بێت، ئەوە بۆ ئێمە وەكو بەرپرسانی بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵیش

قۆناغێکی گرنگ و دڵخۆشکەر بوو، چونکە لە لایەنی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییشەوە، نەتەوەی ئێمە لەگەڵ نەتەوەی هیند، هاوبەشیی زۆرمان هەیە، لە وڵاتی هیندستان ساڵانە زیاتر لە دوو هەزار فیلم بەرهەم دێت و بۆ ئێمەش شانازییەکی گەورەیە کە وڵاتێك بەم کلتوور و هونەرە دەوڵەمەندەوە ببێتە میوانی فێستیڤاڵی فیلمی دهۆك، لە ڕاستیدا ئەمە بووەتە سەربڵندی بۆ ئێمە».

**وەرزش، درووشم و بابەتی سەرەکی یازدەیەمین فێستیڤاڵی فیلمی دهۆك**

ئەمیرعەلی محەمەدتاهیر سەبارەت بە درووشمی فیستیڤاڵ گوتی: «ئەمساڵ بابەتی سەرەکیی فێستیڤاڵ وەرزش و وەرزش بۆ هەموان دەبێت. وەرزش پێگەیەکی باشی لە جیهاندا هەیە، ئەمساڵیش چەندین ڕووداوی گرینگی وەرزشی لە دنیادا بەڕێوەچوو، لەوانە یارییەکانی ئۆڵەمپیای ٢٠٢٤ پاریس لە وڵاتی فەرەنسا، جامی نەتەوەکانی ئەورووپا ٢٠٢٤ لە وڵاتی ئەڵمانیا، کۆپا ئەمریکا ٢٠٢٤ لە وڵاتی ئەمریکا، ئێمەش دوای توێژینەوەی زۆر کە لەگەڵ هاوکارانی خۆماندا کردمان، بەو دەرئەنجامە گەیشتین کە وەرزش بە ناونیشانی بابەت و دروشمی سەرەکی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك دەڵبژێرین».

**پێشکەش کردنی خەڵاتی «گەڵا مێویی زێڕین» بە براوەکان**

حەسەن عارف بەرپرسی ڕاگەیاندنی گشتیی یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دهۆك سەبارەت بە خەڵاتەکانی ئەم ڕووداوە سینەماییە گوتی: «لە لایەن ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبرکێی سینەمای کوردیی ئەم فێستیڤاڵەوە، تەندیسی گەڵا مێوی زێڕ و زێو، لەوحەی فەخری و خەڵاتی دە هەزار دولاری بۆ باشترین فیلمی سینەمایی، خەڵاتی پێنج هەزار دولاری تایبەتی ئەندامای لێژنەی دادوەران بۆ باشترین دەرهێنانی فیلمی سینەمایی، خەڵاتی چوار هەزار دولاری بۆ باشترین سیناریۆی فیلمی سینەمایی، خەڵاتی سێ هەزار دولاری بۆ باشترین ئەکتەری پیاو، خەڵاتی سێ هەزار دولاری بۆ باشترین ئەکتەری ژن، خەڵاتی پێنج هەزار دولاری بۆ باشترین بەڵگەفیلم، خەڵاتی ٨٥٠٠ دولاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی دهۆك بۆ باشترین کورتە فیلم بۆ پشتیوانی لە سازکردنی پڕۆژەی نوێی دەرهێنەری ئەم بەرهەمە، خەڵاتی دە هەزار دولاری تایبەتی ئەندامای لێژنەی دادوەران بۆ باشترین کورتە فیلم کە لە ناوچەی بادینان بەرهەم هاتووە، خەڵاتی دە هەزار دولاریی پارێزگاری دهۆك بۆ باشترین فیلمی سینەمایی فیلم کە لە ناوچەی بادینان بەرهەم هاتووە، خەڵاتی چوار هەزار دولاریی یەکێتی نووسەرانی کورد بۆ باشترین فیلمی کوردی کە لە دەرەوەی سنوورەکان ساز کرابێت و، هەروەها خەڵاتی سێ هەزار دولاریی ئەنستیتۆ «گۆتە»ی ئەڵمانی بۆ باشترین بەڵگەفیلمی کورت، پێشکەش دەکرێت.

**پردی پەیوەندیی نێوان دەرهێنەرە کوردەکان و سینەماکارانی جیهان**

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆك بە سەرۆکایەتی ئەمیر عەلی محەمەد تاهیر و بە دەرهێنانی هونەری شەوکەت ئەمین کورکی بە یادی سینەماکاری هەرمانی کورد «یەڵماز گۆنای» دەرهێنەری براوەی خەڵاتی گەورەی «چڵە خورمای» فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کان»ی فەڕەنسا ساڵی١٩٨٢ و بە مەبەستی پردی پەیوەندیی نێوان دەرهێنەرە کوردەکان و سینەماکارانی سەرتاسەری جیهان و، هەروەها ڕەخساندنی ئاڵوگۆڕی کەلتووریی نێوان نەتەوەکانی دنیا دامەزراوە.






شارا ئەکرەم

ناوبژیوانی نێودەوڵەتی تۆپی تێنسی سەرمێز:

# پەلەم نەکردوە لە بڕیارەکانمدا بۆ ئەوەی تووشی ڕەخنە نەبم

**لە وەرزشی تۆپی سەرمێزدا پارێزگای سلێمانی هەموو کات بەوە ناوی دەرکردووە کە لە یاریی تۆپی تێنسی سەرمێزدا خاوەنی چەندین کچ و کوڕە یاریزانی بەتوانایە و، لەسەر ئاستی عێراق خاوەن پێگەیەکی بەهێزن و کیبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن، بەڵام لە بواری ناوبژیوانیی یاریی تێنسی سەرمێزدا ئەم شارە پێشەنگە لە بوونی ئافرەتی بەتوانا بۆ بەڕێوەبردنی یارییە نێودەوڵەتییەکان و دەیانەوێ لە ڕێگە ئەم یارییەوە هەنگاوی گەورە بهاوێن بۆ بەرەو جیهانیبوون و بەڕێوەبردنی پاڵەوانێتییە جیهانییەکان، یەکێك لە ئافرەتە بەتواناکانی شارەکە کە دەتوانین بڵێین تاکە ئافرەتی وەرزشکاری بواری ناوبژیوانییە لە شارەکەدا «شارا ئەکرم عەبدوڵڵا»یە، شارا لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٨ی شاری سلێمانی و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی، پێشتر یاریزانی یانەکانی کەمال سەلیم و سلێمانی بووە، ئێستا لە بواری ناوبژیوانی تێنسی سەرمێزدا یەکێکە لە ئافرەتە بەتواناکانی عێراق و ئاسیا، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**



*** چۆن بڕیارتدا بواری ناوبژیوانی هەڵبژێریت؟**

- حەزێکی زۆرم بۆ یارییەکە هەبوو، ئەو کات قوتابیی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی بووم، بەشداریی چەندین خولیشم کردبوو، تا ئێستا کە بوومەتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی هەموو پلەکانی ناوبژیوانم بەدەست هێناوە.

*** بە بۆچوونی ئێوە ئافرەتان دەتوانن لە ناوبژیوانیی تۆپی سەرمێزدا سەرکەوتووبن؟**

- ئافرەت دەتوانێ لە هەموو بوارەکانی وەرزشدا، بەتایبەتی تۆپی سەر مێز سەرکەوتوو بێت، وەکو دەبینین ڕۆڵێکی بەرچاومان هەیە لە ناو کۆمەڵگەدا و شان بە شانی پیاوان هەم وەکو یاریزان هەم وەکو ناوبژیوان ڕۆڵ دەبینین.

*** هۆکاری چییە ئاستی ئەم یارییە بۆ کچان لە کوردستان وەکو پێویست نییە؟**


- هۆکار زۆرە کە ئاستی کچان وەکو پێویست نییە، ناتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە بڵێین یەکێتیی تۆپی سەرمێز ڕاهێنەری باش نییە، نەخێر ڕاهێنەری زۆر باشمان هەیە و یەکێتیی تۆپی سەرمێزیش زۆر هەوڵ دەدات، ئەمەش بە یەك لایەن ناکرێ، پێویستە کچانیش زیاتر هەوڵ بدەن و بێنە نێو ئەم یارییە و حەز و ئارەزوویان بۆی هەبێت، هەوڵ دراوە ئەم یارییە بەرەوپێش بچێت سەرۆکی یەکێتییە کە زۆر پاڵەوانێتی دەکاتەوە، ئاستی ئەم یارییە تا ڕادەیەك بەرەوپێش چووە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تێنسی سەرمێز بچێتە قۆناغێکی باشترەوە؟**

- خول و پاڵەوانێتی بکرێتەوە و پاڵەوانێتیی زۆریش هاتووەتە شاری سلێمانی، ئەوەش گرنگیی خۆی هەیە، کردنەوەی قوتابخانە بۆ ئەم یارییە زۆر گرنگە.

*** وەکو تاکە ناوبژیوانی ئافرەت لە کوردستان هەوڵت نەداوە یاریزانی زیاتر بهێنیتە نێو ئەم یارییە؟**

- بە دڵنیاییەوە پێم خۆشە، هەوڵم نەداوە، بەڵام ئافرەتانم هانداوە بۆ ئەوەی بێنە ئاستی ئێمە و وەکو ئێمە ببنە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و لەم تاقانییە ڕزگارم ببێت.





*** تۆپی سەرمێز لە کوردستان لە چ قۆناغێکدایە؟**

- لە قۆناغێکی زۆر باشە، ئەویش لە دوای میوانداریکردنی ئەو پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییانەی شاری سلێمانی و کردنەوەی خولەکان، ئاستی زۆر باشە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە قۆناغی باشتر.

*** بەرنامەی داهاتووت چییە وەکو ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی؟**

- ئێستا کە وایت باجم هەیە، ئەگەر تەمەن ڕێگە بدات هەوڵ دەدەم ببمە ناوبژیوانێکی جیهانی، هەوڵیش دەدەم بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەم کە بلو باجم هەبێت.

*** بریارت نەداوە تیپێکی تۆپی سەرمێزی کچان دروست بکەی خۆت و ڕاهێنەر بی، چونکە ڕاهێنەری ئافرەت کەمە لەم یارییەدا؟**

- نەخێر، هیچ بڕیارێکی لەم جۆرەم نەداوە، چونکە ئەوە لە توانای مندا نییە و بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە، من ناتوانم هەم ڕاهێنەر بم و ناوبژیوانیش بم، ئەوە کاری من نییە و بیریشم لێ نەکردووەتەوە.

*** کێشە وگرفتی ناوبژیوانی ئافرەت لە چیدا دەبینیت؟**

- من وەکو خۆم کە ناوبژیوانم و تاقانەشم لەم یارییەدا و لە هۆڵەکاندا بەردەوام دەبینرێم، زۆر سوپاس بۆ ناوبژیوان و هاوکارە پیاوەکانم، هیچ گرفتێکم نەبووە و زۆریش ڕێزم لێ دەگیرێت، چەندین یاریی گەورەم بەڕێوەبردوە و گرفتم بۆ دروست نەبووە، پەلەم نەکردوە لە بڕیارەکانمدا بۆ ئەوەی تووشی ڕەخنە نەبم.

*** داواکاری و پێشنیارت وەکو ناوبژیوانێك بۆ لایەنی پەیوەندیداری وەرزشی؟**

- داوا لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەم بۆ ئەوەی ئەم یارییە بەرەوپێشەوە بچێت، کە لە ئێستادا ئاستێکی بەرزی هەیە و قۆناغێکی باشی بڕیوە، لە ڕووی پاڵەوانێتی و ناردنی یاریزان بۆ دەرەوە و سەربازگەی باش و هێنانی ڕاهێنەری باش هاوکارمان بن، بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە باشتر بێت.

*** وەکو وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-هیواو و ئاواتم ئەوەیە هەمیشە یاریزانە کوردەکان ئاستی باش پێشکەش بکەن و بەرەوپێش بچن و بگەن بە ئاواتەکانیان.


***چ هەستێکت هەیە کە لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا وەکو کچە ناوبژیوانێکی کورد یارییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوە دەبەیت ؟**

- بەڕاستی هەستێکی یەکجار خۆشە کە وەکو تاکە ئافرەتێکی کورد لە کوردستانەوە بەشداری لە پاڵەوانێتیی ئاسیام کرد، لە قەتەر زۆر یاریی بەهێزم بەڕێوە برد، ئەوە هەستێکی خۆشە و جێگەی شانازییە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤارەی گوڵان بۆ بەردەوام خزمەتکردن و، هیوادارم وەرزش بگاتە ئاستێکی جیهانی لە کوردستان.

# چەند هۆکارێکی نا ئاسایی نەخۆشیی دڵ



ڕوونە کە خۆراکی ناتەندروست لەگەڵ کەمیی جوولە و کەمیی مەشقی وەرزشی هاندەرن بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، بەڵام چەند هۆکارێکی نا ئاسایی یان شاراوە کە گەلێك کەس پێیانەوە ئاشنا نین، هاندەرن بۆ نەخۆشیی دڵ، وەکو: گرفتەکانی ددان و پووك لە ڕێگەی پەیداکردنی هەوکردن لە لەشدا، کارکردن بە شیفت Shift work بەتایبەتی کارکردن لە کاتی شەودا کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش، دواکەوتن لە ترافیك هاوکات لەگەڵ ژاوەژاودا هۆکارە بۆ سترێس و زیادبوونی ئەگەری نۆرەی دڵ، وەستانی پێشوەختەی یەکجارەکیی سووڕی مانگانەی ئافرەت Early menopause واتە پێش تەمەنی ٤٦ ساڵی لە ئەنجامی دابەزینی ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، پرخە کە هاندەرە بۆ نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ و پەککەوتنی دڵ، هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر جۆری C، کەم خەوی، ناشادی لە ژیانی هاوسەرگیریدا، تەنیایی، چەوریی زیادی سك (ورگ)، زیاد دانیشتن بۆ هەر مەبەستێك، هەروەها مەشقی زۆر زیاد و توند.

# گرنگیی مەشقی وەرزشی لە تەمەنی ٦٥ و بەسەرەوە



مەشقی وەرزشی لە هەر تەمەنێکدا سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، بەڵام بۆ بەساڵاچووانی تەمەن ٦٥ و بەسەرەوە، زۆر گرنگە کە ڕۆژانە مەشقی وەرزشیی سەلامەت ئەنجام بدەن، چونکە لەگەڵ تەمەندا ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان بەرز دەبێتەوە. سوودە ڕاستەوخۆکان: باشتربوونی کوالێتیی خەو، سووککردنی هەستەکانی پەیوەست بە پەستی، هەروەها دابەزینی پەستانی خوێن. سوودە درێژخایەنەکان: کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە خڵەفان Dementia و نەخۆشیی ئەلزهایمەر، کەمکردنەوەی ئەگەری خەمۆکی، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، خۆپاراستن لە زیادبوونی کێشی لەش، بەهێزبوون و باشتربوونی تەندروستیی ئێسك، زیادبوونی توانا بۆ پشتبەخۆبەستن Independency بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی ڕۆژانە، بەهێزبوونی سیستمی بەرگریی لەش، پاراستنی هاوسەنگیی لەش لە کاتی جوولە و کەمکردنەوەی ئەگەری کەوتن، هەروەها خۆپاراستن لە تووشبوون بە هەشت جۆری شێرپەنجە وەکو: شێرپەنجەی کۆڵۆن، میزڵدان، گورچیلە، سییەکان، گەدە، لەگەڵ شێرپەنجەی مەمك و ناوپۆشی منداڵدان لە ئافرەتدا.

# ماددەی زیانبەخش لە ناو ئاوێتەکانی جوانکاریدا

هەر جۆرێك لە ئاوێتەکانی جوانکاری لیستێکی دوور و درێژ لە پێکهاتەی کیمیایی لەخۆدەگرێت، ئایا ئەم پێکهاتانە سەلامەتن بۆ تەندروستی؟ لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە تا ئێستا زیاتر لە ٤٥ ماددەی کیمیایی لە ئاوێتەکانی جوانکاریدا بە زیانبەخش و ماددەی ژەهراوی تۆمار کراون. نزیکەی ٨،٥٠٠ بەرهەمی جوانکاری یەکێك یان زیاتر لەم ماددانە لەخۆدەگرن، کە هۆکارن بۆ تێکچوونی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان، شێرپەنجە، لەگەڵ گرفتەکانی کۆئەندامی هەناسە، بۆنموونە فۆرمەلدیهاید، پارافۆرمەلدیهاید، میتیلین گلایکۆل، کواتێرنیەم Quaternium-١٥، جیوە، فتالەیتەکان Phthalates، پارابینەکان PFAS ،Parabens...تاد. بە پێی ڕاپۆرتەکانی سەنتەری ئەمریکیی خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC، لەم چەند دەیەی دواییدا بە هۆی ئەم ماددانەوە گرفتەکانی نەزۆکی و گرفتەکانی پەرەسەندنی منداڵ زیادیان کردووە، بەتایبەتی فتالەیتەکان کە لەم بەرهەمانەدا بە ڕێژەی جیاواز بەدی دەکرێن: پۆلیش یان بۆیەی نینۆك، سپرای قژ، هەندێك جۆری شامپۆ، کرێمی شێدارکەرەوەی پێست، ئاوێتەکانی لابردنی بۆنی ناخۆشی لەش Deodorants، پاوەدری منداڵ، سابونی منداڵی ساوا، لەگەڵ گەلێك لۆشنی لەش و بۆنی جیاوازدا.







# درۆنە بچووکەکەی DJI
# بە کوالیتی 4K وێنە دەگرێت

کۆمپانیای DJI یەکێکە لە بەرهەمهێنەرەکانی درۆنی فیلم هەڵگرتنەوە، نوێترین درۆنی بچووکی خۆی خستەڕوو کە بە جۆری DJI Neo ناسراوە. درۆنەکە زۆر بچووکە و زۆریش هەرزان باییە، کێشی سووکە و تەنیا ١٣٥ گرامە. کامێرایەکی ١٢ میگاپیکسیلی لەسەر دانراوە. هەستەوەرەکەی ١,٢ ئینجە. مەودای ناوەندی ١٤ ملمە. درۆنەکە دەتوانێت بە کوالیتی 4K و ٣٠ فریم لە چرکەیەکدا فیلم هەڵبگرێتەوە.

درۆنەکە لە گەیمپاڵێکی گۆشەی ٩٠ پلەیی سوود وەردەگرێت. دەتوانێت هەتا ١٨ خولەك بە ئاسماندا بێ شەحن کردن بفڕێت. خێراییەکەی ٨ مەتر لە چرکەیەکدایە کە لە ماوەی ئەو ١٨ خولەکەدا حەوت کیلۆمەتر دەتوانێت بفڕێت.



# وەرگێڕان بە دەنگی خۆت بە هەر زمانێك

وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ یەکێکە لە ئەرکە دژوارەکانی بواری ڕاگەیاندن، کاتێك کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هەیە، یا سەرۆکی وڵاتێك نیازی هەیە قسە بکات، یا خودی بەکارهێنەر نیازی هەیە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا کە بەردەنگەکانی زمانی جۆراجۆریان هەیە پێویستە ئەو دەنگە وەربگێڕدرێت. هەتا ئێستا مرۆیەك توانیویەتی ئەرکی وەرگێڕانی ئەنجام داوە و بەهۆی خێرایی ئاخێوەرەکە نەیتوانیوە بەباشی وەربگێڕێت.

وەرگێڕانی ژیریی دەستکردی مایکرۆسۆفت کە بە جۆری Teams Super Resolution ناسراوە، لە ساڵی داهاتوودا دەتوانێت ڕاستەوخۆ بە ٩ زمان کاری وەرگێڕان بکات و لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕەنگە هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان بگرێتەوە. وەرگێڕانەکەش بە دەنگی خودی ئاخێوەرەکە، واتە وەك ئەوە وابێت بەو زمانە قسە بکات. وەرگێڕانەکە بە ئەمانەتەوە دەکرێت و هیچ وتەیەك ناگۆڕدرێت یا ناپەڕێندرێت.

# داتاشۆ لەیزەری سامسۆن


داتاشۆ پێشووتر وەك ئامرازێك بۆ نیشاندان و خستنەڕوو بەبێ شاشە و لەسەر پەردەیەکی سپی سوودی لێوەردەگیرا و لەم دواییانەدا بەهۆی پێشکەتنی زیاتر وەك سینەمایەکی بچووك لە شوێنە گشتییەکان و ماڵەکان بەکار دەهێنرا.

کاتێك داتاشۆی لەیزەری بەرهەم هات، شوێنی تەلەڤزیۆنی گرتەوە. داتاشۆکان هەڵگرتنیان ئاسانە و پێویستیان بە شاشەیەکی وا نییە، هەموو پەردەیەکی سپی دەبێتە شاشە. لە داتاشۆی لەیزەریدا تەنانەت دەکرێت هەموو دیوارێکیش بکرێتە شاشە.

سامسۆنگ لەم ماوەیەدا داتاشۆی لەیزەری جۆری Premiere 9 خستەڕوو. داتاشۆیەکە بە کوالیتی 4K نیشان دەدات. مەودای نیشاندانی





## ـــــــگ داهێنانێکی سەردەمیانە

داتاشۆی ناوبراو ١٣٠ ئینجە.

دیمەنەکان وەك دیمەنێکی واقیعی دێنە بەرچاو، بینەر وا هەست دەکات لەناو جەرگەی دیمەنەکاندایە. ڕووناکییەکەی زیاتر لە ٣٤٥٠ لۆمێنە. بۆ نیشاندانی باشتر لە زیرەکیی دەستکرد سوود وەردەگرێت. ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و بەکارهێنەر دەتوانێت لە ئینتەرنێتەوە فیلمەکان وەربگرێت. زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی وەك نێت فلێکس، ئامازۆن و یۆتیوبی تێدایە. بەشێکی تێدایە بەناوی Custom Ambient بەهۆیەوە دەکرێت دیوارەکە وەك تابلۆیەکی جوانی سەرنج ڕاکێش لێبکەی. سپیکەرەکانی لەناو خۆیدایە و تەنانەت دەکرێت وەك ئامرازەکانی گەیم کردنی ئەلکترۆنیش سوودی لێوەربگیردرێت.

## ئامێرێکی جۆکەر

ئامرازەکانی وەك کیبۆرد، ماوس، جۆیستیك (دەسکی گەیم) ئەوانە هەرکام ئامرازی سەربەخۆن و بەکارهێنەر دەبێت بەجیا بۆ کۆمپیوتەر یا بۆ مۆبایل و تیڤیە زیرەکەکان دایان بنێت. کیبۆردی جۆری I8 Backlit ئامێرێکی جۆکەرە و تێکەڵە لە هەموو ئەو ئامرازانەی کە ئاماژەیان پێکرا.

کیبۆردەکە بچووکە، کێشەکەی تەنیا ٩٥ گرامە. ٩٢ دوگمەی تێدایە و دوگمەکانی تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی لە ڕیزی سەرەوەی دوگمەکانن، خودی کیبۆردەکە تایبەتە بەگەیم و زیاتر بۆ ئامێرەکانی گەیم بەکار دێت. تۆچ پەدی تایبەتی لەسەرە و لەبری ماوس کار دەکات. درێژاییەکەی نزیکەی ١٥ سانتە. کیبۆردەکە ئۆرگۆنۆمیکە و زیاتر بۆ بواری گەیم سوودی لێوەردەگیرێت.



# کیبۆردی دەستبەند

ئەو وێنەیەی کە لێرەدا دەیبینن، وێنەی کاتژمێرێکی سمارت یا کامێرایەکی دیجیتالی نییە، ئەمە کیبۆردێکە کە لەداهاتوودا ڕەنگە شوێنی کیبۆردی ئاسایی بگرێتەوە. ئامێری TapXR ناوی ئەو کیبۆردە ناوازەیە بە وتەی بەرهەمهێنەرەکەی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە کیبۆرددی کلاسیکدا.

کیبۆردە سەیر و ناوازەکە یەك دوگمەشی پێوە نییە، بەکارهێنەر دەتوانێت لە هەموو شوێنێك پەنجە دابگرێت و هەموو شتێك بکاتە دوگمەی کیبۆرد. لە ڕێگای بلوتوسەوە بە ئامێرەکانی وەك کۆمپیوتەر و مۆبایل پەیوەند دەدرێت. دوای ئەوە هەستەوەرەکانی ناو ئامێرەکە بەهۆی کامێرای سەرییەوە شوێن پەنجەکان دیاری دەکەن و بە داگرتنی هەر پەنجەیەك دەزاندرێت کە چ پیتێك تایپ دەکەی. کێشی تەنیا ١٤ گرامە. بەکارهێنەر دەتوانێت لە هەر شوێنێکدابێ تەنانەت لەکاتی ڕۆیشتنیش دابێ تایب بکات. هەر تەنیا کاری کیبۆرد ناکات بەڵکو ئەرکی ماوسیش ئەنجام دەدات. ٣٥ جوڵە دەناسێت و بە کەمتر لەیەك ٪١ هەڵە شوێن پیتەکان پێدەزانێت. خێرایی تایب کردنەکەی ٧٠ وشەیە لە خولەکێکدا.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن لەسەر فایلەکانی کۆمپیوتەر پەسۆرد دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر شێواز هەن بۆ دانانی پاسۆرد واتە وشەی نهێنی لەسەر فایل و فۆلدرەکان، وەك: دانانی پرۆگرامی تایبەت بە پاسۆرد و هەروەها شێوازی شاردنەوە و هێدن کردنی فایلەکان. یەکێکی دیکە لە شێوازەکانی دانانی پاسۆرد کە زۆریش ئاسانە، ئەوەیە کە پرۆگرامی WinRAR لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابنێی، دوای کردنەوەی پرۆگرامەکە لەبەشی Add file ئەو فایلانە هەڵبژێرە کە نیازت هەیە پاسۆردیان لەسەر دابنێی و دواتر Ok لێبدە، لەم بەشەدا بەشی set password لێبدە و پاسۆردەکەت دابنێ، بەڵام لەبەشی سەرەوەدا delete Faile دابگرە.

# ڕیمۆت کۆنترۆڵێک بۆ خانووە زیرەکەکان




بینا زیرەکەکان لە داهاتوودا شوێنی ئەو بینا و خانووانە دەگرنەوە کە ئێستاکە سوودی لێوەردەگرین، بینای زیرەك بەو بینایانە دەگوترێت کە گشت ئامێرەکان لە ڕێگای ڕیمۆتەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. ڕیمۆت کۆنترۆڵێك بەناوی Haptique بەرهەم هاتووە کە بۆ گشت ئامێرێك ئەوەی پێویستی بە ڕیمۆت دەگونجێت. لەماڵدا تەنیا ئەو ڕیمۆتەت هەبێت پێویستیت بە هیچ ڕیمۆتی دیکە نییە. گلۆپەکان، ئامێرەکانی ساردکردنە و گەرمکردنەوە، بەفرگرە زیرکەکان، تیڤییە هۆشمەندەکان، کردنەوە و داخستنی دەرگا و پەنجەرە و پەردەکان هەمووی بەو ڕیمۆت کۆنترۆڵە دەکرێت. شاشەیەکی بچووکی هیەە و لەسەر شاشەکە ئامێری مەبەست دەبنیەوە، دوای ئەوە ڕاستەوخۆ دەکرێت کۆنترۆڵی بکەی. لەسەر شاشەی ڕیمۆتەکە گشت زانیاری لەبارەی ئامێرەکە هەیە، بۆ نموونە کاتێك کەناڵێکی تیڤی دەکەیەوە، ناوی کەناڵەکە و زانیاری سەبارەت بە پرۆگرامی بڵاوکردنەوەکە لەسەر شاشەکە نیشان دەدات، یان کاتێك کۆنترۆڵی سپلیت دەکەی، پلەکانی سەردی و گەرمی و زانیارییەکانی دیکە لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێت. ڕیمۆت کۆنترۆڵی ئاماژە بۆ کراو هەتا ئێستا بەهێزترین ڕیمۆت کۆنترۆڵە کە بەرهەم هاتبێت و گشت ئامێرەکان لە خۆبگرێت.



# پرۆگرامێکی تایبەت بە دیزاینی دیکۆرات

نەخشەسازی دیکۆراتی کەلوپەلی ماڵەوە، یەکێکە لە نەخشەسازییە گرنگەکان و هەمان بایەخی هەیە کە نەخشەسازی بینا و خانووبەرە هەیەتی. بۆ نەخشەسازی دیکۆرات چەندین پرۆگرام هەن کە ئەو ئەرکە بەئاسانی جێبەجێ دەکەن، یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Chief Architect Premierە. بەهۆی پرۆگرامەکە بە ویستی خۆت دەتوانی رەنگ و نەخشەسازی لە دیوارەکاندا بکەی. نەخشەسازی دەرگا و پەنجەرەکانیش بە شێوەیەکی زیرەکانە جێبەجێ دەکات. دیزاینی ناوژوورەوە هی هەموو بەشەکانی وەك دەرگا و پەنجەرە و دیوار و میچ و چۆنییەتی دانانی مێز و کورسی و قەنەفە و هەموو شتێك بەهۆی ئەو پرۆگرامەکە دەکرێت. بەکارهێنەر دەتوانێت دیزاینی ناو ژووری چێشتخانە وەك کەونتەر بە رەنگ و ستایلی جیاواز بکێشێتەوە. یەکێکە لە پرۆگرامە هەرە گرنگەکانی ئەو بوارە، ئاسانکارییەکی تەواو دەکات بۆ ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە نەخشەسازیدا نییە.







## ماڵپەڕێکی ژیری دەستکرد وێنە دەکاتە فیلم

ژیریی دەستکرد رۆژ بە رۆژ داهێنانی نوێ دەکات و خزمەتگوزاری نوێ و ئاسانکاری نوێ دێنێتە گۆڕێ. یەکێك لەو ماڵپەڕە نوێیانەی ژیریی دەستکرد کە بەراستی نوێگەری و داهێنانی تێدایە ماڵپەڕی vidu.studio یە. جگە لە ماڵپەڕ خزمەتگوزارییەکە ئەپێکی تایبەت بە مۆبایلیشی هەیە. ئەرکی ماڵپەڕەکە ئەوەیە کە وێنە دەکات بە ڤیدیۆ. دەتوانی سێ وێنەی تایبەتی هەڵبژێری و مەبەستەکەی خۆت لە بۆکسێك کە بۆ ئەو مەبەستە دانراوە بنووسی، بۆ نموونە سێ وێنەی (خۆت، هاوڕێکەت و گوڵێك) دابنێ و ڤیدیۆیەکەت پێدەبەخشێ کە خۆت گوڵێك بە دیاری دەدەی بە هاوڕێکەت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە دوو ڕوون و هەڤاڵانی خۆیان تووشی کێشە و گرفت دەکەن، لە هەمان کاتیشدا وێنەی دەگرن و ناوبانگی دەزڕێنن.



## دیمەنە سەیرەکان

**درەختی بیرکردنەوە**

درەختی بیرکردنەوە، دارزەیتونێکە دەکەوێتە ناوچەی پوگلیا لە ئیتاڵیا، پێی دەگوترێت «داری بیرکردنەوە» چونکە سیمای لە کەسێك دەچێت کە نوقم بووە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا.





## کۆشکێکی شاهانە لە بیابان

ئەم کۆشکە یەکێکە لە کۆشکە ناودارەکانی جیهان، دەکەوێتە ناوەندی بیابیانێکی چۆل و گەورە و بە یەکێك لە سەیرترین کۆشکەکانی جیهان دادەنرێت، ئەو کۆشکە ناوی (دراع)ـە، دەکەوێتە دڵی بیابانی تیمیمۆنی جەزائیر، ئەمە بەشێکە لە زنجیرەیەك کۆشکی شێوە بازنەیی لە ناوچەی قەوراره و پایتەختەکەی تیمیمۆنەوە دەست پێدەکات. ئەم کۆشکە لە سەدەی شەشەمی کۆچی، لە دەوروبەری ساڵی ١١٠٠ی زایینی دروست کراوە، یەکێکە لەو حەوت کۆشکەی کە پێیان دەگوترێت «کۆشکەکانی بەسالم».

## یاسا



**ئاشتەوایی - الصلح**

لە چوارچێوەی یاسادا بە شێوەیەکی گشتی ئاشتەوایی و ڕێککەوتن ڕێگەپێدراوە و ناکۆك نییە لەگەڵی، ڕێسای یاساییش هەیە لەم بارەیەوە (الصلح سید الاحكام) ئاشتەوایی گەورەی بڕیارەکانە، بەڵام هەندێك مەرج هەن پێویستە تیایدا ڕەچاو بکرێن، ئەوانیش:

١- دەستدرێژی بۆ سەر مافی گشتیی تێدا نەبێت.
٢- دەستریژیی تێدا نەبێت بۆ سەر مافی تایبەتی کەسانی دیکە.
٣- کردەوەیەکی تێدا جێنەکرێتەوە کە بەگوێرەی یاسا بە تاوان ئەژمار کرابێت.

لە چوارچێوەی جەزائی/

لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنە سزاییەکاندا (١٧) جار وشەی ئاشتەوایی (صلح) ناوی هاتووە، لەم چوارچێوەیەدا یاسا هیچ ناکۆکییەکی نییە لەگەڵ ئاشتەوایی نێوان کەسەکاندا، بە تایبەت لەو تاوانانەی کە لە مادە (٣)ی یاسای ناوبراودا هاتوون، کە جووڵاندنیان لەسەر سکاڵای تاوانلێکراو وەستاوە، لەوانە «زینای هاوژینی و فرەژنی پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای باری کەسیەتی، جوێندان، هەڕەشەکردن، ڕاماشتن کە زۆربەی خەڵکی بە بوختان ناوی دەبەن، ئازاردان، ئاشکراکردنی نهێنیی، تێکدان و لەناوبردنی سامان».. و تادوایی.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر لە لایەنی داراییەوە هەر بڕیارێکت دا، پێویستە زۆر وریا بیت، وزەیەکی زۆرت هەیە و لە لایەنی پیشەییەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، سوود لە کاتەکانت ببینە و خۆت بە چەند شتێکی بێ سوودەوە سەرقاڵ مەکە، بۆ ئەوەی پەیوەندیی سۆزدارییت بەرەو باشتر بەریت، پێویستە زیاتر هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت دەربخەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

تەندروستییەکی باشت هەیە و دەتوانیت کارەکانت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆر باشە، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە بە ژیرانە هەڵسوکەوت دەکەیت لەگەڵیدا، چەند هەواڵێکی خۆشت پێدەگات، کە وا دەکات هەست بە دڵخۆشی بکەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕەنگە تەندروستیت زۆر باش نەبێت، بۆیە سەخت دەبێت بتوانیت بە تەواوی سەرنجت لەسەر کارەکەت بێت، بۆ ئەوەی تەندروستیت باشتر ببێت پێویستە پشوو وەربگریت و کات بۆ وەرزشکردن تەرخان بکەیت، کێشە سۆزدارییەکانت بە ڕێگەیەکی ژیرانە چارەسەر بکە، دەنا کێشەکەت گەورەتر دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


لە لایەنی پیشەییەوە دۆخەکە بە خواستی تۆیە، دەتوانیت کارەکانت بە باشی ئەنجام بدەیت، نیگەران مەبە بۆ ئەو کێشانەی لە ژیانی تایبەتیتدا ڕووو دەدات، بەم زووانە هەموو شتێك چارەسەر دەبێت، هەندیك کات تەرخان بکە بۆ ئەوەی لە ڕۆتینی ڕۆژانە بڕۆیتە دەرەوە، تەندروستیت باشە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی سۆزدارییەوە چەند ناکۆکییەك لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت ڕووو دەدات، ئەگەر بچوکترین شت فەرامۆش بکەیت، کێشەی نێوانتان گەورەتر دەبێت، لە لایەنی پیشەییەوە بەهۆی هەندێك هۆکارەوە ڕەنگە نەتوانیت کارەکانت بەباشی ئەنجام بدەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕەنگە ئەم ماوەیە لە لایەنی تەندروستییەوە هەست بە باشی بکەیت، لەم کاتەدا خۆشەویستەکەت فەرامۆش مەکە و گرنگیی پێبدە، لە لایەنی پیشەییەوە جگە لە کارەکەت بایەخ بە هیچ شتێك مەدە، ئەگەر بە ڕاستی سەرکەوتنت دەوێت.




بۆ زانیاریت


## گرفتی یاسای هەبڵ

لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، دوای بڵاوبوونەوەی بیردۆزی ڕێژەیی گشتیی ئاینشتاین، تیگەیشتنمان بۆ گەردوون گۆڕا. هەر لەو سەردەمەدا بوو سەرنج درا کە گەردوون لە کشاندایە، لەوێدا یاسای هەبڵ دەرکەوت و تێیدا دەڵێت: چەندی گەلەئەستێرەکان لە ئێمە دوورتر بن، سوورەخزەیانred-shift زۆرترە، کەواتە ئەوانەی لیمان دوورترن، لە چاو ئەوانەی لێمان نزیکن، بە خێراییەکی زۆرتر لێمان دوور دەکەونەوە، بۆیە سوورەخزەیان زۆرترە. بەو پێیە چەندی بەرەو سنووری گەردوون بڕۆین، دەبینین خێراتر بە هەموو ئاراستەیەکدا لەبەریەك دەکشێ. هاوکێشەکەی کە «ئێدوین هەبڵ» داینا، دەڵێ خێرایی دوورکەوتنەوەی تەنەکان دەکاتە ئەنجامی لێکدانی نەگۆڕی هەبڵ لەگەڵ دووریی تەنەکە لە ئێمەوە. بۆ پێوانی نەگۆڕی هەبڵ دوو ڕێگە هەیە، ئەو دوو ڕێگەیە دوو ئەنجامی جیاواز دەدەن بەدەستەوە، بۆیە ناتوانین دڵنیابین کام ڕێگەی دۆزینەوەی نەگۆڕی هەبڵ دروستە. گرفتێك لە گەردووندا هەیە، بەڵام گرفتەکە لە گەردوون خۆیدا نییە، بەڵکو لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی گەردوونە کە نازانرێت تەمەنی گەردوون چەندە و چۆن دروست بووە. لە سەروو ئەوانیشەوە، دەزانین گەردوون لەبەر یەك دەکشێ و تا دێ گەورە دەبێت نەگۆڕیی هەبڵیش پێمان دەڵێ لە هەر کاتێکی دیاریکراودا، لە هەر خاڵێکی گەردووندا، بە کام خێرایی لەبەریەك کشاوە. چەندی ئەو نەگۆڕەی هەبڵ گەورە دەبێ، واتا تەمەنی گەردوون بچووکتر بووە.



## پەند و وتە

ئەلیساندرۆ باریکۆ، نووسەری ئیتاڵی لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری تورین ئیتاڵیا لەدایکبووە، هەروەها چەندین ڕۆمانی لەسەر زمان نووسیوە، دەربارەی ئازارەکان دەڵێ: ئازار و مەینەتییەکی ناخۆشە، ئەو کاتەی هەست بەو خۆشیە خەیاڵیە دەکەیت، کە هەرگیز نابێتە راستەقینە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند بەردێك هەن، لە نێو بەردەکاندا وێنەیەك هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بزانیت وێنەکە چییە و کێیە.

فیلم

## Brothers - برایەکان




فیلمێکی کۆمێدی و ئەکشنە، باس لە دوو برای تاوانبار دکات، دەیانەوێت خۆیان چاك بکەن، دواتر تووشی چەندین کێشە دەبنەوە لە میانی چاککردنەوەی خۆیان، لەوانە شەرکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانەوێت لێیان جیا ببنەوە، ئەم فیلمە لە ساڵی ٢٠٢٤ بەرهەم هێنراوە، لە دەرهێنانی ماکس بارباکاو، نووسینی کویان تران، ماوەی فیلمەکە یەك و ٢٨ خولەکە، لە نواندنی: پیتەر درنکلاج، جۆش برۆلین، برێندان فرێزەر، گلین کلۆز، تایلۆر پایج، ماریسا تۆمی.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی داراییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت، ڕەنگە ناکۆکی لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت ڕوو بدات، پێویستە لە نێوان پیشەکەت و خۆشەویستەکەتدا هاوسەنگی ڕابگریت و کات بۆ ئەویش تەرخان بکەیت، ڕۆژێکی پڕ لە سترێس دەبێت بۆت، دەکرێت وەرزشکردن یارمەتیی ئارامکردنەوەت بدات.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دەتوانیت پلانێکی گرنگ دابنێیت بۆ داهاتووت، بە ئەگەری زۆرەوە ئەنجامێکی باشی لێ دەکەوێتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە پێویستە زیاتر خۆت ماندوو بکەیت، چونکە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەت لەسەر شانە، هیچ کاتێکت بۆ خۆت نییە باشترە خۆت فەرامۆش نەکەیت، ئەگەر دەتەوێت کێشە سۆزدارییەکانت چارسەر بکەیت پێویستە چەند ڕۆژێك بوەستیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەگەر پلانی گەورە بۆ کارەکانت دابنێیت و لە ئەمڕۆوە ئەنجامی بدەیت، ئەنجامەکەی دڵخۆشکەر دەبێت، ژیانی تایبەتیت پڕە لە خۆشەویستی، ئەمەش وای کردووە کەمتر هەست بە سترێس بکەیت، ئەمڕۆ وزەیەکی ئەرێنیی زۆرت هەیە، باشترە کاتەکانت لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکەت بەسەر بەریت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە لایەنی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندیتان لە ئاستێکی زۆر باشدایە و هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی سەخت دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو پەستانە کەم بکەیتەوە، هەوڵ بدە سەرنجت لەسەر کارەکەت بێت و کارەکانت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨


گۆڕانکاری لە ژینگەی کارەکەتدا ڕوو دەدات، متمانەت بە خۆت هەبێت و مەترسە لەوەی گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، ڕۆژێکی باش دەبێت لە لایەنی سۆزدارییەوە، هیچ کێشەیەك لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا ڕوو نادات، لە لایەنی داراییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

دەتوانیت چەند بڕیارێکی گرنگ بدەیت لە لایەنی پیشەییەوە، بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانت بگەیت پێویستە گۆڕانکاری لە پلانەکەتدا بکەیت، بەهۆی سەرقاڵیتەوە چانسی ئەوەت نابێت کاتێك زۆر لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر بەریت، کێشە تەندروستییەکانت چارەسەر دەبن.










بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
December 2, 2024 Issue,No.1441

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی -٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591
www.time-net.net
khabat stree, Erbil,Iraq

